ژمارە (436) دووشەممە 2016/12/12 - 21ی سەرماوەز 2716 (750) دینار

# وەبەرهێنەرانی کورد روو دەکەنە ئێران

**رووداو- سلێمانی**

یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ئاشکرای کرد ژمارەیەک وەبەرهێنەری کوردستان بۆ کاری وەبەرهێنان روویان لە ئێران کردووە. ئەو پێشبینی کرد لە دوو مانگی داهاتوودا کۆچی وەبەرهێنەران بۆ ئەو وڵاتە روو لە زیادبوون بکات و ئەوەشی وەکو مەترسی وەسف کرد.

رۆژی 2016/12/12 کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەمەبەستی راکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی بۆ ئەو وڵاتە دەستی بە کارەکانی کرد کە شاندێکی باڵای وەبەرهێنەر و بازرگانانی هەرێمی کوردستانیش تێیدا بەشدار بوون.

یاسین مەحموود، پێیوایە ئەو کۆنفرانسەکەی کرماشان رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ راکێشانی وەبەرهێنەرانی کوردستان و گوتیشی "پێشبینی دەکەین لە داهاتوودا 30%ی وەبەرهێنەرانی کوردستان روو لە ئێران بکەن".

ئەوەی بەلای یاسین مەحموودەوە جێی سەرنجە، زۆربەی وەبەرهێنەرانی کوردستان کە بانگهێشتی ئەو کۆنفرانسە کراون، خەڵکی سلێمانی و گەرمیانن و گوتی "ئەوەش پەیوەندی بە نزیکایەتی جوگرافی ئێران لە سلێمانی و گەرمیانەوە هەیە، جگە لەوەش پەیوەندی پارتە سیاسییەکانی سلێمانی لەگەڵ ئێران باشە".

«7

## بەهۆی کۆسرەت رەسوڵەوە کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی دواکەوتووە

3

فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق بۆ (رووداو):

## ماددەی 10ی بودجەی عێراق، بۆمبێکی گەورەیە بۆ کوردستان دانراوە

5

## ئیسلامییەکان چاویان لە 25 کورسی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانە

3

## داوا دەکات ئێران لە هەرێمی کوردستان دەربکرێت

جەی گارنەر، یەکەم حاکمی ئەمریکی لە عێراق بۆ (رووداو):

# عێراق بووکەڵەیەکە بە دەست ئێرانەوە

« 4



## سوێد کۆچبەرانی کورد بە دەست و چاوی بەستراوەوە دەنێرێتەوە

« 11

راپۆرتە هەواڵ 2

### دوو دەستگیراندار پێکەوە دەخنکێن



ژنان 14

تازەترین رووپێوی:

### لە شەش هەزار کچ 33%یان خەتەنەکراون

راپۆرتە هەواڵ 2

### کتێبێک بە سوێدی لەسەر کچێکی کورد دەنووسرێ




ئابووری 8

### ئەسپێک لە کوردستان بە 100 هەزار دۆلار دەفرۆشرێت



## بکوژی مینا لەسێدارە درا

**رووداو- دهۆک**

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند، شەوی 2016/12/10، سزای لە سێدارەدان بەسەر (عەبدوڵلا.ح.ع) بکوژی مینا مێڤان محەممەدی تەمەن 18 مانگدا جێبەجێکراوە، دوای ئەوەی هەموو رێکارە یاساییەکان تەواوکراون. مێڤان محەممەد، باوکی مینا بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "من لەبارەی لەسێدارەدانی بکوژی کچەکەم ئاگادارکرامەوە و ئەو رۆژە بە رۆژێکی پیرۆز دەزانم، کە ئەو بە سزای خۆی گەیشت". رۆژی 2016/6/9 کچێکی تەمەن 18 مانگ بە ناوی مینا مێڤان محەممەد، دانیشتووی گەڕەکی سەرهەڵدانی شاری دهۆک دیارنەما. دوای 10 رۆژ تەرمی مینا بە پارچە پارچەکراوی لە گوندەکەی خۆیان (بەرئاشی) دۆزرایەوە.



# دوو دەستگیراندار پێکەوە دەخنکێن



**یوسف موسا**
**رووداو- زاخۆ**

وا بڕیار بوو دوای 15 رۆژی دیکە زەماوەند بکەن، بەڵام قەدەری ئەوان وابوو لە ژوورێکدا پێکەوە بخنکێن.

رۆژی 2017/12/8 هەوار عەبدولکەریم و دلڤین موحسین، کە ئامۆزای یەکدی بوون و زیاتر لە سێ مانگ بوو دەستگیراندار بوون، لە گوندی خێزاڤای سەر بە ناحیەی باتیڤا لە ژوورێکدا بە گازی یەکەم ئۆکسید خنکان.

رۆژهات ئیدریس، ئامۆزا و هاوڕێیەکی نزیکی هاوار بووە، هەندێ زانیاری لەبارەی خنکانی هاوار و دەستگیرانەکەی بە (رووداو) دا و گوتی "کاژێر حەوتی ئێوارەی رۆژی 2017/12/8 بە ئاگاداری خێزانی هەردوولا (هاوار و دلڤین) سەفەرێک بۆ گوندی خیزاڤای سەر بە ناحیەی باتیفا لە قەزای زاخۆ دەکەن". وەک ئامۆزاکەی دەڵێت "کاژێر بوو بە 9:30ی شەو باوکی هاوار پەیوەندی پێوەکردین و گوتی هەرچی زووە بەدوای هاواردا بڕۆن، چونکە قەت هێندە دوانەکەوتووە".

شێرزاد عەبدولکەریم برای هاوار یەکەم کەس بووە کاژێر 10:30ی شەو گەیشتووەتە ئەو شوێنەی دوو دەستگیرانەکەی لێبووە. رۆژهات ئیدریس گوتی "کاتێک برای هاوار دەرگای ئەو ژوورە دەکاتەوە کە هاوار و دەستگیرانەکەی تێدا بوون، ژوورەکە پڕ بووە لە دووکەڵ. هاوار و دلڤین لەسەر زەوی کەوتبوون،، هەوڵی دابوو براکەی و دەستگیرانەکەی دەربهێنێ ئەویش لەبەر زۆریی گاز و دووکەڵەکە لە هۆش خۆی چووبوو".

شێرزاد هەروەها گوتی "کە بەهۆش هاتمەوە یەکسەر رامکردە دەرەوە و چەند گوللەیەکم تەقاند، بۆ ئەوەی خەڵک بەهانامانەوە بێن، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی گوندەکان زوو دەخەون کەس نەهات و ناچاربووین دواتر لە رێگەی کەسوکاری خۆم هەردووکمان گواستنەوە بۆ نەخۆشخانەی زاخۆ".

ئەمیر عەلی، بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستیی زاخۆ بە (رووداو) گوت "بەپێی راپۆرتی دادپزیشکی ئەو دوو دەستگیرانداره کە گەیەنراونەتە نەخۆشخانە، هاوار هێشتا دڵی لە لێدان نەکەوتبوو".

بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە زاخۆ تەنیا لەم ساڵەدا ئەمە سێیەمین رووداوی خنکانی هاووڵاتیانە بە گازی ژەهراوی.

پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کردووە. رائیدی مافپەروەر هێمن سلێمان، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند "هیچ گومانێکمان نییە لە رووداوەکە و تیمەکانمان سەردانی شوێنەکەیان کردووە".

هاوار تەمەنی 26 ساڵ بووە، پێنج برا و سێ خوشکی هەبوون، دلڤینی دەستگیرانیشی کە ئامۆزای بووە، تەمەنی 18 ساڵ بووە و حەوت خوشکی هەبووە، بەڵام هاوار و دلڤین لە خوشک و برایەکانی خۆیان بچووکترینن، زیاتر لە سێ مانگ بوو گرێبەستی هاوژینیان لە دادگای باری کەسی لە زاخۆ تۆمارکردبوو.

شێرزاد گوتی "ئەوان پلانیان دانابوو دوای 15 رۆژی دیکە زەماوەند بگێڕن، بەڵام بەداخەوە ئاهەنگیان نەکرد و ماڵئاواییان لێکردین، خۆشییان لێ کردین بە شین".




# حیجابی کچێکی کورد
# رۆژنامەنووسێکی سوێدی دێنێتە کوردستان

**راوچی حەسەن**
**رووداو- هەولێر**

کچێکی کورد، بەهۆی حیجابەکەیەوە سەرنجی رۆژنامەنووسێکی سوێدی رادەکێشێت و وای لێدەکات چەند جارێک سەردانی کوردستان بکات و کتێبێک لەبارەی کوردستان و کتێبێکیش لەبارەی ئەو کچە بەزمانی سوێدی بنووسێ.

شەیما جەلال، 23 ساڵ، لەدایکبووی سلێمانییە، ماوەی 9 ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی لە سوێد دەژین. شەیما لەچک لەسەر دەکات و لەچکەکەشی سەرنجی رۆژنامەنووسێکی سوێدی رادەکێشێ، ئەوەش وای لێدەکات ماوەی چوار ساڵ بەدواداچوون بۆ ژیانی شەیما بکات.

چیرۆکی شەیما بە وێنەیەک دەستپێدەکات کە لەلایەن رۆژنامەنووسێکی سوێدییەوە بەناوی ستێن لۆندبێری، لە شوێنی کارەکەی شەیما گیراوە. شەیما لە خانەیەکی بەساڵاچووان‌دا لە خولێکی هاوینەدا لە بواری ئای تی، یارمەتیی بەساڵاچووانی دەدا.

شەیما لەبارەی وێنەکەوە دەڵێت "وێنەکە بە لەچکەوە بوو، سەرنجی ستێنی راکێشابوو، ویستبووی لە شێوازی ژیانم تێبگات، ئایا من کێم و بۆچی ئاوا بەو شێوەیە دەرکەوتووم. پاشان چەندین پرسیاری لەبارەی وێنەکە لێکردم".

دوای ئەوەی شەیما و ستێن یەکدی دەناسن، لەرێگەی فەیسبووکەوە قسە دەکەن و لەبارەی لەچکەکەی شەیما و کوردستان و کولتووری کوردستان پرسیار لە شەیما دەکات، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت "من کوردم و خەڵکی هەرێمی کوردستانم، ئەو لەچکەشم بۆیە کردووە، چونکە ئاینەکەم ئیسلامە و دەبێت لەچک بکەین".

ستێن بە شەیمای گوتووە "وا دەزانم کوردستان وەک پیاوی پیر وایە، بەم شێوەیە دێتە بەرچاوم، یان وەک شوێنێکی تاریک کە نازانم چی لێیە و کێی تێدا دەژی، بۆیە دەبێت زیاتر ئاشنای ئەو شوێنە بم کە تۆ باسی دەکەی".

رۆژنامەنووسە سوێدیەکە حەز دەکات بچێتە ماڵیان، شەیما دەڵێت "بانگم کرد بۆ ماڵەوە بۆئەوەی زیاتر شارەزای کولتوور و ژیانی ئێمە ببێت". بەڵام هێشتا ستێن قەناعەتی نایەت و بەردەوام دەبێت لە گەڕان و پرسیارکردن بەدوای کورد و کولتووری کوردییەوە و بڕیار دەدات لەگەڵ شەیما پێکەوە سەردانی کوردستان بکەن.

مانگی حوزەیرانی 2014 شەیما و ستێن بەیەکەوە دێنە کوردستان، بەڵام پێشتر ستێن کچێک دەناسێت بەناوی (تاڤان ئاکۆ) کە چالاکوانی پرسی ژنانە و لە شاری سلێمانی کار دەکات. ستێن لەگەڵ شەیما و تاڤان سەردانی چەند شوێنێک دەکەن و دەچن بۆ سەردانی هێزێکی پێشمەرگەی ژنان سەر بە هێزەکانی 70 و لەوێ چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند ئافرەتێک دەکات و لەبارەی ژیان و شێوازی ژیانیان پرسیاریان لێدەکات.

ستێن و شەیما دوو هەفتە لە کوردستان دەمێننەوە. دوای گەڕانەوەیان بۆ سوێد، ستێن گەشتەکەیان بۆ کوردستان دەکاتە کتێبێک و بڵاوی دەکاتەوە.

کاتێک هەموو شتێکت دەخەیتە مەترسییەوە - فێمینیزم لە کوردستان (Att riskera allt- Feminism i Kurdistan) ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە رۆژنامەنووس و وێنەگر ستێن لوندبێری بە هاوکاریی تاڤان ئاکۆ چالاکوانی پرسی ژنان نووسیویەتی. ئەم کتێبە ساڵی 2016 لەچاپ دراوە و باسی کورد و رۆڵی ژن دەکات لە هەرێمی کوردستان.



بەگوتەی شەیما، بەشێکی سەرەتای کتێبەکە باس لەو وێنەیە دەکات کە یەکەمجار رۆژنامەنووسە سوێدییەکە گرتوویەتی و دواتر باسی کەسوکارەکەی شەیما دەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چوار جاری دیکە هاتووەتەوە کوردستان و چەند وێنەیەکی گرتووە و لە کتێبەکەدا کۆیکردووەتەوە، دواتر رۆژنامەنووسەکە لەرێگەی پێشانگایەکەوە وێنەکانی فرۆشتووە و پارەکەی ناردووەتەوە بۆ ئاوارەکانی کوردستان.

ستێن هەروەها کتێبێکی لەبارەی ژیانی شەیما نووسیوە بەناونیشانی: ئایا من بووم بە سوێدی، یان؟ ("håller jag på att bli svensk، eller).

ستێن لوندبێری، رۆژنامەنووسە سوێدییەکە، لەبارەی نووسینی کتێبەکە و ئەو وێنەیەی کە سەرنجی راکێشابوو، بە (رووداو)ی گوت "من مەراقم بوو بزانم ئەو کچە بۆچی ئەو لەچکەی کردووە، ئەوە چ مانایەکی هەیە".

شەیما، باسی کتێبەکە دەکات و دەڵێت "لە کتێبەکەدا پرسیاری لێکردووم ئایا تۆ بۆچی لەچک دەکەی؟ بۆچی تۆ خوایەک دەپەرستی کە دیار نییە؟ چۆن بووی بە سوێدی؟ دایک و باوکت لەگەڵت چۆنن؟ ئایا بۆچی تاوەکو ئێستا شووت نەکردووە و خەڵکی چی لەبارەی تۆوە دەڵێن؟".

ئەو وێنەیەی سەرنجی ستێنی راکێشاوە، کراوەتە بەرگی کتێبەکە. شەیما دەڵێت "ستێن لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا باس لە ئاین و کولتووری من دەکات، باس لە ژیانی برایەکی خۆم دەکات کە کەمئەندامە، هەروەها باسی سەرەتای هاتنمان بۆ سوێد دەکات، باسی ئەوە دەکات کە چۆن بووین بە سوێدی".

شەیما خەون و ئاواتی زۆرە و دەیەوێت لە داهاتوودا کار بۆ ئافرەتان بکات. لەوبارەوە دەڵێت "سوێد بۆ من وڵاتێکی پڕبەرهەم بووە، بەڵام ئەگەر لە کوردستان بوومایە ئێستا شووم کردبوو".

## لە ماوەی یەک مانگدا

# سێ جار هەوڵی شکاندنی زیندانی کۆیە دەدرێ

**عومەر چاوشین**
**رووداو- کۆیە**

بەڕێوەبەری بەندیخانەی گرتن و گواستنەوەی کۆیە ئاشکرای کرد کە زیندانیانی گرتووخانەی گرتن و گواستنەوەی کۆیە لەماوەی مانگێکدا سێ جار هەوڵیان داوە زیندانەکە بشکێنن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

عەقیدی پۆلیس شۆڕش کاکە فەتحوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (رووداو)ی راگەیاند، لە سەرەتای مانگی رابردوو تاوەکو سەرەتای ئەم مانگە سێ جار هەوڵی شکاندنی زیندانی گرتن و گواستنەوەی کۆیە دراوە، بەڵام شکستیان بە هەرسێ هەوڵەکە هێناوە.

شۆڕش کاکە فەتحوڵڵا کە دوو مانگە ئەو پۆستەی وەرگرتووە، باسی هەوڵی زیندانیانی کرد بۆ شکاندنی زیندانەکە و گوتی "ویستوویانە لە رێگەی مشاری ئاسنبڕ زیندانەکە بشکێنن. بۆ ترساندنی پاسەوانەکانیش دەمانچەی پلاستکییان بەکارهێنابوو، هەروەها ویستبوویان لە رێگەی حەبەوە پاسەوانەکان بێهۆش بکەن، بەڵام لە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون".

سەبارەت بەو گیراوانەی هەوڵی شکاندنی زیندانەکەیان دابوو، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە گوتی "لەلایەن چەند گیراوێکەوە بوو کە بە تۆمەتی کوشتن دەستگیرکراون".

بە گوتەی بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە، دوای ئەو هەوڵانە، هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینیان لە نێو زیندانەکەدا کردووە و هەر شتێک گومانیان لێی هەبووبێ، دەستیان بەسەردا گرتووە. پاسەوانیی زیندانەکەشیان توندوتۆڵ کردووە، بۆ ئەوەی هەوڵی لەو شێوانە دووبارە نەبنەوە.

عەمید شۆڕش گوتی "رێوشوێنی ئەمنیمان توند کردووە، ئێستا وەکو دوو ساڵی رابردوو نییە کە چەند کەسێک لە زیندان رایانکرد و دەستگیرنەکرانەوە".

عەمید شۆڕش ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەوانەی هەوڵی راکردنیان داوە، جگە لەو ماددەی پێی دەستگیرکراون بەپێی ماددەی دیکەش دادگایی دەکرێن کە تایبەتە بە هەوڵی راکردن لە زیندان.

یاسای سزادانی عێراقی لە مادە 267دا باسی سزای ئەو کەسانەی کردووە کە هەوڵی شکاندنی زیندان دەدەن. تێیدا هاتووە "هەر کەسێک دوای دەستگیرکردن، یان دەستبەسەرکردن هەوڵی راکردن بدات، سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە نابێت زیاتر بێ لە دوو ساڵ، هەروەها غەرامەکردن کە لە 225 هەزار دینار زیاتر نەبێ".

لە بەشێکی دیکەی ماددەکەدا هاتووە "ئەگەر تاوانەکە لەلایەن دوو کەس یان زیاترەوە کرابێ و هەڕەشە و توندوتیژییان بەکارهێنابێ، ئەوا سزا دەدرێن بە بەندکردن کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت".



راپۆرت
ڕووداو
ژمارە (436) – دووشەممە 2016/12/12



## کارتەر: پابەندی ڕێککەوتنەکەمانین لەگەڵ پێشمەرگە

**ڕووداو– هەولێر**

وەزیری بەرگریی ئەمریکا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی پابەندی ئەو ڕێککەوتنە دەبێت، کە لەگەڵ پێشمەرگەدا هەیەتی لە بواری هاوکاری سەربازی و دارایی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە 2016/12/11 لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئاشتن کارتەر، وەزیری بەرگریی ئەمریکا و شاندێکی یاوەری کرد. بەپێی ڕاگەیێندراوێکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، وەزیری بەرگریی ئەمریکا لەبارەی ڕێککەوتنی نێوان پێنتاگۆن و وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاندووە "وڵاتەکەی پابەندی ئەو ڕێککەوتنە دەبێت کە لەگەڵ پێشمەرگەدا هەیەتی لە بواری هاوکاری سەربازی و دارایی".

بۆ وەرگرتنی خەڵاتێک لە ئیتاڵیا

# بەهۆی کۆسرەت ڕەسوڵەوە کۆبوونەوەی پارتی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان دواکەوتووە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەرێنی یان نەرێنیبوونی کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ شاندی پارتی دەبەستێتەوە بەوەی کە ئەوان بزانن "پارتی چی پێیە و بە چ میکانیزمێک دەیانەوێ ڕاگەیێندراوەکەی بارزانی جێبەجێ بکرێ". بەڵام (ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی بزووتنەوەکەوە زانیویەتی کە بزووتنەوەی گۆڕان پرۆژەیەکی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی ڕادەستی پارتی دیموکراتی کوردستانی بکات.

دوو هەفتە لەمەوبەر، پارتی دیموکراتی کوردستان، لای خۆیەوە دەستی بە گەڕێکی دیکەی دانوستاندن لەگەڵ پارتە سیاسییەکان کرد و لە هەولێری پایتەخت، لەگەڵ ژمارەیەک حیزب کۆبووەوە، بەڵام هێشتا شاندی پارتی سەردانی سلێمانی نەکردووە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان کە بەلای بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانەوە، پارتی لە سلێمانی دەکەوێتە نێو گفتوگۆی گەرم و مشتومڕئامێزەوە.

بەڵام دواکەوتنی ئەو سەردانەی شاندی پارتی، نزیکە لەوەی جارێکی دیکە تەمی بێهیوایی بەسەر دڵی خەڵکیدا بهێنێ. جەعفەر ئیمینکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند

### بەرپرسێکی یەکێتی: کۆسرەت ڕەسوڵ سەرۆکایەتی شاندی یەکێتی دەکات

### گۆڕان: ئەوەی گرنگە بەلامانەوە میکانیزمی جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکانە

"بەو نزیکانە شاندی پارتی دەچێتە سلێمانی و لەگەڵ یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان کۆدەبنەوە".

جەعفەر ئیمینکی کە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، وردەکاریی زۆرتری نەدا و ڕەتیشیکردەوە گرفتی سیاسی یان تەنگوچەڵەمە و ناکۆکی هۆکاری دواکەوتنی کۆبوونەوەکان بێت. بەڵام ئەو بەرپرسانەی دیکەی پارتی کە (ڕووداو) قسەی لەگەڵ کردوون، دەڵێن پارتی لە ماوەی ڕابردوودا لەسەر خواستی یەکێتی درەنگ کەوتووە لە هاتن بۆ سلێمانی، بەو هۆیەی یەکێتی پێویستی بە کات هەبووە تاوەکو کۆدەنگی و یەک تیمی نێوخۆی دروست بکات بۆ دانیشتن لەگەڵ پارتی.

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هۆکاری دواکەوتنی کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، لە کوردستان نییە و لەلایەن یەکێتیشەوە ئەو بە سەرۆکی شاندی یەکێتی دیاری کراوە "یەکێتی ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کاک کۆسرەت سەرۆکی شاندەکە بێت و بۆچوونی هاوبەشیش گەڵاڵە کراوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ پارتی پێ بکرێ".

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی بە سەردانێک چووەتە هەرێمی تۆسکانای ئیتاڵیا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی "پێگاسۆی زێڕین" کە هەر ساڵە دەدرێتە یەکێک لەو کەسایەتییە جیهانییانەی پارێزگاری و پاڵپشتی مافی مرۆڤ دەکەن. دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە ڕۆژی 2016/12/19 دەگاتەوە هەرێمی کوردستان.

ئەو بەرپرسەی یەکێتی بە ئەرێنییەوە دەڕوانێتە کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی نێوان یەکێتی و پارتی و دەڵێت "بێگومان چاوەڕوان دەکرێ کۆبوونەوەی ئەمجارەی پارتی و یەکێتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری قەیرانەکان بەرهەمدار بێت، باڵێکی یەکێتی لەگەڵ ئەوەن دۆخەکە چارەسەر بکرێ و بێگومان پارتی دوای کۆبوونەوە لەگەڵ کێتی، لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش کۆدەبێتەوە".

ڕۆژی 2016/11/20 مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی لەبارەی دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند چارەسەری قەیرانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە دەکرێت "حیزبەکان بکەونە گفتوگۆ و پارلەمان کارا بکرێتەوە و سەرۆکایەتییەکی تازە بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرێت". بارزانی جەختی لەوەش کردەوە، ناکرێ ئەوانەی بوونەتە سەرچاوەی قەیران دووبارە سەرۆکایەتیی پارلەمان بگرنە دەست "هەروەها حیزبەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون حکومەتێکی نوێ دابمەزرێت و بەڕێزێکیش بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم هەتا کاتی هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی ئەرکی سەرۆکایەتیی هەرێم بگرێتە ئەستۆ، منیش بە هەموو توانایەک یارمەتیی ئەو پرۆسەیە دەدەم".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ناتوانێ گەشبینی یان ڕەشبینی خۆی بەو کۆبوونەوەیە دەرببڕێ کە لە ڕۆژانی داهاتوو لەگەڵ پارتی ئەنجامی دەدەن، تاوەکو "دەمی پارتی تاقی دەکەینەوە بزانین چی پێیە و پرۆژەیان چییە بۆ چارەسەری کێشەکان".

ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "ڕاستە بارزانی ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و داوای کردووە سەرۆکایەتییەکان سەرلەنوێ دیاری بکرێنەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ بزانین پارتی چ میکانیزمێکی پێیە بۆ جێبەحێکردنی ئەوانە".

بەبڕوای ئەو بەرپرسەی گۆڕان، پەیامەکەی بارزانی بەبێ کۆبوونەوەی پەرلەمان جێبەجێ ناکرێ "خۆ دەبێ پەرلەمان ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدات. کەواتە کە پەرلەمان کۆنەبێتەوە، چۆن سەرۆکایەتی حکومەت دەست لەکار دەکێشنەوە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتییەکی نوێ دابنرێ؟ ئەی پەرلەمان خۆ دەبێ لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری دەستبەکاربوونی سەرۆکایەتی نوێی خۆی بدات".

بەڵام چەند سەرچاوەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ (ڕووداو) قسەیان کرد و گوتیان پارتی پرۆژەی هەبێ یان نا "بزووتنەوەی گۆڕان پرۆژەی هەیە و پرۆژەکەی دەداتە پارتی بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بە پرۆژە بێ، نەک تەنیا وتووێژی نێوان حیزبەکان".

سەرکردایەتیی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان، هەفتەی پێشوو کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکە لە ڕاگەیێندراوێکی کورتدا، ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ گفتوگۆ کە مەبەستەکەش بە ڕوونی گفتوگۆکردنە لەگەڵ شاندی پارتی. بەڵام ئەو کۆبوونەوانە لە کاتێکدا دەکرێن کە بەهۆی تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای بودجەی 2017 لە پەرلەمانی عێراق، جارێکی دیکە ناکۆکی کەوتە نێوان حیزبەکانی کوردستان و پارتی لەلایەک و حیزبە کوردستانییەکانی دیکەش لە بەغدا لەلایەک بوون.

بەڵام بەرپرسەکەی یەکێتی بەدووری زانی ناکۆکی حیزبەکانی کوردستان ببنە ڕێگر لەبەردەم کۆبوونەوەی پارتی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان، ئەگەرچی گوتی "لەوانەیە ببێتە کێشە لەبەردەم ناوەڕۆکی دانوستاندنەکان".

# ئیسلامییەکان چاویان لە 25 کورسی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانە

### گوتەبێژی بزووتنەوە: لەگەڵ یەکگرتوو گەیشتووینەتە ئەو بڕوایە کە دەبێ لیستی ئیسلامی دروست بکەین

### بڕیاردەری کۆمەڵ: ڤیتۆمان لەسەر هیچ حیزبێکی ئیسلامی نییە

### بەرپرسێکی یەکگرتوو: خاڵی جیاوازمان زۆر کەمە



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو– هەولێر**

هەوڵەکان بۆ نزیکبوونەوەی لایەنە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر سێ لایەنە ئیسلامییەکە لەگەڵ بزاڤی گەشە چوار پرۆژە دەخەنەڕوو، هەر یەک لەو سێ لایەنەش لیژنەیەکی باڵای سێ کەسییان پێکهێناوە.

هەریەک لە یەکگرتوو، کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامی کە 17 کورسییان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، سەرقاڵی دروستکردنی بەرەی هاوبەشی ئیسلامین، ئەوان دەیانەوێ بە گورۆتینەوە بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان بکەن و چاویان لە 25 کورسییە.

خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەمانەوێ لەگەڵ سەرجەم لایەن و کەسایەتییە ئیسلامییەکانی دیکە بۆ گۆڕانکارییەکانی قۆناغی داهاتوو خۆمان ئامادە بکەین و زیاتر خزمەتی خەڵک و نیشتمانەکەمان بکەین و ڕۆڵی خۆمان بە قورساییەکی زۆرەوە بگێڕین".

خەلیل ئیبراهیم گەشبینە بە دروستکردنی بەرەی ئیسلامی و دەڵێت "خاڵی جیاوازیمان زۆر کەمە، بەڵام نامانەوێت ئەزموونی سەرنەکەوتووی هیچ بەرەیەکی دیکەی ئیسلامی دووبارە بکەینەوە، دەمانەوێ دیراسەی هەموو ئەزموونەکانی جیهانی ئیسلامی بکەین و سوود لە هەموویان وەربگرین، بۆیە لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە ئیسلامییەکان بە وردی هەنگاو دەنێین و یەکگرتن ئامانجە گەورەکەمانە، بەڵام دەمانەوێ لە هەنگاوی یەکەم دیدگا و ستراتیژمان یەکبخەین ئینجا هەنگاوی دیکە بنێین".

### پرۆژەی بزووتنەوە و یەکگرتوو لە یەکدی نزیکە

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بزووتنەوەی ئیسلامی پرۆژەیەکی بۆ دروستکردنی بەرەی ئیسلامی پێشکەشی لایەنەکان کردووە کە خۆی لە دروستکردنی دەستەیەکی سەرۆکایەتیدا دەبینێتەوە لە کەسی یەکەمی هەر سێ حیزبەکە لەگەڵ سەرکردایەتییەکی هاوبەش، پاشان لە ئاستی مەڵبەند و شارەکان سەرکردایەتی هاوبەش دروستبکەن لەگەڵ تۆڕێکی میدیایی.

کامیل مەحموود، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پرۆژەکەی ئێمەو برایانی یەکگرتوو لە یەکدی نزیکە، لەگەڵ دروستکردنی بەرە و کاری هاوبەشی ئیسلامین، چونکە ئیسلامییەکان تەنیا ئەو سێ لایەنە نین، بەڵکو کۆی ئیسلامییەکان پێویستیان بە کۆکردنەوە و نزیکبوونەوە هەیە".

کامیل مەحموود هەروەها گوتی "برایانی کۆمەڵ پێیان باشە هەنگاوی یەکەم لەگەڵ یەکگرتوو یەکبگرن و پاشان لەگەڵ ئێمە. ئەو پرۆژانەش هەمووی قابیلی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەیە، ئێمە پێمانوایە هێشتا زووە بۆ یەکگرتن لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندی و قاعیدەی ڕێکخستنی هەر یەک لەو لایەنانەی لە هەمانکاتدا لەگەڵ دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەشداین. ئێمە و یەکگرتوو قەناعەتی کۆتاییمان هەیە کە دەبێ هەڵبژاردنی داهاتوو لیستی ئیسلامی دروست بکەین".

### کۆمەڵ: یەکگرتنی خێرای ئیسلامییەکان زەحمەتە

بەڵام بەبۆچوونی شوان ڕابەر، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، پرۆسەی نزیکبوونەوەی لایەنە ئیسلامییەکان سست دەڕوات. شوان ڕابەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پرۆسەکە سست دەڕوات، جارێ هەنگاوەکان تەنیا پرۆژەن و هێشتا هەنگاوی عەمەلی نەنراوە، بە قەناعەتی خۆم یەکگرتنی ئیسلامییەکان لەم قۆناغەدا بە خێرایی زەحمەتە، بەڵام کاری هاوبەش و هاوهەڵوێستی گرنگە".

شوان ڕابەر کە بڕیاردەری سەرکردایەتی کۆمەڵە، ڕەتیکردەوە حیزبەکەی هیچ ڤیتۆ و هێڵێکی سووری لەسەر هیچ لایەنێکی ئیسلامی هەبێت و گوتی "ئێمە لەگەڵ برایانی یەکگرتوو کاری هاوبەش و فراکسیۆنی هاوبەشمان هەبوو، بۆیە داوای یەکگرتنمان لەوان کردووە، دواییش لەگەڵ برایانی بزووتنەوە".

### سەرکردایەتییەکی 50 کەسی

محەممەد بازیانی، ڕێکخەری گشتی بزاڤی گەشە پێیوایە حاڵەتە ئیسلامییەکە لە باشووری کوردستان زۆر لە سێ لایەنە ئیسلامییەکە گەورەترە و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە جەماوەری ئیسلامی و کەسایەتی و ڕێکخراوی ئیسلامی زۆر هەن لە دەرەوەی ئەو حیزبانە.

محەممەد بازیانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە دەبێت متمانە و هەنگاوی عەمەلی هەبێت، دەبێ سەرجەم لایەنە ئیسلامییەکان خۆیان بە خاوەنی پرۆژەکە بزانن نەک لایەنێک پێشکەشی بکات و ئەوانی دیکە دەعوەت بکات".

محەممەد بازیانی ناوەڕۆکی هەندێک لەو هەوڵانەی دراون ئاشکرا دەکات و دەڵێت "زۆربەی سەرکردە و هەڵسوڕاوە سیاسییەکانمان پاشخانی ئیسلامییان هەیە. مامۆستا سەلاحەدین داوەتی کۆبوونەوەی بەرفراوانی لایەنە ئیسلامییەکانی کردین و خۆشی سەردانی کردین، ڕای ئێمە لە ڕایەکەی مامۆستا سەلاحەدین نزیکە و دەبێ کۆی حاڵەتە ئیسلامییەکە لەو پڕۆژەیەدا بەشداربن و سەرکردایەتییەکی 50 کەسی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژەیە دروست بکرێ".

### 16%ی خەڵک دەنگیان بە ئیسلامییەکان داوە

ئێستا چوار حیزبی ئیسلامی لە باشووری کوردستان مۆڵەتی فەرمی و کارکردنیان هەیە کە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی ئەیلوولی 2013، یەکگرتوو 186 هەزار دەنگ، کۆمەڵ 118 هەزار دەنگ، بزووتنەوەی ئیسلامی 21 هەزار دەنگ و بزاڤی چاکسازی و گەشە 1323 دەنگی هێناوە.

لە کۆی ملیۆنێک و 968 هەزار دەنگ، هەر چوار لایەنە ئیسلامییەکە 328 هەزار و 472 دەنگیان هێنا کە دەکاتە ڕێژەی 16.7%. بەڵام لە هەڵبژاردنی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ڕێژەی 5%یان هێنا و نەیانتوانی بەربەستی هەڵبژاردن ببڕن کە 7% بوو.

### دەڵێن 25 کورسییان مسۆگەرە

کامیل مەحموود، گوتەبێژی بزووتنەوە لەبارەی پێشبینی ئەوان بۆ ژمارەی کورسی ئیسلامییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "بەپێی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئێمە زیاتر لە 25 کورسی دەهێنین".

محەممەد بازیانی، ڕێکخەری گشتی بزاڤی گەشە جەخت لەسەر هەمان ژمارە دەکات و دەڵێ " توێژینەوەیەکمان لە سەنتەری هودا کردووە کە بەندە سەرۆکی سەنتەرەکەم و داومانە بە ئەمینداری یەکگرتوو. بەپێی پێشبینییەکەمان لایەنە ئیسلامییەکان ئەگەر بە لیستێکی تۆکمە و باش بەشداری هەڵبژاردن بکەن، زیاتر لە 25 کورسی دەهێنن".

خەلیل ئیبراهیمیش بۆچوونی وایە کە ژمارەی کورسییەکانیان زیاد دەکات و دەڵێت "خەڵکی زۆر هەیە لە نێوان دەنگدان بە لیستی جیاوازی ئیسلامییەکان بەشداری هەڵبژاردن ناکات، یان دەنگ بە لایەنی دیکە دەدات، بۆیە ئەو دەنگانە بۆ لیستی هاوبەشی ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە".

## تورکیا، تەلعەفەر و شنگال ئاوەدان دەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا بە شاندێکی تورکمانانی عێراق و کوردستانی ڕاگەیاندووە، دوای ئازادکردنی ناوچە تورکمانەکانی ژێر دەستی داعش بە شنگالیشەوە، ئەوان ئاوەدانیان دەکەنەوە. ئایدن مەعروف، سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی شاندەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/12/7 لەگەڵ سەرۆکی تورکیا کۆبوونەتەوە و گوتی "ئەردۆغان ئامادەیی تورکیای دەربڕی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی تەلعەفەر و شوێنەکانی دیکەش کە تورکمانی تێدا نیشتەجێن دوای ڕزگاربوونیان لە دەستی داعش وەک پاڵپشتییەک بۆ تورکمانەکان، هەروەها ناوچەی شنگالی ئێزیدییەکانیش".



### جەی گارنەر، یەکەم حاکمی ئەمریکی لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# عێراق بووکەڵەیەکە بە دەست ئێرانەوە



لە بەرزترین نهۆمی یەکێک لە هۆتێلەکانی هەولێر دابەزیبوو، ئەو نهۆمە دەرگاکەی بە کۆد دەکرایەوە و کۆدەکەش لەدەست پیرەمێردێکی سەرسپی ئەمریکیدا بوو، تەنیا 10 خولەک کاتی هەبوو قسە بکات بۆ (ڕووداو)، چونکە بەنیازی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو. جەی گارنەر یەکەم کەس بوو دوای سەدام حوسێن لە عێراق بوو بە بڕیاربەدەست. زۆرترین ڕاوێژی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کردووە، تەنانەت پێش کەوتنی سەدام حوسێن ڕاوێژی بە تاڵەبانی کردبوو کە چۆن بتوانن کەسانێک دیاری بکەن دوای سەددام عێراق بەڕێوەببەن.

جەی گارنەر، ژەنەراڵی خانەنشینکراوی ئەمریکا بە دۆستێکی هەرە نزیکی کورد هەژمار دەکرێ. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەو کێشانە دەکات کە ڕووبەڕووی باشووری کوردستان دەبێتەوە و دەڵێت "دوای داعش پرسیاری سنووری نوێی کوردستان دێتە ئاراوە".

گارنەر باسی ڕەوشی ئەمڕۆی عێراق دەکات و دەڵێت "عێراقی ئێستا هیچ نییە، جگە لە بووکەڵەیەک بە دەستی ئێرانەوە".

هەڤپەیڤین: هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

**ڕووداو: هەموو کەس دەپرسێ دوای نەمانی داعش لە عێراق چی ڕوودەدات و کوردستان چی لێدێت؟**

**جەی گارنەر:** پێموایە دەبێ نیگەرانی ئەو بابەتە بین. هیوادارم ئیدارەی نوێی ئەمریکا لەگەڵ کوردستان دۆستانە مامەڵە بکات. هەروەها یارمەتیدەر بێت بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون. بەڕای من دوای لەناوچوونی داعشیش، کێشەی ئاوارەکان هەر دەمێنێ. پێویستە هەوڵ بدەین ئاوارەکان بگەڕێنینەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. هەروەها قەیرانی دارایی بەردەوامە، چونکە سێ ساڵە حکومەتی عێراق بودجە نانێرێ. نرخی نەوت هیشتا نزمە. سەرەڕای ئەوەی هێشتا ئەندامانی داعش لەناوچەکەدا دەمێنن، وەکو حەویجە. دواتر پرسیاری سنووری نوێی کوردستان دێتە ئاراوە. دیاریکردنی سنوور لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حکومەتی عێراق لەگەڵ بارزانی هاوڕا دەبێت لەسەر ئەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی جاران ببنە بەشێک لە کوردستان؟ ئەگەری هەیە ئەوە ببێتە کێشە.

## دوای داعش پرسیاری سنووری نوێی کوردستان دێتە ئاراوە

بە دەگمەن بەجێگەیەنراون. هیوادارم ئەمجارە بەڵێنەکە جێبەجێ بکرێت. هیواداریشم لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمریکا جیاوازیی گەورە ببینین. ئیدارەیەک ببینین کە دۆستانەتر مامەڵە لەگەڵ کورد بکات. لەگەڵ کوردی عێراق کار بکات و بەبایەخەوە لەم ناوچەیە بڕوانێت، ناوچەیەک کە گرنگە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی.

**ڕووداو: حاکمی عێراق بووی، شارەزاییت هەیە لە عێراق و پەیوەندییەکی باشت هەیە لەگەڵ کورد. پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا بەردەوام گرژیی تێدەکەوێ، ئایندەی هەرێمی کوردستان و عێراق چۆن دەبینی کە کورد بەردەوام داوای جیابوونەوە لە عێراق دەکات؟**

**جەی گارنەر:** پێموایە کورد دەمێکە جیابوونەتەوە. سنوورە کۆنەکان لەناوچوونە و ناگەڕێنەوە. تەنیا پێویستە دان بەوەدا بنێین کە سنووری نوێ هەن، سنوورەکان بکێشین و بەپێی ئەو سنوورانە مامەڵە بکەین. کاتێک لە ساڵی 2003 هاتینە عێراق، ئەگەر سیستمی فیدراڵیمان دانابا، لەبری دروستکردنی عێراقێکی دیموکراسی، یان سێ هەرێمی سوننە و شیعە و کوردیمان دروستکردبا، کە ئەوکات تەنیا هەرێمی کوردی هەبوو، ئەوە شتەکان زۆر باشتر دەبوون، شەڕی ناوخۆ بەرپا نەدەبوو. پێموایە ئێستا عێراق خۆی دابەش بووە. ئێمە دابەشمان نەکرد، وڵاتەکە خۆی دابەشبوو. بۆیە پێویستە دان بە سنوورە نوێیەکاندا بنێین.

## دەبێ ئەمریکا دان بەوەدا بنێت کە ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان ببنە سنووری نوێی کوردستان

ئەوەی بەڕاستی پێویستمانە ئەوەیە ئەمریکا هاوڕابێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە ئەو ناوچانە ببنە سنووری نوێی کوردستان و دانیان پێدابنرێت.

**ڕووداو: ئەمریکا لە شەڕی داعشدا پاڵپشتی کوردستانی کرد، ئایا دوای داعشیش ئەو پاڵپشتییە هەر دەمێنێ؟**

**جەی گارنەر:** هیواداریـن. بەدڵنیاییەوە بەو هیوایەین. بەڵام بەداخەوە ئەمریکا ریکۆردێکی خراپی هەیە لە بەڵێندان بە کورد. لە مێژوودا ئەمریکا چەندین بەڵێنی بە کورد داوە. وەکو بەڵێنەکەی هێنری کیسنجەر لە ساڵانی حەفتاکان، بەڵێنەکان

**ڕووداو: بڕیارە لە مانگی یەکی 2017 ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی ترەمپ دەستبەکار بێ، ئایا سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان چۆن دەبێ؟**

**جەی گارنەر:** ئێمە نازانین ئیدارەی نوێی ئەمریکا چی دەکات. تەنیا هیوادارین کاری جیاواز لە ئیدارەی ئۆباما بکات. هیوادارین سیاسەتێکی هەبێت بۆ ناوچەکە، سیاسەتێکی هەبێت بۆ کوردستان، لەوە تێبگات مەگەر ئەمریکا گۆڕانکاری بکات، ئەگەرنا حکومەتی عێراق هیچ نییە جگە لە بووکەڵەیەک بە دەستی ئێرانەوە. هەروەها گۆڕانکاری لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا بکات و جارێکی دی دانوستاندن لەسەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکات. من هیوادارم ئیدارەی نوێ بەهێز و ڕاشکاو بێت. لەهەمووی لە پێشتر، هیوادارم لەگەڵ هەرێمی کوردستان باشبێت. پێشموایە هەر وا دەبێت. بەڵام ناتوانم بڵێم دڵنیام لەوە.

## بەداخەوە ئەمریکا ریکۆردێکی خراپی هەیە لە بەڵێندان بە کورد

**ڕووداو: ئێران لە دەرەوەی سنووری خۆی، ئەوەتا لە عێراق، لوبنان و یەمەن زۆر بەهێزە و دەستی دەڕوات، پێتوایە ترەمپ ڕێگە لە ئێران بگرێ؟**

**جەی گارنەر:** نەخێر پێموانییە بتوانێ ئەوە بکات. ئێران حکومەتی عێراق بەڕێوە دەبات، عێراقی عەرەبی. ئێران پشتگیری ڕژێمی ئەسەد دەکات. پشتگیری دارایی حیزبوڵڵا دەکات لە لوبنان. پشتگیری دارایی و سەربازی حەماس دەکات لە دژی ئیسرائیل. هەموو ئەمانە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی. حەزدەکەین بەڕێز ترەمپ زۆر توند بێت لەگەڵ ئێران، ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەڵوەشێنێتەوە، ئێران لە کوردستان بکاتە دەرەوە. چەند مەرجێکی بەسەردا بسەپێنێت بەرامبەر دەستێوەردانی لە سووریا و لوبنان. بە هێزەوە پشتگیری ئیسرائیل بکات. پێویستە ئەمریکا ئەمانە بکات، چونکە ئێستا ئێران هەوڵ دەدات ببێتە زلهێزی ناوچەکە. ئێمە ئەوەمان ناوێت. پێموانییە ترەمپیش ئەوەی بوێت.

## دەمێکە کورد لە عێراق جیابوونەتەوە

**ڕووداو: لە سووریا، ڕۆژئاوای کوردستان هەیە. کێشەی کوردی- کوردی هەیە. ئایندەی کورد لە سووریا چی لێدێت؟**

**جەی گارنەر:** پێموانییە کورد هاوشێوە بن. لێرە سەرۆک بارزانی هەیە، پلانی هەیە بۆ کوردستان، دەزانێ چی دەکات بۆ کوردستان. پێموانییە پلانەکەی ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە یەکگرتن لەگەڵ کوردی سووریا هەبێت. پێموایە ئەو وەک بەشێکی جیاواز دەیانبینێت. بەنیاز نییە لەگەڵ یەکەکە یەک بگرێت. بۆیە پێموایە کار بۆ ئەم کوردستانە دەکات. بە بۆچوونی من لێرە کوردستانێکتان هەیە، کوردستانێکتان لە سووریا هەیە، کوردستانی سێیەمیش لە تورکیایە، کوردستانی چوارەم لە ئێرانە. وای نابینم یەک بگرن. پێشموانییە سەرکردایەتیی کوردی عێراق بیەوێت ئەو یەکگرتنە ڕووبدات.

## حەزدەکەین بەڕێز ترەمپ ئێران لە کوردستان بکاتە دەرەوە

**ڕووداو: ئێستا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و قسەی زۆر لەسەر پۆستەکەی دەکرێ، ڕای تۆ چییە؟**

**جەی گارنەر:** پێموایە تاوەکو ئەو کاتەی ئەو فەوزایەی ئێستا بەردەوام بێت، قەیرانی ئاوارەکان، قەیرانی دارایی و ئەم شەڕەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوە پێویستتان بە سەرۆکێکی بەهێز هەیە، پێموایە بەڕێز بارزانی ئەو سەرۆکەیە. دوای نەمانی قەیرانەکان پێویستە هەڵبژاردن بکرێت و بگەڕێینەوە سەر ئەو پرۆسەیەی بەر لە شەڕ هەبوو. تاوەکو شەڕ بەردەوام بێت، باشترە بارزانی بمێنێتەوە. لەبەرئەوەی سەرۆکێکی زۆر بەهێز و لێهاتوو و باشە.

# ئەمریکییەکان تاوتوێی کشانەوەی پەکەکە لە شنگال دەکەن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە ئاسمانەوە هەشت فڕۆکە پاسەوانییان دەکرد، سەردانی ناحیەی سنوونێی کرد، زیاتر لە کاژێرێک قسەی لەگەڵ بەرپرسی ئیدارەی ناحیەکە کرد، دواتر بە تەنیا لەگەڵ پاسەوانەکانی بۆ ماوەی 10 خولەک چووە سەر چیای شنگال و ئینجا گەڕایەوە شاری دهۆک.

کین کرووس، کونسوڵی گشتیی ولایەتە یەکگرتووەکان لە کوردستان کە سێ ڕۆژ پێشتر لە کونسوڵخانەکەی لەگەڵ قایمقامی قەزای شنگال کۆببووەوە، ڕۆژی 2016/12/11 سەردانی ناحیەی سنوونێ و چیای شنگالی کرد.

نایف سەیدۆ، بەڕێوەبەری ناحیەی سنوونێ بە (ڕووداو) ڕاگەیاند، ڕۆژی هەینی ڕابردوو لەلایەن کونسوڵخانەی ئەمریکاوە پەیوەندییان پێوەکراوە کە کونسوڵی گشتی ڕۆژی 11ی مانگ سەردانی ناحیەی سنوونێ دەکات.

کونسوڵی گشتیی ئەمریکا نزیکەی دوو کاژێر لەگەڵیان کۆبووەتەوە. سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە نایف سەیدۆ گوتی "ئەوان تەنیا پرسیاریان دەکرد و وەڵامەکانی ئێمەیان لەلای خۆیان دەنووسی. ئەوان پرسییان کە بۆچی خەڵکی شنگال و سنوونێ ناگەڕێنەوە. ئایا حکومەتی عێراق هاوکاریتان دەکات، ئایا پەکەکە هۆکارە بۆ نەگەڕانەوەی خەڵکەکە؟".

نایف سەیدۆ باسی وەڵامەکانی خۆی بۆ کین کرووس دەکات و دەڵێت "پێمگوت حکومەتی عێراق هیچ هاوکاریمان ناکات. پەکەکەش هۆکارە بۆ نەگەڕانەوەی خەڵک، چونکە خەڵکەکە دەترسێ پەکەکە کاریگەری لەسەر منداڵەکانیان هەبێ و بیانکەنە چەکدار".

کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە شنگال تەنیا لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی سنوونێ کۆبووەتەوە، پاشان چووەتە سەر چیای شنگال و گەڕاوەتەوە. نایف سەیدۆ گوتی "لەگەڵ پاسەوانەکانی چووە سەر چیای شنگال، نزیکەی 10 خولەک لەوێ مایەوە و گەڕایەوە شاری دهۆک".

حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزی ئێزیدخان دەڵێت پێشتر ئاگادار کرابوونەوە کە کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر، سەردانی ئەوانیش دەکات، بەڵام دواتر پێیانگوتوون ئەمجارە دەرفەتی نییە و جارێکی دیکە سەردانیان دەکات.

شەشۆ ئامادەکاری کردبوو بۆ پێشوازی لە کین کرووس، ئەو گوتی "ئەگەر هاتبا داوام لێدەکرد هێزەکەی ئێمە بکرێتە هێزێکی فەرمی، بخرێتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، یان وەزارەتی بەرگری".

سەردانی کونسوڵی گشتیی ئەمریکا بۆ شنگال لە کاتێکدایە کە هەفتەیەک پێشتر مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندبوو، دەبێ پەکەکە لە شنگال بڕوات.

کین کروس، پێش ئەوەی سەردانی دەڤەری شنگال بکات، ڕۆژی 2016/12/8 لە شاری هەولێر لەگەڵ قایمقامی قەزای شنگال کۆبووەتەوە.

مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال بە (ڕووداو) گوت "کونسوڵی گشتیی ئەمریکا پرسیاری کرد ڕەوشی شنگال چۆنە، بۆچی خەڵک ناگەڕێنەوە؟ ئێمەش پێمانگوتن تاوەکو هێزە نافەرمییەکان بە تایبەتی پەکەکە لە شنگال مابێ، خەڵک ناگەڕێنەوە، بۆیە دەبێ پەکەکە لە شنگال نەمێنێ".

سەبارەت بە وەڵامی کونسوڵی گشتیی ئەمریکا، مەحما خەلیل گوتی "ئەوانیش هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ پەکەکە لە شنگال نەمێنێ و پێیانگوتین بەدوای میکانیزمێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی پەکەکە لە شنگال دووربخرێتەوە".

لەدوای هێرشی داعش بۆ سەر شنگال لە سێی ئابی 2014، هێزەکانی پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتنە شنگال، ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی شنگال و سەنتەری قەزاکە و سەر چیای شنگال بارەگایان هەیە. ژمارەی هێزەکانیان بە 300 کەس دەخەملێنرێ، جگە لەو هێزانەی لە خەڵکی ناوچەکە دروستیان کردووە، لەوانەش یەکینەکانی بەرخودانی شنگال و یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شنگال...

عەگید جڤیان کە سەرپەرشتیاری هێزەکانی پەکەکەیە لە شنگال بە (ڕووداو)ی گوت "تەنیا زانیمان ئەمریکییەکان هاتوونەتە چیای شنگال، بەڵام لەگەڵ ئێمە کۆنەبوونەوە".

## قایمقامی قەزای شنگال:
## ئەمریکییەکان لەگەڵمان هاوڕا بوون کە دەبێ پەکەکە لە شنگال بڕوات

## بەڕێوەبەری ناحیەی سنوونێ:
## شاندەکە دەیانویست بزانن خەڵک بۆچی ناگەڕێنەوە

## فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق بۆ (ڕووداو):

# عەبادی خۆیشی دەزانێ بودجەی 2017ی عێراق لە بەرژەوەندی کوردستان نییە



زیاتر لە 10 ساڵە لەنێو ژمارە زۆر و زەوەندەکانی وەزارەتی دارایی عێراقدایە، چەندینجار لەسەر نەناردنی بودجەی کوردستان دەستی لەکارکێشایەوە. ئێستاش بەهۆی لادانی وەزیری دارایی عێراق کە کورد بوو، بە پیاوی یەکەمی ئەو وەزارەتە دادەنرێ. د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، دوای پەسەندکردنی بودجەی 2017ی عێراق لەلایەن پەرلەمانەوە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت "ئەو بودجەیە لە زەرەری کوردستانە، چونکە ئەوەی کوردستان لە فرۆشتنی نەوتەکەی دەستی دەکەوێ، زیاترە لەوەی بەغدا دەیداتێ".

فازڵ نەبی هەروەها دەڵێت "حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کە حیساب بۆ فلس دەکات، خۆی دەزانێ ئەو بودجەیە لە زەرەری کوردستانە".

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

> ئێستا یەکێک لە میحوەرە بەهێزەکانی نێو پەرلەمانی عێراق هێڵی مالیکی-جبووری-یەکێتییە

> 20ی ئەم مانگە دادگا بڕیار لەسەر کەیسەکەی هۆشیار زێباری دەدات

> ئومێدێکی زۆر هەیە هۆشیار زێباری بگەڕێتەوە

> بودجە تاوەکو نەگەیشتە پەرلەمان هیچ مینێکی بۆ کورد تێدا نەبوو

> ڕێککەوتنی 2015ی نێوان هەولێر و بەغدا لەبەر یەک وشە شکستی هێنا

> بەغدا 500 ملیار دینار دەداتە کوردستان، بەڵام کوردستان 800 ملیار دیناری دەستدەکەوێ

**ڕووداو: بودجەی 2017ی عێراق پەسەند کرا، ئێستا ڕۆڵی وەزیری دارایی عێراق دەبینی، ئەو بودجەیە لە بەرژەوەندی کوردستانە؟**

**فازڵ نەبی:** ئەوەی ئێمە وەکو حکومەتی عێراق دامانناا ئەوەبوو ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا وەکو خۆی کە لە 2015 کرا، دانرا. ڕاستە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرا، بەڵام بۆیە دانرا بۆ ئەوەی سەنەدێکی قانونی هەبێ بۆ هەردوو لایەن، ئەگەر سبەینێ ڕێککەوتنیان کرد سەنەدیان هەبێ، ئەگەر ڕێککەوتنیش نەکرا، هەبوونی لە نەبوونی باشترە.

ئەو ڕێککەوتنەی کرا لە 2015 هەر لە سەرەتاوە دەمزانی شکست دەهێنێ. سەرەڕای ئەوەی تاوەکو کۆتایی مانگی شەش جێبەجێ کرا. شکستەکەش لەسەر ئەوە بوو کە بەغدا داوای 550 هەزار بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستان دەکات بە نەوتی کەرکووکەوە. لە ماددەی 9ی بودجە کە باسی پشکی هەرێمی کوردستان دەکات. یەک وشە دانرا و ئەو وشەیە شکستی بە ڕێککەوتنەکە هێنا و گۆڕزێکی لە کوردستان دا. وشەکەش ئەوەبوو خەرجی لە نەفەقاتی "فعلی" دەبێ. واتە ڕێککەوتنەکە لەسەر ئەوەبوو مانگانە حکومەتی عێراق 17% بنێرێ، بەڵام عێراق دەیگوت ئەوەندەم نییە مانگانە ترلیۆنێک و 200 ملیار بنێرم، عێراق گوتی 60% لەوەی بودجە هاتووە دەتوانم خەرج بکەم. عێراق لە باشترین حاڵەتدا 640 ملیار دیناری بۆ کوردستان دەنارد.

**ڕووداو: باشە کورد نەیزانی ئەو وشەیە ئەوەندە خراپە، بۆ خرایە نێو بودجەوە؟**

**فازڵ نەبی:** بەڵێ کورد دەیزانی و بەداخەوە کرا. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا حیساباتی خۆی بکات کە زۆر ئاسانە، هەر بە بازاڕی شێخەڵڵا حیساب بکات ڕۆژانە هەرێمی کوردستان 550 هەزار بەرمیل بفرۆشێ نەک زیاتر و نرخی بەرمیلێک نەوت بە 40 دۆلار هەژمار بکرێ، ئەوە مانگی 800 ملیار دیناری دەستدەکەوێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێککەوتنی کرد وەک ئەوەی لە بودجەدا هاتووە، لە باشترین بارودۆخدا حکومەتی عێراق لەنێوان 500- 550 ملیار دینار دەداتە هەرێمی کوردستان. بۆیە بەبڕوای من ئەو ڕێککەوتنەی کە لەنێو بودجەدا هاتووە، زەحمەتە کوردستان جێبەجێی بکات، چونکە لە بەرژەوەندیی نییە.

**ڕووداو: مادام وشەی "فیعلی" لە بەرژەوەندیی کورد نەبوو، چۆن بەسەر ئێوەدا تێپەڕی؟**

**فازڵ نەبی:** ئەو پڕۆژەیەی لە وەزارەتی دارایی دەڕوات ئەو وشەیەی تێدا نییە، دواتر بۆی زیاد کراوە.

**ڕووداو: شتە خراپەکانی ئەو بودجەیە چییە بۆ کوردستان، مینەکان چین؟**

**فازڵ نەبی:** بودجەکە ئەگەر لە وەزعێکی ئابووریی سروشتییدا بێ، ڕەنگە لە بەرژەوەندی کوردستان بێت. ئەگەر حکومەتی عێراق بتوانێ بودجەی خۆی کە ئێستا هەیە 100% جێبەجێ بکات. ئەو ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی کوردە، بەڵام ئێستا عێراق ئەو توانا داراییەی لەبەردەست نییە، بتوانێ ئەو داهاتە بەدەست بهێنێ کە لە بودجەدا نووسراوە.

**ڕووداو: عێراق سەرووی 100 ترلیۆنی نووسیوە لە بودجەی 2017دا، بە پێشبینی ئێوە عێراق چەند داهاتی دەستدەکەوێ؟**

**فازڵ نەبی:** پێشبینی ئێمە بۆ 2017 ئەوەیە 60 بۆ 65%ی ئەو داهاتە بەدەست بهێنین و جێبەجێی بکەین.

**ڕووداو: ئایا لەنێو بودجەی 2017دا چ مینێک بۆ کوردستان چێنراوە؟**

> عەبادی حیسابی فلس دەکات

> بەغدا و هەولێر قەناعەتیان وایە کە هەر لایەک خۆی بەڕێوەببات

**فازڵ نەبی:** بودجە تاوەکو گەیشتووەتە پەرلەمان هیچ مینێکی بۆ کورد تێدا نەبوو، کورد سەرپشک کرابوو، بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا یان بۆ خۆی نەوتەکەی بفرۆشێ، بەڵام کە پڕۆژەکە گەیشتە پەرلەمان مینڕێژ کرا، نازانم لە نەزانینەوە بووە یان بە مەبەست بوو. دیارە هەندێ کەس

## ماددەی 10ی بودجەی عێراق، بۆمبێکی گەورەیە بۆ کوردستان دانراوە

## بۆ 2017 نزیکەی سێ ترلیۆن دینار بۆ حەشدی شەعبی خەرج دەکرێ

وایان پێشان دا کە پاڵەوانن لەو مەوزوعەدا. بەڵام چەند دەتوانن بەرگری لەو پڕۆژەیە بکەن؟ ئەو پاڵەوانانە ماددەی 10یان لە بودجە زیاد کردووە کە تێیدا هاتووە: حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار دەکەین بە هەناردەکردنی نەوتی خۆی بۆ بەغدا. یەکەم دەبێ بزانم ئەو ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندی کوردستانە یان لە زەرەریانە؟ ئەوەی کردوویانە موزایەدەیە و بەستنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. سەرم لەوە سوڕماوە کە تاوەکو ئێستا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارە و بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و کوڕی جەنابی مام جەلالە و کۆنفرانسی نەوت لە لەندەن کە بۆ نەوتی کوردستان کرا، بە سەرۆکایەتی کاک قوباد تاڵەبانی بوو، بەڵام بۆ ئەو بەزمە لە بەغدا ڕوویدا؟ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بکەم بە شتێک کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان نەبێ. لە کاتێکدا دەزانی ئەو پارەیەی بەغدا دەیدات بەشی مووچەخۆرانی کوردستان ناکات، داهاتی کەمترە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستی دەهێنێ. بۆیە ماددەی 10ی بودجە نەک لوغمە، بەڵکو بۆمبێکی گەورەیە بۆ کوردستان دانراوە.

**ڕووداو: ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێ پابەندی ئەو یاسایە نەبێ؟**

**فازڵ نەبی:** بەڵێ دەتوانێ پێوەی پابەند نەبێ. ئەگەر وشەی "فیعلی" لە بودجەدا نەهاتبا هەرێمی کوردستان پابەند دەبوو، بەڵام ئێستا هەرێمی کوردستان لە کوێ پارەی زیاتری دەستبکەوێ ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرێ.

**ڕووداو: مالیکی دەستی هەبووە لە کەڵاڵەکردنی ئەو پڕۆژەیە؟**

**فازڵ نەبی:** مالیکی بەهێزە لەناو پەرلەمانی عێراق و ئەمە واقیعەکەیە. ئەندامێکی زۆری هەیە و دەتوانێ زۆر شت بکات لە پەرلەمان. با زۆر داخلی سیاسەت نەبین، وەرە سەر مەسەلەی دارایی.

**ڕووداو: ئێستا ڕای عەبادی چییە لەبارەی کوردستان کە لەو ماوەیە زۆر لێی نزیکی؟**

**فازڵ نەبی:** ئێستا هەڵوێستی لەبارەی کوردستان زۆر باشە. بە تایبەت دوای سەردانی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و هاوکاریکردنیان بۆ شەڕی داعش لە مووسڵ، زۆر شت گۆڕاوە. ئێستا یەکێک لە میحوەرە بەهێزەکانی نێو پەرلەمانی عێراق هێڵی مالیکی-جبووری-یەکێتییە. لە مەسەلەی سەندنەوەی متمانە لە هۆشیار زێباری وەزیری دارایی، زۆر ڕوون و ئاشکرا ئەوە دیار بوو، چونکە ئەوە بابەتێکی سیاسی بوو نەک دارایی و لێدان بوو نەک لە کاک وشیار، بەڵکو لە خودی پارتی لە بەغدا. عەبادی و کوتلەکەشی لەگەڵ لادانی وشیار زێباری نەبوون. لە 12/20ی ئەم مانگە دادگای فیدراڵی بڕیار دەدات لەسەر کەیسی وشیار زێباری، چونکە کاک هوشیار سکاڵای تۆمار کردبوو، ئومێدێکی زۆری هەیە بگەڕێتەوە بۆ پۆستەکەی.

**ڕووداو: ئێستا ڕای عەبادی چییە و دەیەوێ هەرێمی کوردستان چۆن لەگەڵی ڕێکبکەوێت؟**

**فازڵ نەبی:** عەبادی کەسێکی زیرەکە لە بواری دارایی. لەگەڵ ڕێککەوتنی 2015یە و لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بە تایبەت کە شەڕی هاوبەشی نێوان عێراق و پێشمەرگە لە دژی داعش دەستیپێکردووە، ڕای زۆر باش بووە و لەهەموو کۆبوونەوەکاندا 15 بۆ 20 خولەک بە باشی باسی کوردستان دەکات، بەڵام ئەو ڕێککەوتنەی کراوە لە بودجە لە بەرژەوەندیی کوردستان نییە.

**ڕووداو: عەبادی ڕای وایە؟**

**فازڵ نەبی:** عەبادی خۆیشی ئەوە دەزانێ. کەسێکی زۆر زیرەکە و حیسابی فلس دەکات. زۆر وردە و لە بواری بودجەدا هەموو شتێکی هەزم کردووە.

**ڕووداو: دەگوترێ نە بەغدا یەک دینار بۆ کوردستان دەنێرێت، نە هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی ڕادەستی بەغدا دەکات. بەڕای تۆ هەردوو لا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە کە هەر یەکەو خەرجی ماڵی خۆی بکات؟**

**فازڵ نەبی:** لە بارودۆخی ئێستادا بەڵێ، هەردوو لایەن قەناعەتیان وایە هەر لایەک خۆی بەڕێوەببات.

## عێراق تەنیا لە قەرزی نێودەوڵەتی 19 ترلیۆن دیناری دەستدەکەوێ، بەڵام یەک دینار ناداتە کوردستان

**ڕووداو: بەپێی یاسای بودجە بێ، وەک یەکێتی و گۆڕان لە بەغدا ڕایانگەیاند، بودجەی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هێزی وشکانی عێراقدا خەرج دەکرێ، ئایا ئەوە چۆنە؟**

**فازڵ نەبی:** لەهەموو حاڵەتێکدا سەرۆک وەزیرانی عێراق فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، خۆی دەزانێ پارەکە چەندە. بەڕێز عەبادی دەزانێ هێزی وشکانی عێراق چەند وەردەگرێ و حیسابی کرد، مانگانە لە هێزی وشکانی عێراق 38 ملیار دینار دەدرێ بە پێشمەرگە.

**ڕووداو: لە بودجەی 2017دا چەند پارە بۆ حەشدی شەعبی دانراوە؟**

**فازڵ نەبی:** لە 10 مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا بەس بۆ مووچە ترلیۆنێک و 300 ملیار دینار (یەک ملیار دۆلار) بۆ حەشدی شەعبی خەرج کراوە. لە بودجەی 2017دا باسی 122 هەزار چەکداری حەشدی شەعبی کراوە و لە ساڵی داهاتوودا نزیکەی سێ ترلیۆن دیناری عێراقی بۆ حەشدی شەعبی خەرج دەکرێت.

**ڕووداو: عێراق پارەیەکی زۆری لە قەرزی نێودەوڵەتی دەستدەکەوێ. لەو قەرزە هیچی بۆ کورد هەیە؟**

**فازڵ نەبی:** عێراق تەنیا لە قەرزی نێودەوڵەتی 19 ترلیۆن دیناری دەستدەکەوێ، بەڵام یەک دینار ناداتە کوردستان.

رووداو کوردستانی
ژمارە (436) - دووشەممە 2016/12/12

## تاک: ئێمە تەقینەوەکەی ئیستانبوڵمان کردووە

**رووداو- ئیستانبوڵ**

ڕێکخراوی هەڵۆکانی ئازادی کوردستان (TAK) لە ڕاگەیێندراوێکدا بەرپرسیارییەتی خۆی لە تەقینەوەکانی ئیستەنبوڵ ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەکردووە کە ناسنامەی خۆکوژەکان لە ڕۆژانی داهاتوو ئاشکرا دەکرێن. TAK لە ڕاگەیێندراوێکدا لەبارەی تەقینەوەکانی ئیستەنبوڵ دەڵێت "گەلی تورک ئامانجی ئێمە نین، تیمی تۆڵەسێنی ش.تیرەژ چالاکییەکی زۆر وردیان ئەنجامدا". هەڵۆکانی ئازادی کوردستان بانگەشەی ئەوەی کردووە تەقینەوەکەی شەوی 2016/12/10 کە لەلایەن دوو خۆکوژەوە بووە، بەو هۆیەوە زیاتر لە 100 کەس کوژراون و لە ڕۆژانی داهاتوودا ناوی ئەنجامدەرانی تەقینەوەکە بڵاودەکەنەوە.

# پرۆژەکانی دەستووری تورکیا کورد نائومێدتر دەکەن

**هێمن عەساف**
**رووداو- هەولێر**

پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار لە تورکیا خەریکە هەموو لەمپەرەکانی بەردەم هەموارکردنەوەی دەستووری وڵاتەکەی لادەبات. بڕیارە پرۆژەی دەستوورێک بخاتە ریفراندۆمەوە کە بە هیچ شێوەیەک پێکهاتەیەکی وەکو کورد خۆی تێدا نابینێتەوە. پارتی گەلی کۆمارییش ڕەشنووسێکی ئامادە کردووە کە تەنیا یەک خاڵی لە بەرژەوەندیی کوردە.

داڕشتنەوەی دەستوورێکی نوێ دوای هەوڵێکی بەردەوامی دوو ساڵی تەواو لەلایەن تیمی یەکەمی ئەردۆغانەوە، شکستی هێنا و ئەمەش بووە هۆی دوورخستنەوەی ئەحمەد داودئۆغلو لە پۆستی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئاکپارتی. دواتر بینالی یڵدرم وەک کەسی یەکەم بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کەیسە و جێبەجێکردنی خەونی ئەردۆغان، بەسەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئاکپارتی دیاری کرا.

حکومەتی ئێستای تورکیا بە سەرۆکایەتی یڵدرم، هەموو تواناکانی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی قۆناغێکی نوێ بەڕێوەببات. قۆناغی هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی.

### سیناریۆی ئاکپارتی

ئاکپارتی لە ڕێگەی پەرلەمانی تورکیاوە لیژنەی دانوستاندنی لەبارەی هەموارکردنی دەستوور پێکهێنا، ئاکپارتی دەیزانی لەو هەوڵەی سەرکەوتوو نابێت و ئۆپۆزیسیۆن: (هەدەپە، جەهەپە و مەهەپە) دژایەتی دەکەن. بۆیە هەر لە سەرەتاوە تۆپەکەی خستە گۆڕەپانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ ئەوەی کێشە ڕوبدات و پاشان بە میللەت ڕابگەیەنێت کە پەرلەمان توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە و دەبێ ڕاستەوخۆ گەل بڕیاری خۆی بدات. ئەوەش سەری گرت و بڕیاربەدەستانی ئاکپارتی لە سەرجەم کۆبوونەوە و بۆنەکاندا ئەم پرسەیان ورووژاند. جگە لەوەش کێشە ناوخۆییەکانی مەهەپە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەوڵەت باخچەلی دانا و لە بەرامبەر دەرهێنانی لەم قەیرانە، داوای لێکرا پشتگیری پرۆژەی ئاکپارتی بکات، بەهۆیەوە باخچەلی پەسەندی کرد و بەڕاشکاوی پشتیوانی خۆی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی و داواکارییەکانی ئاکپارتی ڕاگەیاند. بەو شێوەیە ئاکپارتی هاوبەشێکی بۆخۆی دۆزییەوە و توانی لەمپەرێک و ئاستەنگێک وەلابنێ.

دوای لابردنی لەمپەری مەهەپە، هێرشی ئاکپارتی بۆ سەر هەدەپە دەستی پێکرد، باشترین بیانووش شەڕی پەکەکە بوو لەنێو شارەکانی باکووری کوردستان. توانی لەو ڕێگەیەوە هەدەپە لە کۆمیسیۆنی دانوستاندن بۆ داڕشتنەوەی دەستوور دووربخاتەوە. هەر بەوەش نەوەستا و بەرپرسانی ئەو پارتەی خستە زیندانەوە.

کودەتا سەربازییەکەی شەوی 15ی تەمووزی ڕابردوو، دەستی ئەم پارتەی کراوەتر کرد بۆ لابردنی لەمپەرەکانی دیکەی وەکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکان و کەسایەتییە ئەکادیمیستەکان و میدیاکاران. ئەویشیان لەڕێی دەستگیرکردن و دادگاییکردن و لەکار دوورخستنەوەیان.

ئەوەی پێشتر ئاکپارتی حیسابی بۆ نەکردبوو، گرووپی فەتحوڵڵا گولەن بوو تا دواتر بۆیان دەرکەوت مەترسیدارترین ڕێکخستن و شانەی نهێنین کە دەتوانن گورزێکی بەهێزلە ئامانجەکانی ئاکپارتی بدەن، بۆیە زۆر بەخێرایی دەستیان کرد بەهەڵمەتێکی فراوان و پڕوپاگەندەیەکی ڕێکخراو بۆ شکاندنی شکۆیان و بەهەمان ڕیتم و خێراییشەوە لە پەرلەمان بە ڕێکخراوێکی تیرۆریست لە قەڵەمیاندا و خستیانە لیستی ڕەش و توانییان زۆر بەخێرایی گرتووخانەکان پڕبکەن لە ئەندامانی ئەم گرووپە و لە پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییەکاندا وەک ئەنجامدەری کودەتا سەربازییەکە تۆمەتباریان بکەن.

جەهەپە ئێستا یەکێکە لە لەمپەرە مەترسیدارەکانی بەردەم ڕێگای ئاکپارتی بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی ئەردۆغان، بۆیە هەوڵەکان چڕ کراونەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان، ئەویش بەدوو شێوە: یەکەمیان تۆمەتبارکردنیان بە بەرگریکردن لە گرووپی فەتحوڵڵا گولەن، دووەمیشیان بە بەرگریکردن لە پەکەکە.

### بەرەو ریفراندۆم

ئەردۆغان و ئاکپارتی وێڕای ئەم هەموو سەرکێشییە، دەزانن کە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەرگیز ناتوانن دەنگی پێویست کۆبکەنەوە تاوەکو دەستوور هەموار بکەنەوە و سیستەمی سەرۆکایەتی جێگیر بکەن. چونکە ئاکپارتی پێویستی بە 367 دەنگ هەیە لە کۆی 550 دەنگ. لە کاتێکدا تەنیا ئاکپارتی 316 دەنگی هەیە و مەهەپە 39 دەنگی هەیە کە دەکاتە 355 دەنگ و هێشتا پێویستی بە 12 دەنگی دیکە دەبێت کە هەرگیز ناتوانێت ئەم 12 دەنگە دابین بکات. چونکە جەهەپە و هەدەپە لە سەرەتای قۆناغەکەدا ڕەتیانکردەوە و دژایەتییان کرد. جگە لەمەش تەواوی 39 دەنگی مەهەپەی گەرەنتی نەکردووە. بۆیە هەوڵەکان چڕ دەکاتەوە بۆ کەلێنێک و بۆشاییەکی یاسایی تاوەکو ریفراندۆم بکات و بەرپرسیارێتییەکە لەسەر شانی خۆی لابدات و بیخاتە ئەستۆی گەل و بەوجۆرە لە داهاتوودا کەس گلەیی و لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکات. لە ریفراندۆمەکەشدا ئەگەر 50+1%ی دەنگەکان بەدەست بهێنێ، دەتوانێت دەستوور بەویستی خۆی هەموار بکات و سیستەمی سەرۆکایەتی پەسەند بکات.

### ڕەشنووسی ئەڵتەرناتیڤی جەهەپە

بەپێچەوانەی ئاکپارتی، پارتی گەلی کۆماری "جەهەپە" ڕایگەیاند کە ئەوانیش پرۆژەیەکی دەستووریان ئامادە کردووە و دوای ئاکپارتی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی تورکیای دەکەن. لە بەرامبەر هەموو ئەگەرێکدا پێویستە ئەم دوو ڕەشنووسە بخرێتە واری تاوتوێکردن و خوێندنەوە و دانوستاندن و کۆبوونەوە و دەنگدان و ئینجا ریفراندۆم، کە لانیکەم پرۆژەکە و مەرامی ئاکپارتی بۆ ماوەیەکی زۆر دوا دەخات و لە ئامانجەکانی بەڕێژەیەکی کاریگەر بەلاڕێدا دەبات.

### پرسی کورد لە ڕەشنووسەکانی دەستووردا

هەردوو ڕەشنووسەکەی ئاکپارتی و جەهەپە دەقێکی ڕوون و ئاشکرایان تێدا نییە بۆ دەستەبەرکردنی مافە سەرەکییەکانی کورد لە تورکیا. ئاکپارتی هەموو خەمیان بۆ پرسی سەرۆکایەتی و پێدانی دەسەڵاتی ڕەهایە بە سەرۆککۆمار کە تاکە کاندیدیان بۆ ئەم پۆستەش خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانە. لەگەڵ چەند هەموارێک وەک کاراکردنەوەی سزای لە سێدارەدان و پێدانی دەسەڵاتێکی کەم بە پەرلەمان و ژمارەی پەرلەمانتارانیش دەکرێتە 600 پەرلەمانتار.

بەڵام ڕەشنووسەکەی جەهەپە بۆ کورد تۆزێک باشترە، چونکە لە هەموارەکاندا داوای کەمکردنەوەی ڕێژەی بەربەستی هەڵبژاردن لە 10% بۆ 3% دەکات. ئەمە جگە لەوەی گەیشتنی هەدەپە بە پەرلەمان گەرەنتی دەکات، ڕێگە بۆ پارتە کوردییەکانی دیکەش خۆشدەکات بگەنە پەرلەمان. بەمەش ڕێژەی نوێنەرایەتی کورد زیاتر دەبێت. ئەوەی ماوەتەوە پرسی زمان و هەڵگرتنی قەدەغەی زمانی کوردییە لە ڕوانگەی سیاسی و هەڵگرتنی قەدەغەی خوێندن بەزمانی دایک، چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ڕاگرتنی خوێنڕشتن و ڕاگەیاندنی ئاگربەستی هەمیشەیی و کرانەوەی کرداری بە ڕووی کورد کە هەموو ئەو پرسانە لە سایەی ململانێ و ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکان، بە هەڵواسراوی ماونەتەوە.



# پاسداران بە پرۆژەی ئابووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنترۆڵ دەکات

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

سوپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا چالاکییەکانی چڕکردووەتەوە، بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گومانەوە لەم چالاکییانە دەڕوانن و دەڵێن: سوپای پاسداران دەیەوێ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی کۆنترۆڵ بکات.

سوپای پاسداران ساڵی 1979 بە بڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی دامەزرا. ئەم هێزە بڕیار بوو تەنیا پارێزگاری لە حکومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بکات، بەڵام وردە وردە جێی بە سوپا (ئەرتەش) لەق کرد و ئێستا لە بوارەکانی سەربازی، سیاسی و ئابووریدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە.

سوپای پاسداران پێنج لقی سەرەکی هەیە. هێزی وشکانی، دەریایی، ئاسمانی، بەسیج و سوپای قودس (کە لقی دەرەوەی ئێرانە).

محەممەد حوسێن ڕەجەبی، فەرماندەی سوپای پاسداران لە پارێزگای سنە، سەرەتای پایزی ئەمساڵ ڕایگەیاند 503 پرۆژەی لەم پارێزگایەدا لەبەردەستە کە سەرمایەکەیان دەگاتە 20 ملیار تمەن.

هەروەها ئاشکرای کرد کە لەساڵی 2009 تاوەکو 2015 لە پارێزگای سنە 3000 پرۆژەیان جێبەجێ کردووە، لەوانەش 1643 پرۆژەیان تایبەت بە بواری ئاوەدانکردنەوە بوون.

پرۆژەکانی سوپای پاسداران بریتی بوونە لە قوتابخانە، خانەی بێسەرپەرشتان، دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی مزگەوت، یاریگا، پرد، کتێبخانە، ڕاکێشانی بۆڕی ئاو بۆ گوندە دوورەدەستەکان، حوسێنییە و دروستکردنی ڕێگەوبان.

هەر سەرەتای پایزی ئەمساڵ مەجید ئەرجومەند فەڕ، جێگری قەرارگای باکووری ڕۆژئاوای ئێران، گوتی "لە پارێزگاکانی سنە و ورمێ 2000 پرۆژەیان بە مەبەستی سڕینەوەی ئاسەواری پشتگوێخراوی و دواکەوتوویی، جێبەجێ کردووە.

سوپای پاسداران پرۆژەکانی وەک هەوڵێک بۆ سڕینەوەی ئاسەواری پشتگوێخستن دەناسێنێ. ئەم سوپایە لە بواری دیکەشدا سەرمایەگوزاری دەکات و دەیەوێ بۆ هەنگوینی ئیلام مارکە دروست بکات. هەنگوینی ئیلام یەکێک لە باشترین جۆرەکانی هەنگوینە و ئیلام وەک ناوەندی بەرهەمهێنانی هەنگوین دەناسرێ.

حکومەت لە ڕێگەی سوپای پاسدارانەوە قەرزی بانکی بۆ پەرەپێدانی گوندەکانی شەش پارێزگا دەدات کە سێ لەو پارێزگایانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، ئەوانیش بریتین لە سنە، کرماشان و ورمێ. سوپا لە هەر پارێزگایەدا 20 ملیار تمەن قەرزی بانکی بە سوودی کەمەوە بە گوندنشینان دەدات.

ئەبولفەزل ڕەزەوی، جێگری پەرەپێدانی گوندەکان و ناوچە دواکەوتووەکان، بێکاریی وەک کێشەی سەرەکی لاوان لە قەڵەم دەدات و دەڵێ "بەو پرۆژەیە دەکرێ بەشێک لە کێشەی گوندنشینەکان چارەسەر بکرێ".

سوپا لە ڕێگای دیکەشەوە هاوکاریی خەڵک دەکات. ماوەیەک لەمەوبەر لە سەلاسی باوەجانی لە پارێزگای کرماشان خۆراک و کەلوپەلی ڕۆژانەیان بەسەر خەڵکدا دابەش کرد. 100 هەزار تمەنیشیان دایە هەر خێزانێکی بێسەرپەرشت.

بەڵام حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەودیوی شاراوەی ئەم هەوڵانەی سوپا پاسداران دەبینن. کاوە بەهرامی، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) دەڵێ "سوپای پاسداران دەیەوێ خەباتی چەکداریی پێشمەرگە لاواز بکات، دەنا سوپا هیچ ئاوەدانییەکی بە دیاری نەهێناوە".

بەگوتەی بەهرامی، لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا کە خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردووە، سوپای پاسداران بۆ ئەوەی نیشان بدات کە دڵسۆزی خەڵکە، ئەو جۆرە هەوڵانە دەدات.

بەهرامی ئاماژەی بەوەدا کە هیچ کام لە پرۆژەکانی سوپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرنگ و ستراتیژی نین و هیچ کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری نەبووە "بۆ نموونە کارخانەیەکیان دروست نەکردووە خەڵک کاری تێدا بکات. بەڵکوو کارەکانیان هەموو بۆ ئەوەیە کە وا نیشان بدەن ئەگەر پێشمەرگە نەبێت، ئەوان خزمەتی زیاتر دەکەن".

گوتیشی "مەبەستی پاسداران لەو پرۆژانە تەنیا ئەمنییە و دەیەوێ خەڵک زۆرتر بەخۆیەوە ببەستێتەوە".

عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) دەڵێ "سوپای پاسداران لە دوای شەڕی ئێران و عێراقەوە، خۆی لە چوارچێوەی چالاکییە سەربازییەکاندا قەتیس نەکردووە. بەڵکوو بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەموو بوارەکاندا بڕیاردەر بێت، پێویستە کەرتی ئابووریش بەدەستەوە بگرێت. سوپا لە بواری ئەمنی و سەربازییەوە باڵا دەستە".

عومەر باڵەکیش پرۆژەکانی پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ بایەخ وەسفدەکات و دەڵێت "سەرمایەگوزاری سوپا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر پڕوپاگەندەن، دەنا پرۆژەی گەورە نین، تەنیا بۆ ئەوەیە کە شەرعیەت بە خۆی بدات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان".

بە بۆچوونی باڵەکی "سوپا دەیەوێ بە خەڵک بڵێت کە سەرەڕای بوونی کەشی ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوان نایانەوێ خەڵک لە ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان بێبەش بن". بەڵام کاوە بەهرامی پێیوایە "سوپای پاسداران مەبەستیەتی بڵێ، ئەوە لە کوردستانیش ئەمن و ئاسایش جێگیرە، بۆیە ئەویش سەرمایەگوزاری دەکات. هەروەها دەیەوێ بە خەڵک بڵێ ئێوە لە ڕووی ئەمنییەوە هاوکاریمان بکەن، ئێمەش پێداویستییەکانتان بۆ دابین دەکەین".



### "برایانی قاچاخچی" گەندەڵ دەبن

سوپای پاسداران لە دوای هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدی نەژادەوە بەتایبەت لە بواری ئابووریدا ڕۆڵی زیاتری پێدرا. ئەگەرچی دواتر مەحموود ئەحمەدی نەژاد نێوانی لەگەڵیان تێکچوو و بە "برایانی قاچاخچی" ناوزەدی کردن.

حەسەن ڕوحانیش ساڵی 2014 بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە سوپای پاسداران گرت و گوتی: "کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی ناوەندێکی دیاریکراودا گەندەڵی دروست دەکات". سەرۆککۆماری ئێران گوتی "ئەگەر زانیاری، چەک، پارە، سەرمایە، ماڵپەڕ، ڕۆژنامە و ئاژانسی هەواڵ هەمووی پێکەوە کۆببنەوە، ئەبوزەڕ و سەلمانیش گەندەڵ دەکەن".

# وەبەرهێنەرانی کوردستان روو لە ئێران دەکەن

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ئاشکرای کرد ژمارەیەک وەبەرهێنەری کوردستان بۆ وەبەرهێنان روویان لە ئێران کردووە. ئەو پێشبینی کرد لە دوو مانگی داهاتوودا کۆچی وەبەرهێنەران بۆ ئەو وڵاتە بگاتە 30%. ئەوەش بە "مەترسی" بۆ سەر کوردستان دەزانێت.

ئەمڕۆ دووشەممە 2016/12/12 کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەمەبەستی راکێشانی وەبەرهێنەری دەرەکی بۆ ئەو وڵاتە دەست بە کارەکانی دەکات و سێ رۆژ دەخایەنێت. شاندێکی باڵای وەبەرهێنەر و بازرگانانی هەرێمی کوردستانیش بەشداری کۆنفرانسەکە دەکەن.

یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، لە کۆنفرانسەکەدا جگە لە بەشداریکردنیان، پانێڵێکیش بۆ وەبەرهێنەرانی کوردستان تەرخان کراوە و ئەویش گوتارێک پێشکەش دەکات.

وەکو ئەو گوتی، بەپێی یاسای ئەو وڵاتە، هەموو وەبەرهێنەرێکی دەرەکی دەتوانێت 100%ی پرۆژە لەو وڵاتە بەناوی خۆیەوە بکات و لەوێش بانک قەرزیان پێدەدات و کارئاسانیی دیکەشیان بۆ دەکات. بەرپرسانی بازرگانی ئێرانیش لەم کۆنفرانسەدا کار دەکەن بۆ راکێشانی وەبەرهێنەرانی وڵاتانی نزیکی ئێران بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان.

## گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان:
## پێشبینی دەکەین 30%ی وەبەرهێنەرانی کورد روو لە ئێران بکەن

قەیرانی دارایی کاریگەری گەورەی لەسەر وەستانی پرۆژە ستراتیژییەکانی کوردستان هەبووە، بە گوتەی یاسین، لە ساڵی رابردووەوە تائێستا نزیکەی 15 وەبەرهێن رووویانکردووەتە ئێران بۆ وەبەرهێنان، یەکێکیان پرۆژەیەک جێبەجێ دەکات کە سەرمایەکەی 200 ملیۆن دۆلارە.

مەلا یاسین پێیوایە ئەو کۆنفرانسەکەی کرماشان رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ راکێشانی وەبەرهێنەرانی کوردستان. گوتیشی "پێشبینی دەکەین لە داهاتوودا 30%ی وەبەرهێنەرانی کوردستان روو لە ئێران بکەن". ئەوەشی بە مەترسی بۆ سەر کوردستان زانی و گوتی "راستە ئەو کۆنفرانسە بۆ ئێران باشە، بەڵام بۆ ئێمە خراپ و مەترسیدارە، لەبەرئەوەی بەهۆی قەیرانی دارایی، سێکتەری وەبەرهێنان کەوت و دەیان وەبەرهێنی دەرەکی، کوردستانیان جێهێشت، ئێستاش وەبەرهێنەری نێوخۆیی کوردستان جێبێڵن، ئەی خۆمان چی بکەین؟".

نازم دەبباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە (رووداو)ی راگەیاند، پێشتریش یاسای وەبەرهێنانی دەرەکی هەبووە، بەڵام دوای رێککەوتنی وڵاتانی (5+1) لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، هەلی زیاتر بۆ کۆمپانیا دەرەکییەکان رەخسا تاوەکو سەرمایەکانیان لە ئێران بەگەڕبخەن، لەو رووەشەوە دڵنیایی زیاتر بە کۆمپانیاکان دەدرێت.

دەبباغ گوتی "لە ناوەڕاستی ئەمساڵەوە بە ئاشکرا هەست بە هاتنی کۆمپانیا دەرەکییەکان بۆ وەبەرهێنان لە ئێران دەکرێت.

دەبباغ، ئاماری وەبەرهێنەرانی کوردستانی لا نەبوو کە روویان لەو وڵاتە کردبێت و گوتی "ئامارمان لا نییە، بەڵام ئاگادارین دێن و ئەگەر گرفتیشیان نەبێت پەیوەندیمان پێوە ناکەن، چونکە بەپێی یاسا کاری خۆیان دەکەن".

د.نووری عوسمان، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە وەکالەت بە (رووداو)ی راگەیاند، ئاماری چوونە دەرەوەی وەبەرهێنەرانیان لا نییە، بەڵام گوتی "لەم کاتەدا نەک پێمان باش نییە وەبەرهێنەری خۆمان برۆنە دەرەوە، بەڵکو پێمان باشە وەبەرهێنەری دەرەوەش بێنە کوردستان".

ئەوەی بەلای یاسین مەحموودەوە جێی سەرنجە، زۆربەی وەبەرهێنەرانی کوردستان کە بانگهێشتی ئەو کۆنفرانسە کراون، خەڵکی سلێمانی و گەرمیانن و گوتی "ئەوەش پەیوەندی بە نزیکایەتی جوگرافی ئێران لە سلێمانی و گەرمیانەوە هەیە، جگە لەوەش پەیوەندی پارتە سیاسییەکانی سلێمانی لەگەڵ ئێران باشە".

بەڵام نوێنەرەکەی حکومەتی هەرێم ئەو قسەیەی رەتکردەوە و گوتی "ئەوە راست نییە، بەڵکو ئێران پێشوازی لە بازرگان و وەبەرهێنەری هەموو ناوچەیەک بێ جیاوازی دەکات".




### پرۆژەکەی سلێمانی لە هەموو کوردستان جێبەجێ دەکرێت

# دوو مانگی دیکە کارەبای ماڵان لە سلێمانی دەبێتە 20 ئەمپێر

رووداو- سلێمانی

وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە پرۆژەکەی سلێمانی کە پێدانی 20 ئەمپێر کارەبایە بە هەر ماڵێک، لە سەرتاسەری کوردستان جێبەجێ بکات. بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانیش دەڵێت تا دوو مانگی دیکە پرۆژەکەیان لە سلێمانی جێبەجێ دەکەن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارەبای سلێمانی پرۆژەیەکی پێشکەشی وەزارەتی کارەبا و پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگا کردووە بۆ دیاریکردنی بڕی 20 ئەمپێر کارەبا بۆ هەر ماڵێک، پرۆژەکەشیان پەسەند کراوە و بەنیازن لەم هەفتەیەدا بانگهێشتی کۆمپانیا نێوخۆییەکان بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی کە دراوەتە (رووداو)، لە سنووری پارێزگای سلێمانی جگە لە ئیدارەی گەرمیان، 530 هەزار هاوبەشی کارەبا هەیە و لەوەش نزیکەی 450 هەزاریان ماڵن، هەر هاوبەشێکیش بەپێی پێوەرەکانیان دەتوانن 40 ئەمپێر یان 60 ئەمپێر کارەبا بەکاربێنن.

سالار حیسامەددین، بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، بەپێی پرۆژەکەیان، پلانیان وایە کارەبای نیشتمانی بۆ هەر هاوبەشێکیان بۆ 20 ئەمپێر کەم بکەنەوە و 16 کاژێر کارەبا بدەنە هاووڵاتیان.

کارەبای سلێمانی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە، سنووری سلێمانی بۆ 10 ناوچە پۆلێن کردووە، هەر ناوچەیەکیش دەداتە کۆمپانیایەکی نێوخۆیی و سێرکێت بۆ ماڵان دادەنێن.

سالار حیسامەددین گوتی "بەنیازین لەم هەفتەیەدا بانگهێشتی کۆمپانیاکان بکەین بۆ وەرگرتنی تەندەر، دوای دەرچوونی ناوی کۆمپانیاکان، گرێبەستیان لەگەڵ دەکەین بۆ هێنانی سێرکێتی 20 ئەمپێری و کێبڵ و قاعیدە، دواتریش ئەو سێرکێتە لە تەنیشت پێوەری کارەبای ماڵان دادەنرێ و مۆری لێدەدرێت تاوەکو دەستکاری نەکرێ، بەڵام تائێستا نازانین نرخی سێرکێتەکان چەند لەسەر هاووڵاتیان دەکەوێت".

بە قسەی بەڕێوەبەری کارەبای سلێمانی بێت و بەپێی ئەو پلانەی دایانڕشتووە، لە رۆژی دەستبەکاربوونی کۆمپانیاکانەوە تا دوو مانگی داهاتوو دەبێت پرۆژەکە تەواو ببێ.

سەبارەت بە کارەبای کارگەکان و ناوچە پیشەسازییەکان، سالار حیسامەددین گوتی "پلانی داهاتوومان بۆ شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکانە، هەر کارگەیەک پێویستی کرد کارەبایان کەم دەکرێتەوە، بەڵام کارگە گەورەکانی دیکە لەلایەن کارەبای هەرێمەوە بەشی خۆیان بۆ جیاکراوەتەوە".

لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا، چارەنووسی مۆلیدەکان چی بەسەر دێت؟ بەرپرسەکەی کارەبا گوتی "لەو کاتەشدا هەر پێویستمان بە مۆلیدەکان دەبێت".

محەممەد ئەمین هەورامی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا بەئاماژەدان بەوەی پرۆژەکەیان بەدڵە، چونکە لە دابەشکردنی کارەبادا دادپەروەریی بەدی دێت، گوتی "هاووڵاتی بە چوار تا پێنج ئەمپێری مۆلیدە قەناعەت دەکات، بێگومان 20 ئەمپێری حکومەت بەتەواوی بەشی دەکات".

سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکەی سلێمانی لە سەرتاسەری کوردسان، محەممەد ئەمین هەورامی گوتی "بەنیازین پرۆژەکە بکەینە بەرنامەیەکی سەرتاسەری، لەمەودوا هەر هاوبەشێکی تازە داوای کارەبا بکات 20 ئەمپێری دەدەینێ، بۆ شارەکانی دیکەش ئێستا لە تاوتوێ و بڕیاردانی کۆتاییداین، بەڵام تائێستا قسەمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەولێر و دهۆک نەکردووە و رەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا گفتوگۆی لە بارەوە بکرێت".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر کە دراوەتە (رووداو)، لە سنووری پارێزگاکەیان نزیکەی 500 هەزار هاوبەش هەیە و لەوەش نزیکەی 420 هەزاریان ماڵن، بە کارەبای نیشتمانی و مۆلیدەش نزیکەی 15 کاژێر کارەبا بە هاووڵاتیان دەدرێت.

حسێن حەمەد قادر، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوانیش پرۆژەکەیان بەلاوە باشە و لە حاڵەتی جێبەجێکردنیدا هەموو شوێنەکانی نیشتەجێبوون دەگرێتەوە، بەپێی پرۆژەکەشیان، جگە لە دانانی سێرکێت، پێوەری ماڵانیش دەگۆڕدرێت و هەردووکیان دەخرێنە نێو سندووقێکەوە و مۆر دەکرێن.




# فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بێ سەرۆکە

رووداو- سلێمانی

نامەی دەستلەکارکێشانەوەی رێکەوت زەکی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی قبووڵ کراوە و ئێستاش دوو ئەندامی فراکسیۆنەکە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە کاندیدن، بەڵام چانسی یەکێکیان بەهێزترە و ئەو کاندیدەش دەڵێت "وەرگرتنی پۆستەکە بە مافی خۆم دەزانم و بۆ ئەو مەبەستەش واژۆی 10 ئەندامم هەیە".

رێکەوت زەکی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی رۆژی 2016/11/2 بە نامەیەک بۆ جاری دووەم داوای بەخشینی لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکە پێشکەشی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی کردووە.

لە بەشێکی نامەکەیدا هاتووە "دوای ئەوەی ساڵی رابردوو داوای بەخشینم کرد لە ئەرکی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ئێستا بۆ دووەمجار لە رێگای ئەم نامەیەوە داوای بەخشین دەکەم، لە ئەمڕۆوە وەک ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی درێژە بەکارەکانم دەدەم، نەک سەرۆک فراکسیۆن".

## رزگار حەمەنووری و سەباح فەتاح کاندیدن

## رزگار حەمەنووری:
## ئەو پۆستە بە مافی خۆم دەزانم

فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دووەم گەورەترین فراکسیۆنە و 11 ئەندامیان هەیە، بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەیەک لە فراکسیۆنی یەکێتی بۆ (رووداو)، نامەی دەستلەکارکێشانەوەی رێکەوت زەکی لەلایەن مەڵبەندی سلێمانییەوە قبووڵ کراوە و چاوەڕوێی دانانی کەسێکی دیکەن بۆ ئەو پۆستە.

سەرچاوەکە گوتی "سێ هەفتە لەمەوبەر لە مەڵبەند کۆبوونەوە بۆ ئەو مەبەستە کرا، ئێستاش هەریەک لە رزگار حەمەنووری و سەباح شەهید فەتاح، ئەندامانی ئەنجوومەن لە فراکسیۆنی یەکێتی بۆ وەرگرتنی سەرۆکی فراکسیۆن کاندیدن".

پێشتر سەرۆکی فراکسیۆن بەشێوەی مەرکەزی لەلایەن یەکێتییەوە دانرا، نەک بەشێوەی هەڵبژاردن. سەرچاوەکە پێیوایە چانسی رزگار حەمەنووری بۆ سەرۆکایەتی فراکسیۆن زیاترە و گوتی "دوو ساڵ لەمەوبەریش رێکەوت زەکی و رزگار حەمەنووری کاندیدی پۆستەکە بوون، بەڵام بەشێوەی رێککەوتن رێکەوت وەکو سەرۆک دیاریکرا، ئێستاش ئەگەر بەپێی رێککەوتن و هەڵبژاردنیش بێت، هەر مافی رزگار حەمەنوورییە".

زیاد جەبار، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "وەڵامی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی رێکەوت زەکی وەکو سەرۆکی فراکسیۆن قبووڵکراوە و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا سەرۆکێکی نوێ بۆ فراکسیۆنەکە دەستنیشان دەکرێت".

سەبارەت بەو دوو ئەندامەش بۆ سەرۆکایەتی فراکسیۆن و شێوازی دانانیان، ناوبراو گوتی "رەنگە تا ئێستا هەر ئەو دوو ئەندامە خۆیان ئامادەکردبێت و پۆستەکە بۆ یەکێکیان بێت، بەڵام کاتێکیش بەفەرمی باسی بکرێت رەنگە کاندیدی دیکەش هەبن، بەڵام تائێستا نازانرێت بەشێوەی هەڵبژاردن یان مەرکەزی سەرۆکی نوێ دادەنرێت".

رزگار حەمەنووری وەرگرتنی ئەو پۆستە بە مافی خۆی دەزانێت و بە (رووداو)ی راگەیاند "کاتێک د.ئاسۆ فەرەیدوون کاندیدی پارێزگار بوو، لە کۆبوونەوەیەکی فراکسیۆندا کە 10 ئەندام ئامادەبوون و بە کاک د.ئاسۆشەوە، رێککەوتن کرا ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی فراکسیۆن بۆ من بێت، بەڵام ئێستا کاک سەباحیش دەیەوێت خۆی کاندید بکات، بۆیە وەرگرتنی پۆستەکە بە مافی خۆم دەزانم".

سەبارەت شێوازی دیاری کردنی سەرۆکی فراکسیۆن کە ئایا بە هەڵبژاردن یان بە مەرکەزی دەبێت. رزگار گوتی "تائێستا یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام ئێمە رێککەوتنمان کردووە و 10 ئەندامیش واژۆیان کردووە".

سەباح شەهید فەتاح، سەرۆکی لیژنەی یاساییە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی. رزگار گوتی "ئەو کاتەش لە بەرامبەر وەرگرتنی ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی فراکسیۆن، سەرۆکایەتی هیچ لیژنەیەکم وەرنەگرت، کاک سەباحیش سەرۆکی هەستیارترین لیژنەی ئەنجوومەنە، بەڵام ئەگەر یەکلاییکردنەوەی پۆستەکە بووە رەسمی و خۆی کاندید بکات، دیارە لە ئیمزای خۆی پاشگەز دەبێتەوە".

(رووداو) پەیوەندی بە سەباح شەهید فەتاح کرد، بەڵام ئامادەنەبوو قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات.

## کۆمپانیایەک 400 کەس دادەمەزرێنێ

**ڕووداو- سلێمانی**

بەهائەدین ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پرۆژەی کۆکردنەوە و گواستنەوە و شاردنەوەی خاشاکی شارەوانییەکانی شاربازێڕ و عەربەت و قەرەداغ و دەربەندیخان، دراوەتە کۆمپانیای ئۆرانۆس. لە ڕۆژانی داهاتووشدا لە وەزارەتی شارەوانی گرێبەستی بۆ دەکرێت. ناوبراو گوتی "بەپێی گرێبەستەکە دەبێت کۆمپانیا، کار بە کارمەندی شارەوانی هەمان ناوچە بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش نزیکەی 400 کرێکار سوودمەند دەبن، بودجەی پرۆژەکەش نزیکەی 15 ملیار دینارە و لە ساڵی داهاتووەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و سێ ساڵیش بەردەوام دەبێت".





## وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی پەلەوەر لە 41 وڵاتەوە قەدەغە دەکات

# ئەنفلەوەنزا هەڕەشە لە ئابووریی کوردستان دەکات

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر



بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەنفلەوەنزای باڵندە، وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی مریشک و بەرهەمە پەلەوەرییەکانی لە 41 وڵات قەدەغە کرد، بەڵام خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر دەڵێن ئەو بڕیارە نەبووەتە هۆی بەرزکردنەوەی نرخی مریشک. هۆشداریش دەدەن، ئەگەر ئەو جۆرە ئەنفلەوەنزایە بگاتە کوردستان، زیانێکی زۆر دەدات.

ئەنفلەوەنزای باڵندە (Avian Influenza) نەخۆشییەکی ڤایرۆسیی کوشندەیە و زۆر بەخێرایی بڵاودەبێتەوە و تووشی هەموو باڵندەیەک دەبێت، بەڵام زیاتر لەسەر مریشک، قەل، قاز، مراوی، کۆتر، نەعامە، تووتی و تاوس دەردەکەوێت. ڕێژەی مردنی باڵندە و پەلەوەر بەهۆی ئەو ئەنفلەوەنزایە زۆر بەرزە و هەندێکجار ڕێژەکەی دەگاتە 100%.

بەپێی دوایین داتای ڕێکخراوی تەندروستی ئاژەڵی جیهانی (OIE)، تەنیا لە مانگی ڕابردوودا جۆرێکی تازەی ئەنفلەوەنزای باڵندە کە زۆر کوشندەیە و بە H5N8 ناسێندراوە، لە 26 وڵات بڵاوبووەتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژیش بە وڵاتانی دیکەدا بڵاودەبێتەوە.

د.جەمال شوکری، بەڕێوەبەری کەرەنتین لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "بۆ پاراستن و ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەنفلەوەنزای باڵندە لە هەرێمی کوردستان، لە هەر وڵاتێک ئەنفلەوەنزای باڵندە دەربکەوێت، هاوردەکردنی باڵندە و پەلەوەر لەو وڵاتە قەدەغە دەکەین".

ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزای باڵندە، لەسەربنچینەی کوشندەیی، دەکرێت بەدوو جۆری زۆر کوشندە و کەم کوشندە. مەترسیی یەکەمیان لەوەدایە کە تووشی باڵندە و مرۆڤ و ئاژەڵ دەبێت، بۆیە بە نەخۆشییە هاوبەشە زۆر مەترسیدارەکان بۆ تەندروستی گشتی هەژمارکراوە.

د.جەمال شوکری دەڵێت "ئەنفلەوەنزای باڵندە جۆری زۆرە، زۆربەیان کوشندەن بۆ پەلەوەر، بەڵام تەنیا دوو جۆریان کە بریتین لە H5N1 و H7N7 لەڕێگەی خواردن و بەرکەوتنی خوێن و پاشماوەی پەلەوەر لەڕێی هەناسەدانەوە تووشی مرۆڤ دەبن. ئەگەر خێرا چارەسەری بۆ نەکرێت ئەگەری مردن بەهۆیەوە دەگاتە 50%".

دکتۆر جەمال هەروەها گوتی " ئەم جۆرە تازەیەی کە بە H5N8 دەناسرێت، بۆ باڵندە زۆر مەترسیدارە و ئەگەری مردن بەهۆیەوە دەگاتە 100%. بەڵام تائێستا دیار نییە ئەم جۆرە ئەنفلەوەنزایە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە یان نا".

ساڵی 2006 بۆ یەکەمجار چەند حاڵەتێکی ئەنفلەوەنزای باڵندە لە هەرێمی کوردستان بڵاوبووەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکە زیاتر لە 500 هەزار پەلەوەری خۆماڵی لەنێوبران، بەمەش زیانێکی گەورە بەر ئابووریی هەرێمی کوردستان کەوت، بەڵام شێوازی لە نێوبردنی پەلەوەرەکان ناڕەزایی لێکەوتەوە. بۆیە وەزارەتی کشتوکاڵ بەپشتبەستن بە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی جیهانی تەندروستیی ئاژەڵ، ڕێنمایی تایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکە داڕشتووە.

بەپێی ڕێنماییە تازەکان، لە هەر شوێنێک حاڵەتی ئەنفلەوەنزای باڵندە دەربکەوێ، ئەو شوێنە دەکرێتە چەقی بەرەنگاربوونەوەکە، دوو بازنە بە دەوری ناوچەکەدا دروست دەکرێ، یەکێکیان سێ کیلۆمەتر و ئەوەی دیکەشیان 10 کیلۆمەتر دەبێ. لە زۆنی یەکەم هەموو پەلەوەرێک (تووشبوو و تووشنەبوو) لەناودەبرێن، دواتر ناوچەکە دەڕشێندرێ، بۆ ماوەی 21 ڕۆژیش هاتوچۆ لە ناوچەکە قەدەغە دەکرێت. پاشان پشکنین بۆ زۆنی دووەم دەکرێ، ئەگەر نەخۆشییەکە هەبێت کۆنترۆڵ دەکرێت.

لە 26ی مانگی ڕابردوو یەکەم حاڵەتی ئەنفلەوەنزای H5N8 لە ئێران سەری هەڵدا، بەو پێیەی ئێران سنوورێکی درێژی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە هەرێمی کوردستان هەیە.

د.میقداد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستیی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت "تا ئێستا لە کوردستان هیچ حاڵەتێکی تازەی ئەنفلەوەنزای باڵندە تۆمار نەکراوە، بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی ڤایرۆسەکە لە ئێران کە هاوسنوورە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ترس هەیە لە ڕێگەی باڵندەی کۆچەری و هاوردەکردنی بەرهەمەکانی پەلەوەر بە قاچاخ، لە کوردستانیش ڤایرۆسەکە بڵاوببێتەوە".

بە گوتەی د.میقداد، بۆ پاراستن و ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە لە هەرێمی کوردستان، جگە لە قەدەغەکردنی هاوردەی بەروبوومی پەلەوەری ئەو وڵاتانەی ئەنفلەوەنزایان تێدا بڵاوبووەتەوە، بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنێری پارێزگاکانیان ڕاسپاردووە کە لە نزیکەوە ئاگاداری کێڵگە پەلەوەرییەکان بن، گوندنشینانیش ئاگادار بکەنەوە تا بۆیان دەکرێت ئەم ماوەیە پەلەوەرەکانیان بەرەڵا نەکەن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ، سەرەڕای قەیرانی دارایی ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەر لە کوردستان بەردەوام لەزیادبووندایە، ئێستاش ژمارەیان 1350 پرۆژەیە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "ڕێژەی مردن لەو جۆرە تازەیەی ئەنفلەوەنزای باڵندەدا یەکجار بەرزە و بەخێراییش بڵاودەبێتەوە، بۆیە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان بڵاوببێتەوە زیانێکی زۆری ئابووری بەدواوە دەبێت و پیشەسازی پەلەوەر بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە".

ڕەمەزان محەممەد، زۆرتر لەبارەی زیانەکانی بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە ئەنفلەوەنزایە دەڵێت "ئەگەر ڤایرۆسەکە بگاتە هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی بە هەزاران پەلەوەری پرۆژەکان لەنێودەبرێن، حکومەت توانای قەرەبووکردنەوەیان نییە، بۆ ماوەی سێ مانگیش کرێکارانی کێڵگە تووشبووەکان بێکار دەبن، چونکە بەپێی ڕێنماییەکان تا سێ مانگ نابێت مریشک لەو کێڵگەیە دابنرێتەوە".

لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو لە کێڵگەیەکی دایکانەی مریشک لە دهۆک حاڵەتی ئەنفلەوەنزای باڵندە دەرکەوت و بووە هۆی مردنی 700 هەزار مریشک، بەڵام تیمەکانی وەزارەتی تەندروستی توانییان کۆنترۆڵی بکەن.

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بەهۆی ئەوەی سنوورێکی فراوانمان لەگەڵ ئێران هەیە، زۆرجار هێلکە و مریشکی بە قاچاخ دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەگەری زۆرە ئەنفلەوەنزایەکە بگاتە ئێرەش".

حەیدەر فەرحان پێشبینی دەکات ئەگەر ڤایرۆسەکە بگاتە هەرێمی کوردستان زیانێکی زۆریان بەردەکەوێ "چونکە زۆربەی کێڵگەکان لە ڕووی ئاسایشی زیندەگی (Biosecurity) زۆر تۆکمە نین، حکومەت لەم بارودۆخەدا ڕەنگە نەتوانێ بودجەی پێویست و خێرا بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکە تەرخان بکات".

### تورکیا هاوسەنگیی نرخی ڕاگرتووە

هەرچەندە وا پێشبینی دەکرا بەهۆی قەدەغەکردنی هاوردەی مریشک لە 41 وڵات، نرخی مریشکی ناوخۆیی بەرزببێتەوە، بەڵام بە گوتەی خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر، ئەو ڕێوشوێنە هیچ کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخ نەبووە.

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە گوتی "بەهۆی ئەوەی تورکیا لەو 41 وڵاتە نییە، بۆیە بازرگانان مریشک و هێلکە لەوێ هاوردە دەکەن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نرخی مریشک و هێلکە بە هاوسەنگی بمێنێتەوە".

## ئەسپ لە کوردستان بە 100 هەزار دۆلار فرۆشراوە

# بەخێوکردنی ئەسپ لە کوردستان لە حەزەوە دەبێتە کاری بازرگانی

### سەرۆکی یەکێتی ناوەندی سوارچاکانی کوردستان:

### هەندێک بازرگان ئەسپی نارەسەن بە نرخی خەیاڵی بە خەڵک دەفرۆشن

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر



سەرۆکی ڕێکخراوێکی ئەسپسواری دەڵێت بەخێوکردنی ئەسپ لە هەرێمی کوردستان لە ئارەزوو تێپەڕیوە و ئێستا بۆ مەبەستی بازرگانی بەخێودەکرێت، بەڵام بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی ئەو بازرگانییە سست بووە و ئەسپ وەکو جاران پارە ناکات.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، خاوەنی هیچ ئامارێک نییە لەبارەی ژمارەی ئەسپ و مایین لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەگوێرەی پێشبینی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئەسپسواری، زیاتر لە 2000 ئەسپ و مایین لە هەرێمی کوردستان هەن. لەو ژمارەیەش 1000 ئەسپ و ماییننیان ڕەسەنن. 45% یان عەرەبین، 15% کوردی، 40%ی دیکەش ئەسپی ئیسپانی، تۆربرێتی ئینگلیزی، پۆنی، تورکمانستانی و لێکدراوی ئەسپی کوردی و جۆرەکانی دیکەن، ئەوانی دیکەش ئەسپ و مایینی ڕەوەندین.

سروود بەکر، سەرۆکی ڕێکخراوی دوانزدە سوارەی کوردستان بۆ کولتوور و وەرزشی ئەسپسواری، دەڵێت "ئەگەر دوێنێ ئەسپ وەک ئارەزوو و پێویستی لە هەرێمی کوردستان بەخێوکرابێت، ئەمڕۆ ئەم قۆناغەی تێپەڕاندووە، ئێستا خەڵکانێک ئەم ئاژەڵە بۆ مەبەستی بازرگانی بەخێودەکەن".

بە گوتەی سروود، هەندێ بازرگان و سەرمایەدار، ئەسپی ڕەسەن لە وڵاتانی ئەوروپی، ئاسیاو ئەمەریکاوە دەهێنن کە نرخی هەندێک لەو ئەسپانە گەیشتووەتە 100 هەزار دۆلار، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی خواست لەسەر ئەسپ کەمتر بووە و نرخیشی دابەزیوە.

بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی دوازدە سوارەی کوردستان، زۆربەی ئەو ئەسپ و ماییننانەی هاوردەی کوردستان کراون، عەرەبین.

حاجی نەوزاد قادر، خاوەنی کێڵگەی بەخێوکردنی ئەسپی عەرەبییە، لەگوندی سپیگرەی سەر بە ناحیەی هیرانی پارێزگای هەولێر، ئێستا 22 ئەسپ و ماینی هەیە. ئەو دەڵێت "ئەسپی عەرەبی ئەسپێکی جوانە و لە بازاڕیش پارەیەکی باش دەکات".

ئەسپەکانی حاجی نەوزاد، لەجۆری واهۆی عەرەبین و لە ئوردن و ئەڵمانیاوە هاوردەکراون. نرخی هەندێکیان دەگاتە نزیکەی 70 هەزار دۆلار. حاجی نەوزاد گوتی "جگە لە لایەنە بازرگانییەکەی، ئەسپەکانم بۆ بەشداری لە کێبڕکێ و هەڵبژاردنی شاجوانی ئەسپەکان لە کوردستان و وڵاتانی عەرەبی بەکاردێنم".

بۆ پێشخستنی وەرزشی ئەسپسواری و بەشداریکردن لە کێبڕکێیەکان، دوو ساڵە یانەیەکی ئەسپسواری لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە، تا ئێستاش دوو کێبڕکێیان بۆ جوانی و بازدان ساز کردووە.

حاجی نەوزاد قادر، ئەندامێکی کارای ئەم یانەیە دەڵێت "لە هەردوو کێبڕکێیەکە ماینەکانم پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا لەنێو 36 ئەسپ و مایین".

کورد خاوەنی ئەسپی تایبەت بەخۆیەتی، ئەسپی کوردی جگە لە جوانییەکەی، بە بەهێزی و خۆشڕەوی و گوێڕایەڵی ناسراوە، توانای خۆگونجاندنی لە ناوچە گەرم و ساردەکاندا هەیە.

ئەسپی کوردی سێ جۆری هەیە: کەلهوڕی، جافی و سنجابی. بەرزییان لەنێوان 145 تاوەکو 155 سانتیمەتردایە، کێشیان لەنێوان 180 بۆ 200 کیلۆ دەبێت. ڕەنگەکانیشی بریتین لە ڕەشی سادەی نێوچەوان سپی. سووری تۆخ کە بە کوێت ناسراوە. سووری کاڵ، بۆر، شین، شینی گوڵ گوڵی. هەروەها ڕەنگی سپی و زەردی زیویشی هەیە.

سروود بەکر کە 25 ساڵە ئەسپ بەخێودەکات و دامەزرێنەری ڕێکخراوی دوازدە سوارەی کوردستانە، دەڵێت "ئەسپی کوردی ڕەسەن ئەگەر ڕەچەڵەکی دیاربێت و ڕاهێنراوبێت و هەیکەل و ڕەنگێکی جوانی هەبێت، خاوەنی سەرجەم تایبەتمەندییەکان بێت، نرخەکەی دەگاتە 100 هەزار دۆلار".

بە گوتەی سروود، بەر لە قەیرانی دارایی خواستێکی زۆر لەسەر ئەسپ هەبوو، بۆیە بە سەتان ئەسپی خراپ لە تورکیا و ئێرانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کران و بە ئەسپی ڕەسەن فرۆشران، ئێستا ئەو ئەسپانە نیوەی نرخی خۆیان ناکەنەوە.

لە هەولێر زیاتر ئەسپی عەرەبی و لە سلێمانیش زیاتر ئەسپی کوردی خواستیان لەسەرە. زاهیر حەمەساڵح، خاوەنی کێڵگەی بەخێوکردنی ئەسپ و مایینی کوردییە لە نزیک ناحیەی عەربەتی پارێزگای سلێمانی. ئەو دەڵێت "20 ئەسپ و مایینی ڕەسەنی کوردیم هەیە، ئامانجمان لە بەخێوکردنیان بە پلەی یەک هێشتنەوەی نەژادی ئەسپ و مایینی ڕەسەنی کوردییە، هەندێجاریش ئەگەر ژمارەیان زیاد بکات بە دیاری دەیدەینە هاوڕێ و خزمان، یان دەیانفرۆشینەوە".

زاهیر حەمەساڵح، لەگەڵ تاهیر سەگرمەی برای، کێڵگەیەکی دیکەی بەخێوکردنی ئەسپی کوردییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە کە تەنیا بۆ وەچەخستنەوە بەکاریدێنن. ئەو دەڵێت "لە کێڵگەکەی ڕۆژهەڵات 16 مایینی پلە یەکمان هەیە، ساڵانە لە ئەسپە نایابە کوردییەکانی ئێران چاکیان دەکەین، جوانەکان دەهێنینەوە کوردستان و ئەوانی دیکەش لەوێ دەفرۆشینەوە".

سەبارەت بە نرخی ئەسپی کوردی، زاهیر گوتی "نرخەکەی بەپێی ڕەسەنی و جوانی و ڕەچەڵەکەکەیەتی، لە 10 هەزار دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 100 هەزار دۆلار، بەڵام ئەوانەی ڕەچەڵەکیان دیار نییە، یان تێکەڵن، نرخیان لە نێوان یەک تاوەکو پێنج ملیۆن دینارە".

### شتێک نییە بەناوی ئەسپی کوردی

شێخ نەسرەددین بەهائەددین، سەرۆکی یەکێتی ناوەندی سوارچاکانی کوردستان، گومانی لە ڕەسەنێتی ئەسپە کوردییەکانی کوردستان هەیە و دەڵێت "ئەو ئەسپانەی لە هەرێمی کوردستان هەندێ بازرگان بە ئەسپی ڕەسەنی کوردی بەنرخی خەیاڵی بە خەڵکی دەفرۆشن، بەشی زۆریان تێکەڵەیەکن لە ئەسپی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی و تاجیکستانی، هیچیان ئەسپی ڕەسەنی کوردی نین".

شێخ نەسرەددین پێیوایە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە کورد خاوەن ئەسپی ڕەسەنی خۆیەتی، پێوستە زانکۆکانی کوردستان توێژینەوە لەسەر ئەسپی کوردی بکەن و ڕەسەنایەتییەکەی بسەلمێنن، چونکە تا ئێستا لە ڕێکخراوی جیهانیی ئەسپ شتێک نییە بە ناوی ئەسپی کوردی.

ئێکسۆن مۆبیل لە پارێزگای سلێمانی دەکشێتەوە

# کۆمپانیاکانی نەوت دەستبەرداری 19 کێڵگەی نەوتی کوردستان دەبن




بیلال سەعید
ڕووداو- هەولێر

بەپێی ڕاپۆرتی پێگەکانی تایبەت بە نەوت، لە دوو ساڵی ڕابردوودا کۆمپانیاکانی نەوت لە 19 کێڵگەی نەوتیی هەرێمی کوردستان کشاونەتەوە کە دواییینیان دەستبەرداربوونی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل بوو لە سێ کێڵگەی نەوت لە سنووری پارێزگای سلێمانی. وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت لە ساڵی داهاتوودا کار لە 20 بلۆکی نوێی نەوت دەکەن.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان بە گۆڤاری عێراق ئۆیڵی ڕاگەیاند، هەندێک لە کۆمپانیاکان نەیانتوانیوە لە وادەی دەستنیشانکراوی نێو گرێبەستەکەیان، کارەکەیان تەواو بکەن، بۆیە دەبووایە دەست لە کارکردن لەو ناوچانە هەڵبگرن.

پێشتر و لە کۆتایی ساڵی 2015دا کۆمپانیای شیڤرۆن، دووەم گەورەترین کۆمپانیای نەوتی ئەمریکی پاش ئێکسۆن مۆبیل، کارکردنی لە کێڵگەی ڕۆڤیا لە باکووری هەولێر ڕاگرتبوو، بەڵام کارەکانی لە کێڵگەی سەرتا بەردەوامە.

بیژەن ڕەحمانی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی لە گوتارێکدا لە کۆنفرانسی نەوت و غازی کوردستان ئاماژەی بە چەند کۆمپانیایەک دا کە لە کەرتی نەوتی کوردستان کشاونەتەوە "کۆمپانیای ئافرێن لە بلۆکی بەردەڕەش، مایەپووچ بوو، هیچ نەوتێکیشی بەرهەم نەهێنا. هەروەها کۆمپانیای مۆڵی هەنگاریش ئامانجی ئەوەبوو لە کێڵگەی ئاکرێ- بجیل ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت تاوەکو کۆتایی ساڵی 2015 بەرهەم بهێنێت، بەڵام سەرەڕای خەرجکردنی یەک ملیار دۆلار، کێڵگەکە نەوتێکی کەمی هەبوو، بۆیە کۆمپانیاکە دەستبەرداری ئەو کێڵگەیە بووە".

بە گوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، سێ هۆکاری سەرەکی لە پشت وەستاندن یان هەڵپەساردنی کارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان هەن کە بریتین لە شەڕی داعش، دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا و کێشەی پێدانی هەقدەستی کۆمپانیاکان.

بیژەن ڕەحمانی دەڵێت "دواخستنی دانەوەی هەقدەستی کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەردەوامە". ئاشکراشی کرد کە هەقدەستی دواکەوتووی کۆمپانیاکە "گەیشتووەتە یەک ملیار دۆلار".

شوان زولال، شرۆڤەکاری کەرتی نەوت و گاز ئاماژەی بەوە دا کە لە دوایین کۆنفرانسی نەوت و گازی کوردستان لە لەندەن هەموو هەوڵەکانی حکومەت بۆ گێڕانەوەی متمانە بوو بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان و پەیامەکە ئەوە بوو کە کوردستان توانیویەتی خۆڕاگر بێت و کێشە داراییەکانی کەم بکاتەوە".

بەڵام ڕەحمانی دەڵێت گەڕاندنەوەی ئەو متمانەیە تەنیا بە پێدانی هەقدەستی کۆمپانیاکان دەبێت "پێویستە دڵنیایی بە کۆمپانیاکان بدرێ، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان بتوانن ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرز بکەنەوە". گوتیشی "بۆ هەر 10 هەزار بەرمیل کە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی هەرێمی کوردستان زیاد دەبێ، 100 ملیۆن دۆلاریش لە داهاتی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاد دەبێ".

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و دروستبوونی قەیرانی دارایی، حکومەتی هەرێم لە پێدانی شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان تووشی گرفت بوو، جگە لەوەی دابەزینی نرخی نەوت و نزیکبوونەوەی داعش لە سنوورەکانی کوردستان بوو بەهۆی ڕاگرتنی پرۆسەی وەبەرهێنان لەچەندین کێڵگەی نەوتی کوردستان.

دەستبەرداربوونی هەندێک لە کۆمپانیاکانی نەوت لە بلۆکەکانیان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پلانەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان داناوە و هانیداوە نەخشەی نوێ بۆ بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دابڕێژێتەوە.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان لە لەندەن ڕایگەیاند "سنووری هەموو بلۆکەکانمان دیسان دەستنیشان کردووەتەوە. هەندێکیان ئەو بلۆکانەن کە کۆمپانیاکان وازیان لێهێناون. ئێستا 20 بلۆکی نوێی نەوت و گاز پێشکەش دەکەین کە وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت".

ڕەشید ڕەسوڵ شرۆڤەکاری وزە پێیوایە ڕاگەیاندنی 20 بلۆکی نەوتی بۆ سێکتەری نەوتی کوردستان گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام دەڵێت "پێویستە هەوڵ بدرێت هەڵەکانی ڕابردووی گرێبەستەکان دووبارە نەکرێتەوە، تێچووی دەرهێنانی نەوت کەم بکرێتەوە کە جاری وا هەبووە بۆ یەک بەرمیل نەوت گەیشتووەتە 20 دۆلار".

هەروەها هۆگر هادی، شرۆڤەکاری کەرتی نەوت و گاز پێیوایە کاتی ئۆفەرەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان زۆر گونجاوە "لەبەر ئەوەی نرخی نەوت بەرزبووەتەوە و پاڵنەری ئابووریی بەهێزە بۆ کۆمپانیاکانی نەوت، بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکەن".

بەهجەت قەرەداغی، پسپۆڕ لە گرێبەستە نەوتییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەشێک لە گرێبەستە نەوتییەکانی ڕابردوو چەندین هەڵەیان تێدایە و نابێت لە گرێبەستە نوێیەکاندا دووبارە بکرێنەوە.

قەرەداغی گوتی "پێویستە لە گرێبەستەکانی داهاتوودا سنووری ناوچەی وەبەرهێنان دیاری بکرێ، مۆدیلی گرێبەستەکان ئاشکرا بکرێ، جگە لەوەی مەرجەکانی پێداچوونەوە بە گرێبەستەکان بچەسپێنرێ. هەروەها مەرجی وەبەرهێنان فەرز بکرێ لەسەر کۆمپانیاکان تاوەکو دیاربێت ئەو کۆمپانیایە توانای خەرجکردنی چەند بڕە پارەی هەیە".

# گازی سروشتی لە ناوخۆ بەکاربهێنن، هەناردەی مەکەن


عومەر ئەحمەد



لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە زیانی گەورە بەر کەرتی نەوت و گازی سروشتی هەرێمی کوردستان کەوت، بە چەشنێک پلانی پەرەپێدانی چەندین بلۆکی نەوتی دواکەوتن و چەندین کۆمپانیاش دەستبەرداری بلۆکەکانیان بوون. ئەو کێڵگانەی دەوڵەمەند بوون بە گازی سروشتی پلانی پەرەپێدانیان بەهۆی خراپیی ڕەوشی دارایی کۆمپانیاکانەوە دواخران، تا دێت ئەگەری هەناردەکردنی گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە کەمتر دەبێتەوە. بۆیە باشترە لە جیاتی ئەوەی بیر لە هەناردەکردنی گازی سروشتی بکەینەوە، زیاتر بیر لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ بکرێتەوە وەک ستراتیژییەکی نوێ.

پەرەپێدانی کێڵگەکانی گازی سروشتی بەپێچەوانەی نەوتی خاو تەکنیک و تێچووی زیاتری دەوێ. نەوتی خاو دوای دەرهێنانی لەڕێی چەند دامەزراوەیەکی ساکارەوە بۆ گواستنەوە ئامادە دەکرێ، بەڵام ئامادەکردنی گازی سروشتی زۆر ئاڵۆزە، دەبێت دامەزراوەکانی وشککردنەوەی گاز، جیاکردنەوەی گازی نایترۆجین، جیاکردنەوەی گازی دوانۆکسیدی کاربۆن، جیاکردنەوەی گازی هایدرۆجین سولفاید لە کێڵگەکانی گازی سروشتیدا دابمەزرێن کە تێچووەکەی زۆرە. هەناردەکردنی گازی سروشتیش ئەگەر بە بۆری نەبێت، بە تانکەر ئاسان نییە و دەبێت پێش گواستنەوەی شل بکرێتەوە کە ئەمەش تێچووی بە بازاڕکردنی زیاد دەکات.

ئێستا گرنگ نییە گازی سروشتی هەرێمی کوردستان هەناردەی تورکیا بکرێت. ئەگەر بە باشی پەرەی پێبدرێت بە مەبەستی بەکارهێنانی ناوخۆ، شۆڕشێکی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دروست دەکات. هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ تورکیا زیاتر لە قازانجە داراییەکەی، لەڕووی سیاسی و جیۆپۆلیتیکەوە گرنگە کە بەرژەوەندی تورکیا و ئاسایشی وزەی ئەو وڵاتە بە هەرێمی کوردستانەوە گرێدەدات. ئەگەرنا بەکارهێنانی گازی سروشتی بۆ دابینکردنی کارەبا، گەرمکردنەوەی ماڵان قازانجی دارایی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتر نییە لە هەناردەکردنی.

گازی سروشتی تا ئێستاش باشترین و هەرزانترین سووتەمەنییە بۆ وێستگەکانی کارەبا، هەروەها ماددەی سەرەکی بازنەیەکی زۆر زەبەلاح لە پیشەسازی قورسی پترۆکیمیاییە، هەر لە بەرهەمهێنانی پلاستیکەوە بگرە تا بەرهەمهێنانی دەرمان.

ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە کێڵگەکانی کۆرمۆر و خۆرمەڵە ڕۆژانە زیاتر لە 300 ملیۆن پێ سێجا گازی سروشتی بەرهەمدێت کە بەکاردەهێنرێ بۆ دابینکردنی سووتەمەنی وێستگەکانی کارەبای هەولێر و سلێمانی. خواستی ناوخۆش ساڵانە 6 تا 7 ملیار مەتری سێجایە، واتا ڕۆژانە 580 تاوەکو 680 ملیۆن پێی سێجا. ئەوەش بەو مانایەیە کە ئێستا ڕۆژانە بڕی 300 تاوەکو 400 ملیۆن پێی سێجا کورتهێنانمان هەیە لە پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ. پێشبینی کراوە تاوەکو چوار ساڵی داهاتوو، خواستی ناوخۆ لەسەر گازی سروشتی بەرزببێتەوە بۆ ساڵانە 12 ملیار مەتر سێجا.

بەگشتی لە کێڵگەکان، گازی سروشتی دابەشکراوە بۆ دوو جۆر، یەکێکیان ئەو گازی سروشتییەیە کە لەگەڵ نەوت لە کێڵگەکان بەرهەمدێت و بە "گازی هاوڕا لەگەڵ نەوت" دەناسرێت. ئەو گازی سروشتییەش کە نەوتی لەگەڵ نییە، بە گازی "ناهاوڕا" دەناسرێ.

لە هەرێمی کوردستان لە سێ کێڵگەی نەوتی شێخان، سەرسنگ و گەرمیان بڕێکی مامناوەندی لە گازی هاوڕا لەگەڵ نەوت هەیە. کێشەی گازی سروشتیی هاوڕا لەگەڵ نەوت لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە ئەم گازە لەو کێڵگانە هەیە کە دوورەدەستن لە بازاڕی ناوخۆ و بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەکەی، تێچووی کۆکردنەوەو چارەسەرکردن و گواستنەوەی زۆرە، لەبەر ئەوە باشترین چارەسەر ئەوەیە هەر لە کێڵگەکاندا لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دوای چارەسەرکردنی، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای ناوخۆی کێڵگەکان بەکاربهێنرێت، یان کەرتی تایبەت هەر لە نزیکی کێڵگەکان، پیشەسازی پێترۆکیمیایی یان کارگەکانی ئاسن، چیمەنتۆ و پیشەسازییەکانی دیکەی بۆ دروست بکات.

گەورەترین سامانی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان گازی ناهاوڕایە لە کێڵگەی کۆرمۆڕ کە ئێستا لە قۆناغی بەرهەمهێناندایە، گازەکەی هەناردەی وێستگەی کارەبای هەولێر و سلێمانی دەکرێ. بەکاربردنی گازی سرووشتی لەو دوو وێستگەیە کە پێشتر بە گازوایل کاریان دەکرد، داهاتی ساڵانەی دوو ملیار دۆلاری بۆ حکومەت گەڕاندووەتەوە. جگە لەکێڵگەی کۆرمۆر، هەر یەکە لە کێڵگەکانی میران و بنەباوی، بە دۆزینەوەی گەورەی گازی سرووشتی ناهاوڕا ئەژمار دەکرێن و لە قۆناغی پەرەپێداندان. هەر یەکە لە کێڵگەکانی کوردەمیر و تۆپخانەش بەهۆی نزیکی لە وێستگەی کارەبای سلێمانی، دەتوانن دوای پەرەپێدانیان بەرهەمهێنانی کارەبای ئەو پارێزگایە بۆ چەندین ساڵی داهاتوو گەرەنتی بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا پەرەپێدانی ئەو کێڵگانە ئاسان نییە، گەورەترین تەحەدداش ترشبوونی گازی سروشتی هەرێمی کوردستانە کە ڕێژەیەکی زۆری هایدرۆجین سولفاید (H2S)ی تێدایە. لە هەندێ لە کێڵگە گەورەکانی گازی هەرێمی کوردستان وەک میران و بنەباوی، ڕێژەی گازی CO2 و H2S دەگاتە 10% تاوەکو 20% ، ئەوەش بەو مانایەیە کە لە کاتی چارەسەرکردنی گازی سروشتیدا بڕێکی زۆر گۆگرد بەرهەم دێت کە بە 5000 تۆن لە ڕۆژێکدا، دەخەمڵێنرێت. ئەوەش کێشە دروست دەکات وەک کەڵەکەبوونی لە نزیک کێڵگەکان، ئەگەر بازاڕی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوەو بە شێوازێکی ڕێکوپێک نەگوازرێتەوە.

لەبەر ئەوە ئاسان نییە گازی سرووشتی بەمزووانە هەناردەی تورکیا بکرێت و باشترە لە ناوخۆدا کەڵکی لێ وەربگیرێت، نە تەنیا بە مەبەستی گەرمکردنەوە، بەڵکو بۆ بنیاتنانی کەرتێکی پیشەسازیی پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستان.

تا دێت لە بایەخی نەوتی خاو وەک سەرچاوەی وزە کەمتر دەبێتەوە، بەتایبەتی لەژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامەکەی ساڵی 2015ی پاریس کە 195 وڵات بڕیاریان دا بە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی بەرهەمە نەوتییەکان وەک سەرچاوەیەکی پیسکەری ژینگە. لەبەر ئەوەشە لە داهاتوودا بەکارهێنانی بەرهەمە نەوتییەکان سنووردار دەبێت. لە هەمان کاتدا گازی سروشتی وەک جێگرەوەیەکی بەهێز بۆ نەوتی خاو کە ژینگە کەمتر پیس دەکات و نرخەکەشی هەرزانترە، گرنگیی زیاتری پێ دەدرێت. پێشبینیش دەکرێت وڵاتانی جیهان گرینگی زیاتر بە گازی سروشتی بدەن.


ئەلەند مەحوی

## بۆچی بۆچوونەکانی ئاشتی هەورامی گۆڕاون؟

بەهۆی داخراویی خۆی و وەزارەتەکەی بەرامبەر میدیاکان، ڕۆژنامەنووسان بە شۆخییەوە دەڵێن "وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە جانتاکەی ئاشتی هەورامیدایە". بەڵام ئاشتی هەورامی کە 10 ساڵە وەزیرە، لە ناوەڕاستی ئەمساڵەوە گۆڕانکارییەکی گەورە لە بۆچوونەکانیدا ڕوویداوە. بەبڕوای من بڕێک شەفاف بووە و تێڕوانینەکانی زیاتر واقعیانەیە.

ئاشتی هەورامی لە 2016/10/25 لە شەشەمین دیداری مێری زۆربەی خەڵکی شۆک کرد، کاتێک زۆر بە ڕاشکاوانە دەستی خستە سەر برینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گوتی بەبێ چاکسازییەکی ڕاستەقینە، ئەگەر ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بە بەهای 100 دۆلاریش بەرهەم بهێنین، داهاتی نەوت بەشی خەرجییە زێدەڕۆییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات.

لە هەمووشی قورسترئەو دانپێدانانە بوو کە لەبارەی سەرنەکەوتنی "پلانی هەناردەکردنی یەک ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانەی نەوت" خستییە ڕوو، کە ئەمەیان مژدەیەک بوو پێشتر بە خەڵکی کوردستان درابوو.

ئەم قسانەشی دواتر لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە لە 2016/11/7 لە تۆڕی میدیایی ڕووداو بڵاویکردەوە، زۆر بە ڕوونتر و ڕاشکاوانەتر دووپاتکردنەوە.

وێستگەی سێیەمی ئەو جۆرە لە پەیامەکانی ئاشتی هەورامی، شەشەمین کۆنفرانسی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بوو کە ڕۆژانی 5- 7ی ئەم مانگە لە لەندەن بەڕێوەچوو.

هەورامی لەو کۆنفرانسەدا، نەک هەوڵی نەدا سەرنجی کۆمپانیاکان (وەک ساڵانی ڕابردوو) بۆ کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ڕابکێشێت، بەڵکو لەبارەی شایستە داراییەکانیشیانەوە، زۆر ڕاشکاوانە بە کۆمپانیاکانی گوت "ئەگەر کوردستان شوێنێکی باش نییە بۆ کارکردنتان، پارەکانتان ببەن بۆ شوێنێکی دیکە".

سەبارەت بە پرۆسەی هەناردەکردنی غازی سروشتیش زۆر بەساردییەوە گوتی "هیچ بۆرییەک ڕانەکێشراوە و لەگەڵ هیچ وڵاتێکیش بۆ هەناردەکردنی غاز ڕێکنەکەوتووین، هەوڵ دەدەین تاوەکو 2020 غاز هەناردە بکەین".

لە کاتێکدا ساڵی 2013 هەر لە لەندەن ڕایگەیاندبوو "لە ئەیلوولی ساڵی داهاتوودا، بۆڕی گواستنەوەی غازی هەرێم- تورکیا کۆتایی دێت و هەرێم بە نیازە لە ساڵی 2016ەوە غاز هەناردەی تورکیا بکات".

ئەم قسانەی ئاشتی هەورامی تەواو پێچەوانەی قسەکانی چەند ساڵی ڕابردوویەتی کە بەردەوام بانگەشەی بۆ کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان دەکرد و سەرنجی جیهانی بۆ ئەو کەرتە ڕاکێشابوو.

ئەم گۆڕانکارییە لە بۆچوونەکانی ئاشتی هەورامی دوای قوڵبوونەوەی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان سەریهەڵداوە، هەورامی تێگەیشتووە کە بانگەشەکانی ئەو بۆ کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بەشێکی ناواقیعی بوون و ئەنجامەکەی وەک ئەوە نەبووە کە چاوەڕوان دەکرا.

لەلایەکی دیکەوە ئاشتی هەورامی زۆر باش دەزانێت کە سەرباری هەموو قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، زۆربەی ڕەخنەکان ڕووبەڕووی ئەو بوونەتەوە، لەم ڕووەوە هەست دەکات زوڵمی لێدەکرێت.

بۆیە ئاشتی هەورامی بە ئاگاییەوە بڕیاری داوە بەم جۆرە بدوێت و شێوازی گوتارەکانی بگۆڕێت.

## ئێران لە عێراقەوە بەرگری لە ئەسەد دەکات

# پلانەکەی تاران جەنگی مووسڵی قورستر کرد



عەبادی پێشبینی نەدەکرد حەشدی شەعبی بەو خێراییە بگاتە سەر سنووری عێراق و سووریا

(فۆتۆ: AFP)

رووداو- هەولێر

پلانی سەرەتایی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بریتی بوو لەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە شێوەی ناڵی ئەسپ بە دەوری مووسڵدا جێگیر بکرێن و پێشڕەوی بکەن، بەمەش رێگەیەکی دەرچوون لە رۆژئاوای مووسڵ بۆ چەکدارانی داعش بەرەو سووریا بهێڵنەوە. بەڵام ئێران و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نەیانهێشت ئەو پلانە سەربازییەی سوپای عێراق جێبەجێ بکرێ.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ئاژانسی رۆیتەرز، لە رۆژانی سەرەتای ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا، ئێران گوشارێکی زۆری بۆ حکومەتی عێراق هێنابوو بۆئەوەی ئەو رێگەی دەرچوونەش بگرن و شارەکە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ بدەن، حکومەتی عێراقیش دواجار چووە ژێر باری داواکەی تاران و هەر ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکە دانا.

ئەو پلانەی سەرەتا لە ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنەوەی چەندین شاری عێراقدا بەکارهێنرابوو، بریتی بوو لە هێشتنەوەی رێڕەوێک بە کراوەیی بۆ ئەوەی چەکدارانی داعش و هەروەها خەڵکی سیڤیل بتوانن دەربچن. ئەم پلانە دەیتوانی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ خێراتر و ئاسانتر بکات.

کۆمەڵێک بەرپرسی عێراقی بە ئاژانسی رۆیتەرزیان راگەیاند، ئێران گوشارێکی زۆری کردووە بۆ ئەوەی چەکدارانی حەشدی شەعبی رەوانەی رۆژئاوای مووسڵ بکرێن و رێگەی نێوان مووسڵ و رەققە ببڕن. ئێستاش کە داواکەی ئێران سەری گرتووە، چەکدارانی داعش هیچ رێگەیەکیان لەپێش نەماوە جگە لەوەی لە نێو شارەکەدا جەنگی مان و نەمان بکەن، خەڵکی سڤیلی شارەکەش رێگەیەکیان نییە لێوەی خۆیان رزگار بکەن.

بەرپرسێکی کورد کە لە دانانی پلانی جەنگی مووسڵدا بەشداربووە، بە رۆیتەرزی راگەیاند "پلانی سەرەتاییمان ئەوە بوو لە رۆژئاوا (واتە رۆژئاوای مووسڵ) کۆریدەرێک بۆ راکردنی چەکدارانی داعش بکەینەوە، بەڵام حەشد سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو کەلێنەش بگرن و رێگە نەدەن چەکدارانی داعش بەرەو سووریا رابکەن". ئەمەش رێک ئەو شتەیە کە تاران دەیەوێ رێگەی لێ بگرێ، لە کاتێکدا ئەسەد لە ناوچەکانی باکووری سووریا خەریکی پێشڕەوییە و ئێران نایەوێ لەم قۆناغەدا داعش گوشارەکانی لەسەر سوپای بەشار ئەسەد، سەرۆکی سوویا، زیاد بکات.

لەلایەکی دیکەوە، رۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە فەرماندەکانی سوپای عێراق داوایان لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کردووە پلانی جەنگەکە بگۆڕن و داوا لە دانیشتووانی مەدەنی مووسڵ بکەن شارەکە چۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی هەم ژمارەی قوربانیانی سەربازی و مەدەنی کەم ببێتەوە و هەمیش رێگە بۆ هێرشی ئاسمانی بکرێتەوە کە ئۆپەراسیۆنەکە خێراتر دەکات.

ژەنەراڵ عەبدولغەنی ئەلئەسەدی بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە، بەهۆی بوونی خەڵکی مەدەنی لە ناوچەکان، سوپای عێراق لەنێو مووسڵدا دەستی بەستراوە. ئەمە جگە لەوەی گەیاندنی خواردن و خواردنەوە بە خەڵکی ناوچە رزگارکراوەکانی مووسڵ گیانی سەربازانی عێراق دەخاتە مەترسییەوە.

لە ساڵی 2003وە، جەنگی مووسڵ گەورەترین جەنگی عێراقە کە نزیکەی 100 هەزار سەربازی سوپای عێراق، پێشمەرگە و میلیشیای حەشدی شەعبی تێیدا بەشدارن.

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی دەست رۆیتەرز کەوتوون، رێکخراوە نێودەوڵەتییە مرۆییەکان کەمپی ئاوارە و کۆچبەری جەنگی مووسڵیان بۆ 90 هەزار کەس لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد لە سووریا دروستکردبوو. بەڵام وەک یەکێک لەو رێکخراوانە ئاشکرای کرد "ئێران رازی نەبووە کۆریدۆرێکی پارێزراو بۆ ئاوارەکان بکرێتەوە".

کەریم نووری، گوتەبێژی حەشدی شەعبی رەتیکردەوە ئێران هیچ پەیوەندییەکی بە جووڵەپێکردنی هێزەکانیان بەرەو رۆژئاوای مووسڵ هەبێ، بەڵام هیشام ئەلهاشمی، لێکۆڵەری عێراقی، پێیوایە بەرژەوەندییەکانی ئێران بە گرتنی رۆژئاوای مووسڵ مسۆگەر دەبێ، یەکێک لە گرنگترین ئەو بەرژەوەندییانەش پەیوەندی بە داهاتووی هەیمەنەی ئێران و شیعە بەسەر ناوچەکەوە هەیە. جێگیرکردنی هێزێکی شیعە لە رۆژئاوای مووسڵ دەرفەتی ئەوە بە ئێران دەدات کە رێڕەوێکی شیعی لە نێوان تاران و دیمەشقدا تا سەر دەریای نێوەڕاست دروست بکات.

جگە لەمە، جێگیرکردنی هێزێکی شیعی لە نزیک مووسڵ، لە درێژخایەندا ئەگەری سەرهەڵدانەوەی سوننەکان دەهێنێتە ئاراوە. مایکڵ نایتس، لێکۆڵەر لە پەیمانگای واشنتن دەڵێت سەرهەڵدانەوەی سوننەکان بە قازانجی ئێرانە، چونکە ئەمە وادەکات بەغدا بەردەوام بۆ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی وڵاتەکەی پێویستی بە هاوکاری و ئامادەیی تاران هەبێ.

### ئێران تەنیا نەبووە

هەڵبەت تەنیا ئێران نەبووە کە داوای گرتنی رێگەی نێوان رەققە و مووسڵی کردووە. هاشمی کە ئاگاداری وردەکاری پلانە سەرەتاییەکەی گرتنەوەی مووسڵە، لەوبارەیەوە بە رۆیتەرزی راگەیاند کە "ئێران تاکە وڵات نییە داوای داخستنی رێگەکانی رۆژئاوای مووسڵی کردبێ، بەڵکو رووسیاش کە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەسەدە، داوای کردبوو هەموو رێگاکانی هاتنی چەکدارانی داعش لە مووسڵەوە بۆ سووریا بگیرێ".

بەگوێرەی راپۆرتەکەی رۆیتەرز، عەبادی لەسەر داوای ئێران رازی بووە هێزەکانی حەشد رەوانەی ئەو ناوچەیە بکات، چونکە پێیوابووە میلیشیا شیعەکان کاتێکی زۆریان پێویستە بۆ ئەوەی بگەنە رێگاکەی نێوان سووریا و عێراق، لەم ماوەیەشدا رێگەی راکردنی چەکدارانی داعش کراوە دەبێ و جەنگی مووسڵیش بە گوێرەی پلانە بەراییەکە بەرەوپێش دەچێت، بەڵام پێشبینییەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراق راست دەرنەچوو.

هاشمی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "عەبادی خۆیشی پێی سەیر بووە چۆن حەشد بە چەند رۆژێکی کەم گەیشتنە رێگاکە"، بە بۆچوونی هاشمی جەنگی مووسڵ لەو رۆژەوە شێوازێکی دیکەی وەرگرت، چونکە لەو رۆژەوە خواردن و سووتەمەنی نەگەیشتە نێو مووسڵ و چەکدارانی داعشیش ناچار بوون شەڕی مان و نەمان بکەن.

هاوکات لەگەڵ جووڵاندنی هێزەکانی حەشد بەرەو رۆژئاوای مووسڵ، ئەبووبەکر بەغدادی، سەرکردەی داعش، لە تۆمارێکی دەنگیدا داوای لە چەکدارانی گرووپەکەی کردبوو بەهیچ شێوەیەک بیر لە جێهێشتنی مووسڵ نەکەنەوە. لەو کاتەشەوە چەکدارانی داعش زیاتر لە 600 هێرشی خۆکوژییان لە نێو شاری مووسڵ کردووە.

بەرپرسە کوردەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، دەڵێت بوونی خەڵکی مەدەنی لە شارەکەدا جەنگەکەی سەختتر کردووە، تەنانەت هۆشداری ئەوەشی داوە کە دەشێ جەنگی مووسڵ هاوشێوەی جەنگی ناوچە جیاوازەکانی سووریای بەسەر بێت، بە گوتەی خۆی ئەمە دەشێت "مووسڵ بکاتە حەڵەبێکی دیکە".

## بەرپرسێکی کورد:
## مووسڵ دەبێتە حەڵەبێکی دیکە

# داعش "شاری مزگەوتەکان" دەکاتە کەلاوە



فەللوجە یەکەم شوێن بوو لە عێراق داعش بنەماکانی خەلافەتەکەی و شێوازی حکومڕانییەکەی تێدا بەرجەستە کرد.

فرمان عەبدولڕەحمان
رووداو- فەللوجە

هێشتا شتێک نەبوو بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، کاتێک فەللوجە کەوتە بندەستی گرووپە رادیکاڵەکان، ئەو گرووپە هەر هەمان داعشی ئەمڕۆ بوون، بەڵام بەناوی (داع)، واتە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق.

فەللوجە یەکەم ناوچەی جوگرافی بوو لەعێراقدا داعش کۆنترۆڵی کرد، ئەوکاتەی ئێمە بڕیارمان دا بچینە نێو فەللوجە، زیاتر لە دوو مانگ بوو شارەکە لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبییەوە کۆنترۆڵ کرابووەوە، بەڵام هێشتا ژیان نائاسایی بوو. لە کۆی 350 هەزار دانیشتووی شارەکە، کەسیان نەگەڕاونەتەوە. لەسەر رێگە بە هەزاران خێمەی ئاوارە لەنێو ئەو تۆز و خۆڵی بیابانەدا هەڵدراون.

فەللوجە شوێنێکی ستراتیژی بوو بۆ داعش بەو پێیەی تەنیا 60 کیلۆمەتر لە بەغدای پایتەختەوە دوورە. یەکەمین ناوچەش بوو کە داعش بەشێوەیەکی فیعلی دەسەڵاتی خۆی تێدا چەسپاند، ئەویش لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی 2014دا بوو، واتە شەش مانگ پێش گرتنی مووسڵ، هەر بۆیە فەللوجە بۆ داعش قەڵایەکی سەخت بوو، هەوڵی زۆری دا بۆئەوەی لە دەستی نەدا، وێرانبوونی زۆربەی شارەکەش هێمان بۆ ئەوەی کە داعش بەرگرییەکی سەختی تێدا کردووە.

لە دەروازەی شار یەکەم شوێن سەرنجی دەدەی نەخۆشخانەی فێرکاریی فەللوجەیە کە بنکەیەکی سەرەکیی داعش بوو لە شارەکەدا. زیاتر لە 45%ی نەخۆشخانەکە وێران بووە. نەخۆشخانەی فەللوجە پێش هاتنی داعش نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ بوو لە 300 قەرەوێڵە پێکهاتبوو، نەشتەرگەریی گەورەی تێدا دەکرا، بەڵام ئێستا تەنیا وێرانەیەکە.

داعش پێش هەموو شارەکانی دیکەی عێراق لە فەللوجە بنەماکانی خەلافەتەکەی و شێوازی حوکمڕانییەکەی بەرجەستە کرد، تەنانەت یەکەم جێبەجێکردنی سزای دەستبڕین وەکو بەشێک لە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە، لە فەللوجە بوو.

فەللوجە بە شاری مزگەوتەکان ناسراوە، بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەو مزگەوتانەی لەنێو شارەکەدا هەن کە ژمارەیان 220 مزگەوتە و سەرجەمیان منارەیان هەیە، بەڵام داعش زۆر لەو مزگەوتانەی کردبووە بنکەی خۆی. لە کاتی گرتنەوەی شارەکەشدا لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبییەوە، داعش لە نێو بەشێک لە مزگەوتەکانەوە سەنگەری لێداو بەرگریی کرد، هەر بۆیە زۆر لەو مزگەوتانە زیانی گەورەیان بەرکەوت.

ئەو کاتەی ئێمە لە فەللوجە بووین، هێشتا شارەکە خامۆش و خاڵی بوو لە خەڵک. بەنێو گەڕەکەکانی شاری فەللوجەدا گوزەر دەکەین و جگە لە وێرانکاریی دوای جەنگ هیچ شتێکی دیکە بەدی ناکەین. زۆربەی خانووەکانی شوێنەواری شەڕیان پێوە دیارە.

داعش لە نێو فەللوجەدا بە زەبری هێز دەسەڵاتەکەی چەسپاندبوو، خەڵکی فەللوجەش لەبەرئەوەی ستەمی دەسەڵاتی مالیکییان زۆر بینیبوو، پشتیوانیی داعشیان کرد، یان لانیکەم ستەمی چەکدارانی داعشیان بەلاوە پەسەندتر بوو وەک لە ستەمی چەکدارانی سوپاکەی مالیکی، هەر بۆیە لە کاتی شەڕەکانی نێوان داعش و سوپای عێراقدا، بەگشتی خەڵکی سڤیلی شارەکە بوونە قوربانیی راستەقینە.

پێش گرتنەوەی شاری فەللوجە لەلایەن سوپای عێراقەوە لە 26ی حوزەیرانی 2016دا بۆ ماوەی دوو مانگ فەللوجە گەمارۆ درابوو. دانیشتووانەکەی هیچ خۆراکێکیان پێنەدەگەیشت، ئەو ماوەیە خواردن و خواردنەوەی خەڵکی شارەکە تەنیا ئاو و خورما بووە. ئەوانەشی لە کاتی گەمارۆکەدا هەوڵی دەربازبوونیان دەدا، لەلایەن داعشەوە گوللەباران دەکران.

رووباری فورات شاری فەللوجە دەکات بە دوو بەشەوە کە بەشە سەرەکییەکەی دەکەوێتە بەری رۆژهەڵاتی فورات. پێش گرتنەوەی فەللوجە، داعش هەر سێ پردە سەرەکییەکەی سەر رووباری فوراتی تەقاندەوە. هەر بۆیە بەشێک لە خەڵکی فەللوجە لە کاتی هەڵاتنیاندا لە شارەکە، ناچاربوون بە مەلە لە رووباری فورات بپەڕنەوە تا خۆیان لە دەستی ئاگری شەڕ رزگار بکەن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە رووبارەکەدا خنکان.

داعش لە شوباتی 2016دا چەند وێنەیەکی ئەبوبەکر بەغدادی کەسی یەکەمی رێکخراوەکەی بڵاوکردەوە کە دیاری لەسەر چەند کەسێک لە مزگەوتی مورسەلیندا لە فەللوجە دابەش دەکات. مزگەوتەکە بەهۆی جەنگەوە وێران بووە، هێشتا بە تەواوی نەپشکنراوە، گومان دەکرێ هێشتا بۆمبی چێندراوی تێدا مابێت.

هاوشێوەی شوێنەکانی دیکە، لە فەللوجەش خانووی هاووڵاتییان کراونەتە بنکەی سەربازی و بنکەی شەرعیی داعش. بارەگای سەرەکی و دادگای شەرعی و زیندانی داعش لە فەللوجە لە گەڕەکی مامۆستایان بووە.

لە نێو فەللوجە گەڕەکێک هەیە بەناوی ئەلئەکراد، ئەو گەڕەکەش بێبەش نەبووە لە وێرانکاری و پاشماوەی جەنگ. هەموو دیمەنەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە داعش بە هەر شوێنێکدا رۆیشتبێ، وێرانکاریی لەوێ ئامادەیە.

فەللوجە لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێنەوە چەند جارێک لە چەند کاتی جیاوازدا رووبەڕووی هێرش و گەمارۆدان و پەلاماری سەربازی بووەتەوە، چونکە بەردەوام شارێکی یاخی بووە، شوێنێک بووە بۆ داڵدەدانی گرووپە توندڕەوەکان، بۆیە چەند جارێک وێران بووە، بەڵام هیچیان وەکو ئەوەی داعش نەبووە.

لە فەللوجە شەڕی کوڵان بە کوڵان کرا تاوەکو داعش وەدەرنرا، بەو هۆیەشەوە جگە لەوەی شارەکە وێران بوو، ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانیشی کوژران. حەشدی شەعبی لە پاڵ شەڕی داعش، شەڕی هاووڵاتیانی مەدەنیشی دەکرد کە سوننە مەزهەبن، بە جۆرێک رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی هێنایە دەنگ.

لە گرتەیەکی ڤیدۆیی داعشدا، ئەمیرێکی داعش دەبینرێ بە ناوی ئەبو عومەری فەللوجەیی کە یەکێک بوو لەوانەی تاوانبارە بە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکەی سپایکەر، هاوکات داواکارێکی سەرەکی بوو لەلایەن سوپای عێراقەوە. دواتر لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کەسێک دەکەوێتە دەست چەکدارانی حەشدی شەعبی، لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا پیاوێکی ریشدار دەردەکەوێ کە چەکدارانی حەشدی شەعبی بە چەرخ ریشی دەسووتێنن و وا دەردەکەوێ ئازارێکی زۆر دەچێژێ. لە پێگە شیعیەکاندا وا بڵاوکراوەتەوە کە ئەو کەسە ئەبو عومەری فەللوجەییە، بەڵام لە پێگەکانی تایبەت بە سوننەکاندا ئەوە وەکو پێشێلکاری بەرامبەر سوننە لەقەڵەم دراوە.

داعش لە نێو فەللوجەدا تەنیا شارەکەی وێران نەکرد، بەڵکو ئاشتیی کۆمەڵایەتی شارەکەشی تێکدا. ناکۆکییەکی زۆری لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شارەکەدا دروستکرد، ئەویش بەهۆی ئەو کوشتوبڕەی داعش لە شارەکەدا کردی، شارێک هێشتا بنەما عەشایرییەکان داینەمۆیەکی بەهێزن بۆ کار و کاردانەوە. ئێستا ئەوانەی کەسوکاریان کوژراوە بە دوای تۆڵەسەندنەوەن.



## له سوێد پەنابەرێکی کورد دەکوژرێ

**رووداو- هەولێر**

بەرەبەیانی رۆژی شەممە 2016/12/10 پەنابەرێکی کورد بە ناوی سەعدی بەمەندی کە پێشمەرگەیەکی دێرینی یەکێتی بوو، لە ماڵەکەیدا لە سوێد تەقەی لێکرا و کوژرا. ئەحمەد عوسمان کە ئامۆزای سەعدییە بە (رووداو)ی راگەیاند "کاک سەعدی هیچ کێشەیەکی نەبووە، بەڵام بەرەبەیان پەنجەرەی ماڵەکەی شێکندراوە، تەقەی لێکراوە و کوژراوە، ئێستا پۆلیسی سوێد سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایین بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکەی". سەعدی بەمەندی تەمەن 42 ساڵ، خێزاندار بووە و سێ منداڵی لەدوای خۆی جێهێشتوون، لە سوێد کاری فیتەری کردووە. بڕیار بوو لە چەند رۆژی ئایندەدا بگەڕێتەوە کوردستان.

تاراوگە
رووداو
ژمارە ( 436 ) – دووشەممە 2016/12/12

## زۆری نەمابوو کۆچبەرێکی کورد دیپۆرتی ئەفغانستان بکرێ

# سوێد کۆچبەرانی کورد بە دەست و چاوی بەستراوەوە دیپۆرت دەکاتەوە

**رووداو – ستۆکهۆڵم ، هەولێر**

نزیکەی دوو مانگە دیپۆرت کراوەتەوە. ئێستا لە شارۆچکەی دارەتووی نزیک شاری هەولێر نیشتەجێیە و خەریکە تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێت "هێندەی سوێدییەک زمانەکە دەزانم، کاریشم دەکرد و باجێکی زۆرم دەدا، کەچی گەڕاندیانمەوە". ئەمە قسەی هێدی قادر، تەمەن 31 ساڵانە کە دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی لە سوێد، دواجار دیپۆرت کرایەوە.

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)، لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا 74 کەس لە سوێد دیپۆرتی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە. دۆسیەی 53 کەسیش ئامادەکراوە بۆ دیپۆرتکردنەوەیان.

لە گێڕانەوەی چیرۆکی دیپۆرتکردنەوەکەیدا بۆ (رووداو)، هێدی قادر وای نیشاندا کە بە زۆر دەستگیرکراوە و بە دەست و چاو بەستراوی دیپۆرت کراوەتەوە. هێدی زۆر نیگەرانە لەوەی لە کوردستان وەریانگرتووەتەوە :"ئەفغانییەکان شەڕیان کرد لەسەر ئەوەی دەریاننەکەن، کەچی من وەک دیلێک وەرگیرامەوە لە وڵاتەکەی خۆم".

ئەو مەبەستی لەو بڕیارەی پەرلەمانی ئەفغانستان بوو کە هەفتەی رابردوو بە زۆرینەی دەنگ بە سوێدیان راگەیاند "کۆچبەرانمان وەرناگرینەوە".

ئێستا هانس ئەندرشۆنی رۆژنامەنووس لە سوێدەوە خەریکی جوڵاندنی دۆسیەی هێدی و چەند کەسێکی وەک ئەوە. هانس گوتی "لەگەڵ چەند چالاکڤان و پارێزەرێکی هاوڕێم، خەریکی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ناردنەوەی کەسانی وەکو هێدین کە ئێستا لە گرتووخانەکاندا چاوەڕێی بەزۆر ناردنەوەن".

سەبارەت بە هێدیش، ئەندرشۆن گوتی "هەوڵ دەدەین لە رێگەی مافی خۆی کە ئیقامەی کارە، بیگەڕێنینەوە سوێد". ئەگەرچی ئەمە کارێکی ئەستەمە، بەڵام هێدی بەتاکە رێگای دەزانێت و دەڵێت "زیاتر لە 5 ساڵە من لەسەر ئەو سیستم و ژیانەی ئەوێ راهاتووم".

بڕیاری ناردنەوەی هێدی و شێوازی ناردنەوەی بۆ کوردستان لە رێگەی فڕۆکەخانەی بەغداوە، چالاکڤانانی بوارەکانی مافی مرۆڤی نیگەران کردووە و دەڵێن ئەوەی دەکرێت دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤە.

لیۆن جافا، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ کە بە رەچەڵەک خەڵکی ئەمریکای لاتینە و زیاتر لە 18 ساڵە لە سوێد دەژی، بە (رووداو)ی گوت "پرۆسەی دیپۆرتکردنەوەی کۆچبەران لە سوێد تەواو نایاساییە".

بەڵام سەرەڕای ناڕەزایی چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و کۆچبەران، بەڵام حکومەتی سوێد گوێ بەو ناڕەزاییانە نادات و بەردەوامە لەسەر دیپۆرتکردنەوەی کۆچبەران.

یاسا نوێیەکەی سوێد لەبارەی کۆچبەران، دەسەڵاتی بە پۆلیس داوە بچنە سەر ئەو ماڵانەی گومان دەکرێ کۆچبەری نایاساییان تێدابێ. بیر لۆفینبیری کە بەرپرسێکی پۆلیسی سوێدە، بە رادیۆی سویدی راگەیاندووە، مافی ئەوەیان هەیە دەست بەسەر پاسپۆرت و هەموو بەڵگەیەکی کەسیدا بگرن، بۆ ناردنەوەی کۆچبەر.



دۆسیەی 53 کۆچبەری کورد بۆ دیپۆرتکردنەوە ئامادە کراوە

### خەریکبوو دیپۆرتی ئەفغانستان بکرێت

هەرچەندە بەشێکی زۆر لەو کوردانەی کە پێشتر وەکو ئەفغانی خۆیان ناساندبوو، کەوتنە ژێر هەڕەشەی سنووربەدەرکردنیان بۆ کابول، بەڵام محەمەد ئیسماعیل هیچ کێشەیەکی لەو شێوەیەی نەبووە، پەنای بۆ حکومەتیش نەبردووە تا بیژێنێت، کەچی زۆری نەمابوو دیپۆرتی ئەفغانستان بکرێ.

بڕیاری راگرتنی ناردنەوەی کۆچبەرانی ئەفغانی دووبارە شانسی مانەوەی بە ئیسماعیل دا، ئەگەر نا گوێشیان لێ نەدەگرت، بەڵام دواتر رۆژنامەیەکی سوێدی، ئاشکرای کرد کە بەهۆی هەڵەی چاپەوە، دۆسیەی ئیسماعیل بۆ ناردنەوەی بۆ ئەفغانستان تۆمارکراوە.

وێنەیەکی بەڵگەنامەی ناردنەوەی محەممەد ئیسماعیل لای رووداوە کە بەپێی ئەو بەڵگەیە، کاتی جێبەجێکردنی گەڕاندنەوەی بۆ ئەفغانستان، تەنیا چەند کاژێرێکی مابوو. لە کاتێکدا ئەو وەک کوردێکی عێراقی خۆی تەسلیم کردووە.

### بەهۆی 60 دۆلارەوە ئیقامەیان لێ وەرگرتەوە

چیرۆکی دانیار لە مێدیاکانی ئەو وڵاتەدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو کە نەزانیی خۆی و هەڵەی بەرپرسی کارەکەی بووە هۆکاری بڕیاری دەرکردنی لە سوێد. ئەو کە تەمەنی تەنیا 27 ساڵە، خەریکبوو لە ئاواتە گەورەکەی نزیک دەبووەوە: دامەزراندنی چێشتخانەیەکی تایبەت بەخۆی لە سوێد، بەڵام نەیزانی کە هەڵەی بەرپرسی کارەکەی و بێ ئاگایی خۆی بەهۆی 460 کرۆن کە نزیکەی 60 دۆلار دەکات، دەبێتە هۆکاری ئەوەی مافی مانەوەی کار (اقامە عمل)ی لێ بسەندرێتەوە.

دانیار کە خەڵکی باشووری کوردستانە و زیاتر لە 7 ساڵە لە سوێد دەژی، دەڵێت بەر لەوەی ببێتە خاوەنی مافی مانەوەی هەمیشەیی، پێیانگوتووە، تۆ مافی کار و مانەوەت نییە و دەبێت سوێد بەجێبهێڵی.

ئەو بۆ رۆژنامەی ئافتن بلادتی سوێدیی ئاشکرا کردبوو کە لەلایەن حکومەت و خاوەن کارەکەشییەوە غەدری لێ کراوە.

رەشا ئەمین پارێزەر و شارەزا لە بواری یاساکانی سوێد، گوتی "بەپێی سیستمی نوێ، دانیار مافی مانەوەی نییە، بەڵام ئەم حاڵەتە راستیی زیادبوونی گوشاری سوێد بۆ سەر کۆچبەران نیشان دەدات بۆئەوەی وڵاتەکە بەجێبهێڵن".

وەک رەشا بە (رووداو)ی گوت: "بڕی مووچە بۆ ئەو کەسانەی دەبنە خاوەنی مافی مانەوە لە رێگەی کارکردنەوە سنووردارە و نابێت لە 24 هەزار کرۆن کەمتر بێ".

بەڵام جیاوازیی مووچەکەی دانیار تەنیا 460 کرۆنی سوێدی بووە. چوار لە ئەندامانی ئەنجوومەنی دامەزراوەی کۆچ بڕیاریان لەسەر ناردنەوەی دانیار داوە، بەڵام بڕیارەکە بۆ سەرۆکی دامەزراوەکە ماوەتەوە.

### کۆچبەران خۆیان دەشارنەوە

لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا بڕیاری لێسەندنەوەی مافی مانەوە و دەرکردن بۆ زیاتر لە 3،200 کەس دەرچووە کە ژمارەیەکی زۆریان کورد و دانیشتووی هەرێمی کوردستانن. چونکە بە گوتەی دامەزراوەی کۆچ "ئەو ناوچانە ئارامن". بەپێی دوایین ئاماری دامەزراوەی کۆچ کە دەست (رووداو) کەوتووە. لەو ژمارەیە تەنیا 250 کەس سوێدیان بەجێهێشتووە و نزیکەی 74 کەسیش بەزۆر نێردراونەتەوە. بەڵام زیاتر لە 1،150 کۆچبەر خۆیان شاردووەتەوە و ئێستا پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕێت.

# کورد.. پەرتەوازەترین رەوەندی سوێد

**رووداو – ستۆکهۆڵم**

"لە بواری ئەدەب لە پێشن. سیاسیی چالاک و بازرگانی شارەزان، بەڵام پارچەپارچەن و هەرگیز لەگەڵ یەک هەڵناکەن. وا بڕوات ون دەبن". ئەمە بۆچوونی لێکۆڵینڤانێکی سوێدییە لە بارەی کوردی ئەورووپا کە کورد وەک نیشتمانەکەی پارچە پارچە دەبینێ و دەڵێت "هیچ رەوەندێک لە ئەورووپا هێندەی کورد پارچە پارچە نییە".

ساگا بوسترۆم نووسەر و لێکۆڵینڤانی سوێدی رەشبینە بەرامبەر ئایندەی رەوەندی کوردی لە ئەورووپا. ساگا بە (رووداو)ی گوت "ئەم نەتەوەیە لە ئەورووپا ون دەبێ و خەسڵەتی خۆیان دەسڕنەوە و لە داهاتوودا وەک پێکهاتەیەک لە ئەورووپا نامێننەوە، بەڵکوو دەتوێنەوە".

توانەوەی هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی ئەورووپیی پەیوەندی بە سەرکەوتنی ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە هەیە. بە لای ساگا و زۆر لە سوێدییەکانەوە کورد لەم رووەوە تەواو سەرکەوتوون، بەڵام دەڵێن هەر بەهۆی ئەمەشەوە خۆیان دەسڕنەوە. ساگا بۆسترۆم دەڵێت " کورد خاوەنی هەژارترین لۆبی کولتوورین".

### کورد.. تاراوگەنشینێک لە خزمەتی ئەورووپییەکاندا

بەهێزبوونی پێگەی کۆمەڵگەی کوردی لە تاراوگە و بەتایبەت لە وڵاتانی باکووری ئەورووپا بۆ ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە.

لە نێو پەرلەمانی سوێد شەش پارلەمانتاری کورد هەن، بەڵام دابەشی بیر و بۆچوونی تەواو جیاوازن لەیەکدی. ساگا دەڵێت "عەرەبەکان عەرەبایەتی و ئیسلامەتی دەکەن و تورکەکانیش سیاسەتی ناسیۆنالیستیانەی خۆیان دەکەن، بەڵام کوردی سوێد، تەنیا لە بۆنەکاندا هەست بە کوردبوونیان دەکەی".

بەڵام پرۆفیسۆر ئۆڤا برینگ کە لێکۆڵینڤانێکی سوێدییە و پێشتر راوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی سوێد بووە، لە بارەی کوردی ئەورووپاوە دەڵێت "پەیوەندییەکی باش هەیە لەنێوان کورد و سیاسییەکانی سوێد و حکومەت، دیبلۆماتی سەرکەوتووی کورد و کادری بەهێزی کوردی لە نێو پارتەکانی سوێددا هەن".

بە بۆچوونی ئۆڤا بوونی ئەو کوردانە لە نێو پارتەکانی سوێد بە قازانجی دۆزی کورد شکاوەتەوە "چونکە ئەو کوردانە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی حیزبەکانی سوێد هەبووە بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی کورد".

### کۆمەڵناسێکی سوێدی:
### کورد پێکەوە هەڵناکەن و لە بار و دیسکۆکاندا لەیەکتر هەڵدێن

### پەرلەمانتارێکی پێشووی کورد لە سوێد:
### زۆر کوردی نێو پارتەکانی سوێد حاشا لە کوردبوونی خۆیان دەکەن

پەرلەمانتارێکی پێشووی کورد نایشارێتەوە کە کوردی ئەورووپا بەتایبەتی کوردی سوێد، خەریکە کوردبوونی خۆیان بیردەچێتەوە.

ئیسماعیل کامیل لە سەرکردەکانی پارتی گەلی لیبرال و پەرلەمانتاری پێشووی سوێد دەڵێت "بەداخەوە زۆربەی کوردی نێو پارتەکان بەناوی بابەتی مافی مرۆڤ و دژ بە رەگەزپەرستی، کوردبوونی خۆیان لەبیر کردووە".

تۆڕی کوردستان- سوێد کە کۆمیتەیەکی فەرمیی نێو پەرلەمانی سوێدە و کامیل یەکێک لە دامەزرێنەرەکانیەتی، نموونەیەکی بەهێزی سەرکەوتنی لۆبی سیاسەتی کوردە لە سوێد. ئەو سەرکردەیەی پارتی لیبراڵ ئەمە بە زادەی سەرکەوتنی کاری کوردی سوێد دەزانێت، بەڵام پێیوایە "پارچەپارچەیی کوردی ئەورووپا راستییەکی حاشا هەڵنەگرە و روو لە زیادبوونیشە". گوتیشی "داکۆکیکردن لە پرسی نەتەوەیی ئەرکی سیاسییە کوردەکانی نێو پارتە سوێدییەکانە و تەواوکەری بابەتەکانی پاراستنی مافی مرۆڤیشە کە زۆر لە هاوڕێکانمان بە پێچەوانەوە لێی تێگەیشتوون و حاشا لە کوردبوونیان دەکەن".

### خۆیان لە یەکدی ئاشکرا ناکەن

لای ئانا سۆفیا، کورد پێکهاتەیەکی زیرەکی کۆمەڵگەی سوێدین، بەڵام دەڵێت "هەرگیز تەفسیری ئەوەم بۆ نەکراوە، بۆ ئەوەندە دوورن لە یەکدی و لە نێو خۆیاندا کوردبوونی خۆیان دەشارنەوە".

ئانا سۆفیا لارسۆن کۆمەڵناس و پسپۆڕی بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. لەبارەی کورد لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، لە سادەترین شتەوە دەست پێدەکات و دەڵێت "لە قوتابخانەکان عەرەب، فارس، تورک، ئەفغانی، ئەفریقی، سوێدییەکان هەموو دەبنە گرووپ، ئەوەی نایبینی لەناو یەک گرووپ، یان خۆیان لەیەکدی ئاشکرا ناکەن کوردەکانن".

ئانا سۆفیا دەڵێت ئەو حاڵەتەی کورد لە نێو بازاڕەکانیش رەنگی داوەتەوە "زۆر لە نەتەوەکان شاگەشکە دەبن و هەست بە بزەیان دەکەی کە کڕیار یان فرۆشیارێکی هاوزمانیان دەبینن، بەڵام کورد خۆیان لە یەکدی ئاشکرا ناکەن و بە سوێدی وەڵامی یەکدی دەدەنەوە، لە بار و دیسکۆکان لە یەکدی هەڵدێن".



ئەو کۆمەڵناسە لەبارەی کاریگەریی خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر نیشتەجێبوون دەدوێت و نموونە بە گەڕەکەکان دەهێنێتەوە "نموونەیەکی ئەرێنی نییە کە گەڕەکی زۆرینە عەرەبی وەک (تێنستا) یان فارسنشینی وەک (شیستا) یان سۆماڵینشینی وەک (رێنکەبی) دەبینی، بەڵام هەرگیز لە سوێد و لە هیچ وڵاتێکی ئەورووپی گەڕەکێک کە زۆرینەیەکی کوردیی هەبێت نابینرێت و هەرگیز دوو دووکانی کوردی یان دوو بۆ سێ چێشتخانەی کوردی پێکەوە نابن لە یەک ناوچەدا".

### سوێدییەکان حەز ناکەن ببنە سوێدی

بەلای بریتا ئۆسکبرینگ، نووسەری ناسراوی سوێدی "کورد سیمبولی مافی مرۆڤ و وەستانەوەن دژ بە ستەم". هەر لەبەر ئەمەش بڕیاری داوە هەتا هەڵوێستی حکومەتی تورکیا بەرامبەر کورد بەو جۆرەی ئێستا بێ، سەردانی تورکیا نەکات.

پشتگیریی نووسەر و رۆژنامەنووس و کەسایەتییە ناسراوەکانی سوێد بۆ پرسی کورد پەرە دەسێنێ. هەفتەی رابردوو پێنج نووسەری ناسراوی سوێد لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی تورکیا داوایان کرد "سەرکردەکانی کورد ئازاد بکات". ئەوانیش جان گیللۆ، سڤین والتەر، یۆناس گاردیل، کوردۆ باکسی و هونەرمەندی جیهانی لیسا نیلسۆن بوون.

بەبڕوای ساگا بوسترۆم سوێد هەلێکی باشە بۆ زیندووکردنەوەی لۆبیەکی جیهانی بۆ کورد "ئەوەی رابردوو بۆ ئەنفال و هەڵەبجە لە سوێد کرا و ئەمڕۆش لەلایەن سیاسەتمەداران و کەسایەتییە ناسراوەکانەوە بۆ کورد دەکرێت، نزیکیی کورد و سوێدییەکان نیشان دەدات".

گوتیشی :"هێزی کورد ئەم هەستەی لای سوێدییەکان دروستکردووە و هیوادارم بیپارێزن، بەڵام پێویستە کورد وەک نەتەوەیەکی چالاکی سوێد بمێننەوە، نەک ببنە سوێدی".



## سینەمای کوردی بە دڵی لەمیسە

**دەریاز یونس / رووداو- هەولێر**

توبا بیوکستون، خانمە ئەستێرەی بەناوبانگی تورک کە بە لەمیس ناسراوە، لە دوبەی و لە چوارچێوەی سێزدەمین خولی فێستیڤاڵی دوبەی ئامادەبوو کە فیلمێکی لەگەڵ دەرهێنەری کورد هونەر سەلیم لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاودەبێتەوە. توبا بە (رووداو)ی گوت: "ئێستا سینەماکارانی کورد چانسی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی فیلمی بەهێز، بەهۆی ئەو رووداوانەی لەو ناوچەیە روودەدەن". توبا بیوکستون گوتی کە چەند فیلمێکی کوردیی بینیوە، بۆیە دەڵێت "سینەمای کوردی سینەمایەکی بەهێزە". توبا لە درێژەی قسەکانیدا داوای ئاشتی و پێکەوەژیانی کرد و پەیامی خۆشەویستی بۆ هەوادارانی لە کوردستان نارد و گوتی "دەزانم لە کوردستان هەوادارم زۆرە، خۆشەویستیم بۆیان".



### هونەرمەند حەسەن شەریف بۆ (رووداو):

# حەز ناکەم بەشداری ئاهەنگە بازرگانییەکانی سەری ساڵ بکەم

حەسەن شەریف، ساڵی 1969 لە گوندی کێستەی سەر بە شاری دهۆک لەدایک بووە. بەهۆی کاری سیاسی و پێشمەرگایەتییەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات و لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە بووەتە پێشمەرگە. حەسەن شەریف تائێستا خاوەنی حەوت ئەلبووم و 15 گۆرانیی تاکە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی گۆرانیگوتنی بۆ پارتی دەکات و وەڵامی ئەو رەخنانەش دەداتەوە کە لەو رووەوە لێی گیراون.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو - سلێمانی

**رووداو: مێرمنداڵ بووی کە بووی بە پێشمەرگە، چۆن وا زوو بوویتە پێشمەرگە؟**

**حەسەن شەریف:** تەمەنم 16 ساڵان بوو کە بوومە پێشمەرگە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە گۆرانیی سیاسیم دەگوت، بۆیە ناچار بووم روو لە شاخ بکەم، لە لقی یەکی پارتی بوومە پێشمەرگە و بەو هۆیەشەوە نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم.

**رووداو: پێشتر گۆرانیت بۆ پێشمەرگە گوتبوو، یان پاشان کە بووی بە پێشمەرگە، گۆرانی سیاسیت گوت؟**

**حەسەن شەریف:** لە تەمەنی 16 ساڵی بەرەو سەرەوە دوو کاسێتم بەنێوەکانی تەمبورا من و باران باری بڵاوکردەوە کە زیاتر بەلای سیاسی و شۆڕشدا بوون، بۆ نموونە گۆرانی باران باری، بۆمبەکانی رژێم وەکو باران دەچواند کە بۆردومانی گوندەکانیان دەکرد، جگە لەوەش بەشداری بۆنە نەتەوەییەکانم دەکرد.

**رووداو: هەر لە تەمەنێکی زوودا دەستت بە گوتنی گۆرانیش کرد، ئەوەیان چۆن بوو؟**

**حەسەن شەریف:** من زۆر پەیوەستم بە گەلەکەم، لەو کاتەشدا زۆر ستەم لەسەر گەلەکەمان هەبوو، بۆیە ویستم گۆرانی بۆ قارەمانێتی کورد بڵێم. خێزانەکەم بەهۆی منەوە ئاوارە بوون و تاوەکو ساڵی 1991 لە ئامەد بوون.

**رووداو: چەند ساڵ پێشمەرگە بوویت؟**

**حەسەن شەریف:** ساڵی 1987 تا ناوەڕاستی 1988، لەو ماوەیەشدا لە دەنگی کوردستان کاری هونەریی باشمان کرد. پاشان چوومە ئامەد، دوای راپەرینیش گەڕاینەوە، چەند ساڵێک لە شاری دهۆک ژیاین و دوو کاسێتی دیکەم تۆمار کرد، نزیکەی بیست ساڵیشە لە سوێد نیشتەجێم. دوای راپەڕین هەندێک بەرهەمم لە بواری ئەویندار هەبوون، بەڵام هەر لەبەر دۆزی میللەتەکەمان دەمەوێت خەباتی هەر چوار پارچەی کوردستان لە کارەکانمدا رەنگ بدەنەوە، بۆیە کارەکانم زیاتر سیاسی و نەتەوەیین.

### دوو ساڵە ئەلبوومێکم ئامادەیە

### بۆ مامەڵەی خێزانی گەڕاومەتەوە سوێد

**رووداو: گۆرانیت بۆ حیزب و سەرکردەکانیش گوتووە، بۆ پارتی و مستەفا بارزانی، لەسەر ئەمە رەخنەت لێنەگیراوە؟**

**حەسەن شەریف:** جارجار رووبەڕووی رەخنە بوومەتەوە و دەڵێن گۆرانی بۆ حیزب مەڵێ، بەڵام ئەو حیزبانەش هەموو لە خزمەتی کوردستاندا بوون. رەحمەتی مستەفا بارزانی سیمبولێکی نەتەوەی کوردە. بۆ پارتیش هەندێجار لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا گۆرانیم بۆ گوتوون، بەڵام گۆرانیم بۆ شەڕڤانیش گوتووە.

### پێشمەرگایەتی و هونەر، لە خوێندنیان دابڕیم

**رووداو: بەو پێیەی پێشمەرگەی پارتی بوویت، پەیوەندیت لەگەڵیاندا ماوە؟**

**حەسەن شەریف:** تەنیا لە بۆنەکانیاندا وەکو سترانبێژ و هاوڕێیەک بەشداری دەکەم.

**رووداو: ئامادەیت بەشداری ئاهەنگی پارتەکانی دیکە بکەیت؟**

**حەسەن شەریف:** بەڵێ بەشداریم کردووە و ئامادەشم بەشداری بکەم.

**رووداو: بەڵام زۆرجار دەگوترێت کە نابێت هونەرمەندان بەشداری ئاهەنگی حیزبی بکەن، لەو بارەیەوە رات چییە؟**

**حەسەن شەریف:** ئەو رەخنەیەمان لێدەگیرێ، بەڵام ئەوانەی رەخنەمان لێدەگرن دەبێت بە سنگفراوانییەوە بەشداریکردنمان قبوول بکەن، چونکە ئێمە چەندین ساڵە داوای یەکڕیزی و برایەتی لە نێوان حیزبەکان دەکەین، دەبێت لەسەر دەستی هونەرمەندانیش، یەکڕیزیی حیزبەکان دروست ببێت.

**رووداو: بۆچی زۆر بە کەمی بەشداری ئاهەنگی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەی؟**

**حەسەن شەریف:** بەشداریکردن لە ئاهەنگەکان دوو جۆرە. یەکێکیان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە داوا دەکرێت و دووەمیش هەندێک پرەنسیپی خۆمان. بۆ یەکەمیان هەندێجار بەهۆی میزاجی شەخسی کۆمپانیاکانە، دووەمیش، هەندێجار ئاهەنگی ساڵی نوێ دەبێت، بەڵام زیاتر بازرگانین و پێم باش نییە بەشدار بم.

**رووداو: لە ساڵانی رابردوودا گۆرانییەکت بەنێوی لالش بۆ ئێزیدییەکان گوت کە لەلایەن کوێکرانتەوە پێشوازی باشی لێکرا، هەندێک گوتیان بوویتە ئێزیدی؟**

**حەسەن شەریف:** (بە پێکەنینەوە) زۆر ئەو پرسیارە دەکرێت. ئێزیدییەکان بەهۆی بیرووباوەڕیانەوە زۆر چەوسێنرانەوە. پێش ئەوەی گۆرانییەکە بڵاوبکەمەوە، هەندێک لە عەرەب و هەندێک کەسی نێو ئێزیدییەکانیش دەیانگوت عەرەبین، منیش بۆ سەلماندنی کوردبوونیان ئەو گۆرانییەم گوت.

### بەهۆی گۆرانیگوتن بۆ پارتی رەخنەم لێگیراوە

**رووداو: لە دوو ساڵی رابردوودا گۆرانیی زۆر بۆ پێشمەرگە گوتراوە، بۆچوونت چییە لە سەریان؟**

**حەسەن شەریف:** کاری هەندێک لە هونەرمەندان زۆر باش بوو، بەڵام هەندێک بەرهەمیش لە ئاستی پێشمەرگەدا نەبوون.

**رووداو: چ پرۆژەیەکی نوێت بەدەستەوەیە؟**

**حەسەن شەریف:** دوو ساڵە ئەلبوومێکم تەواو بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سپۆنسەرەوە بڵاوم نەکردووەتەوە، بەرهەمم بۆ ئەلبوومی دووەمیش ئامادەیە.

**رووداو: ساڵانێک لەمەوبەر بە یەکجاری گەڕایتەوە کوردستان، بەڵام دووبارە گەڕایتەوە سوێد، ئەوە چۆن بوو؟**

**حەسەن شەریف:** دوو ساڵ لە کوردستان بووم و نزیکەی نۆ مانگە بەهۆی هەندێک مامەڵەی خێزانییەوە چوومەتەوە سوید، بەڵام دەگەڕێمەوە کوردستان.

### شێروان بێرکۆتی بۆ (رووداو):

# بەهۆی غەریبییەوە بووم بە حەیرانبێژ

شێروان بێرکۆتی کە زیاتر وەکو حەیرانبێژ ناسراوە، دەڵێت بەهۆی غەریبی و خۆشەویستییەوە رووی کردووەتە گوتنی حەیران، ئەگەرنا پێشتر بیری لێ نەکردبووەوە، بەڵام ئێستا هەست بە سەرکەوتنی لەو بوارەدا دەکات. ئەو کە زۆر سەرسام بووە بە حەیرانبێژی کۆچکردوو حەسەن سیساوەیی، دەڵێت کۆچی ئەو لە کاری هونەری خاوی کردووەتەوە.

شێروان نورەددین محەممەد، ناسراو بە شێروان بێرکۆتی، ساڵی 1971 لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایک بووە. ساڵی 1983 لەگەڵ هونەرمەند فەرهاد زیرەک یەکەمین کاسێتی تۆمارکردووە، بەڵام بڵاوی نەکردووەتەوە. ساڵانی 1991 تا 1994، سێ کاسێتی بڵاوکردووەتەوە. بێرکۆتی نزیکەی 18 ساڵە لە نەرویج دەژی.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو - سلێمانی

**رووداو: تۆ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایک بوویت، بۆچی پاشناوی بێرکۆتیت هەڵگرتووە؟**

**شێروان بێرکۆتی:** لە خۆشەویستیم بۆ شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو و هونەرمەندی کۆچکردوو قادر زیرەک، کە هەردووکیان خەڵکی گوندی بێرکۆتن، ناسناوی بێرکۆتیم بۆ خۆم هەڵبژاردووە.

### مردنی حەسەن سیساوەیی خاوی کردمەوە

**رووداو: زۆر لە هونەرمەندانی هاوتەمەنت بە هۆکاری جۆراوجۆر خوێندنیان تەواو نەکردووە، تۆش هەروەها، هۆکارەکەی چی بوو؟**

**شێروان بێرکۆتی:** من تاوەکو پۆلی سێی ناوەندیم خوێندووە. لەبەر دوو هۆکار وازم هێنا. یەکێکیان بەهۆی توندوتیژی هەندێک لە مامۆستاکانم بوو. دووەمیش زۆر حەزم لە دارتاشی بوو، لە شەش ساڵییەوە خەریکی ئەو پیشەیە بووم، هەفتانەش یەک دیناریان دەدامێ.

### بەهۆی توندوتیژی مامۆستاوە وازم لە خوێندن هێنا

**رووداو: لە هەشتاکانەوە گۆرانیت تۆمارکردووە، بەڵام بەمدواییە زۆرتر بە حەیرانبێژ ناسرای، ئەمە چۆن بوو؟**

**شێروان بێرکۆتی:** راستە ساڵی 1991 تاوەکو 1996 چەندین گۆرانیم بڵاوکردەوە، ئەوکات یەک حەیرانم نەگوتبوو، بەڵام ساڵی 1998 کاتێک چوومە دەرەوە، بەهۆی غەریبی و کاریگەری هونەرمەندی کۆچکردوو حەسەن سیساوەیی گرنگیم بە حەیراندا، چونکە حەیرانەکانی سیساوەیی پەیوەستە بە غەریبی و ژیانی خۆیەوە، ئەگینا لە ژیانمدا بیرم لە گوتنی حەیران نەکردبووەوە.

**رووداو: بەڵام دەڵێن هۆکارێکی دیکەی گوتنی حەیران پەیوەندی بە چیرۆکێکی خۆشەویستیتەوە بووە.**

**شێروان بێرکۆتی:** ئەوەش راستە، کاتێک کەسێک خۆشەویستی هەبێت و خۆشەویستەکەی جێیبێڵێت و لە غەریبیش بێت، پەنا بۆ حەیران دەبات.

**رووداو: چەند ساڵ خۆشەویستت بوو؟**

**شێروان بێرکۆتی:** حەز ناکەم ئەو چیرۆکە بگێڕمەوە.

**رووداو: دەڵێی قەت بیرت لە حەیران گوتن نەکردبووەوە، بەڵام وەکو باس دەکرێت حەیرانیش وەکو مەقام قورسە، چۆن توانیت شارەزایی تێدا پەیدا بکەیت؟**

**شێروان بێرکۆتی:** کاتێک حەیرانی ئەسمەر و مامەری حەسەن سیساوەییم گوتەوە، هاوڕێیانم پێیانگوتم وەکو خۆی دەیڵێیتەوە. زمانی حەیران زۆر جیایە، ئەگەر کەمێک لە رێچکەکەی لابدەیت دەبێتە مەقام. لە ئاهەنگێکیشدا هونەرمەندان مامۆستا ناسر رەزازی و کۆچکردوو مەرزییە خان گوتیان زۆر سەرسامین بە حەیرانەکانت.

### ناسر رەزازی و مەرزییە خان گوتیان بە حەیرانەکانت سەرسامین

**رووداو: مافی تەواوت بە حەیران داوە، هەست دەکەیت لەو بوارەدا سەرکەوتوویت؟**

**شێروان بێرکۆتی:** هەرچەندە هونەرمەند نابێت باسی کارەکانی خۆی بکات، بەڵام ئەگەر لە کارێکدا 100% دڵنیا نەبم تۆماری ناکەم، بۆ گوتنی حەیرانەکانیش لە خۆم رازیم، زۆر کەسیش پێم دەڵێن دەنگت بۆ سیاچەمانە و هۆرە خۆشە، بەڵام هەست دەکەم توانای گوتنیانم نییە.

### دەڵێن دەنگم بۆ هۆرە و سیاچەمانە باشە

**رووداو: کۆچی دوایی سیساوەیی، چ کاریگەری لەسەرت هەبوو؟**

**شێروان بێرکۆتی:** بەداخەوە بۆ کۆچکردنی، ئەو کاتانەی دەهاتمەوە دەچوومەوە لای و بە بینینی خۆشحاڵ دەبووم، بەڵام ئێستا کە دەگەڕێمەوە هەست دەکەم کەسێکی وەکو سیساوەیی نییە بڕۆمە لای، بۆیە لە کارەکانمدا خاو بوومەوە.

**رووداو: بۆچی ماوەیەکی زۆرە هیچ بەرهەمت نییە؟**

**شێروان بێرکۆتی:** قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێت ئەوەی لەلام نییە، ئاگای لە حاڵم نییە. منیش کاتێک بەرهەمێک تۆمار دەکەم و دەینێرم بۆ کەناڵەکان ئەگەر بە گەرمی وەرنەگیرێت، چۆن تاقەتم دەمێنێ. لەڕووی داراییەوە کێشەم نییە و ئێستاش چوار بەرهەمم ئامادەیە کە دوویان حەیران و مەقامە، لە بەرنامەشماندایە لەگەڵ هونەرمەندان بەختیار ساڵح و نزار رەواندزی دوو بەرهەمی هاوبەش تۆمار بکەین.

### دارتاشی وەکو هونەرە و ناتوانم وازی لێ بهێنم

**رووداو: زۆرجار هەندێک لە هونەرمەندان گلەیی لە کەناڵەکان دەکەن کە فەرامۆشیان کردوون، تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟**

**شێروان بێرکۆتی:** بە گشتی هونەرمەندان لە کوردستان فەرامۆش دەکرێن، بۆ نموونە لەسەر ئەرکی خۆمان بەرهەمێک تۆمار دەکەین، بەڵام دەبێت واستەیەکمان هەبێت ئەوجا لە کەناڵەکان بڵاودەکرێتەوە. بەداخەوە وەکو کورد نەریتێکمان هەیە تا کەسێک نەمرێت قەدری نازانن، بۆ نموونە کەسێک لە کەناڵێک کەیفی پێم نایەت، هونەرەکەشم فەرامۆش دەکات.

### لە کەناڵەکان گۆرانی بە واستە پەخش دەکرێ

**رووداو: ئێستاش لە ئەورووپا دارتاشی دەکەیت؟**

**شێروان بێرکۆتی:** بەڵێ، لەبەرئەوەی وەکو هونەر وایە و ناتوانم وازی لێ بێنم.

### لە خۆشەویستیم بۆ عەبدوڵڵا پەشێو ناسناوی بێرکۆتیم هەڵبژاردووە




Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
hi!
EMPIRE CINEMA
KFC sogood
LC WAIKIKI
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب



## کچێک خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو- سەیدسادق**

لە شـارۆچکەی سەیدسـادقی سەر بە شاری سلێمانی، کچێک لە ماڵ خۆیاندا بە پەت خۆی خنکاند. حەیدەر حەسەن، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شەوکەوت لە سەیدسادق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێوارەی ڕۆژی 2016/12/7 تەرمی کچێکی 25 ساڵ بەنێوی (ئا.ک) ڕەوانەی نەخۆشخانەکەیان کراوە و دوای پشکنین لەلایەن پزیشکەوە دەرکەوتووە ئاسەواری پەت بە ملییەوە دیار بووە. ناوبراو گوتی "بە گوتەی کەسوکارەکەی، ئەو کچە باری دەروونی باش نەبووە و لە ماڵی خۆیاندا خۆی خنکاندووە، ئێمەش بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر، تەرمەکەمان ڕەوانەی پزیشکی دادیی سلێمانی کرد".

تازەترین ڕووپێوی:

# لە شەش هەزار کچ 33%یان خەتەنەکراون



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوایین ڕووپێوی لە هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات کە لە کۆی شەش هەزار کچ لەوانەی تەمەنیان لە نێوان چوار تاوەکو 14 ساڵانە، 33%یان خەتەنە کراون. ئەوە لەکاتێکدایە کە خەتەنەکردنی کچان ساڵانێکە لە کوردستان بە یاسا قەدەغە کراوە.

ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بە پاڵپشتی ڕێکخراوی یونیسێف و بە بەشداری ڕێکخراوی هارتلاند، لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕاپرسییەک و ڕووپێوییەکیان بۆ زانینی ئاستی خەتەنەکردنی کچان و دایکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبرد، ڕاپرسییەکە ساڵی 2014 کراوە و ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتیی کردووە، لە ڕاپرسییەکەدا ژنانی تەمەن 15 تاوەکو 49 ساڵ وەرگیراون.

ڕووپێوەکەش لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای خانمانەوە سەرپەرشتی کراوە. مەبەستی سەرەکیشیان زانینی ئاستی خەتەنەی کچان بووە. پەروین حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای خانمان و سەرپەرشتیاری ڕووپێوییەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕووپێوییەکە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو دەستی پێکردووە و لە مانگی ئابی ئەمساڵدا لەگەڵ ڕێکخراوی هارتلاند و بەهاوکاریی یونیسێف تەواو کرا.

پەروین گوتی "لەو ڕووپێوییەدا شەش هەزار کچ کە تەمەنیان لە نێوان چوار تاوەکو 14 ساڵان بووە، وەرگیراون. دەرکەوت 33،7%یان خەتەنە کراون. ئەوەش بەراورد بە پێشکەوتنەکانی ئێستا، زۆر زۆرە".

بەپێی ڕووپێوییەکە زۆربەی ئەو کچانەی خەتەنە کرابوون، لە سنووری پارێزگای هەولێر بووە کە 16% بووە. لە سلێمانی 11.8%، لە دهۆک، 4.1% و لە هەڵەبجە 1.1% بووە.

### خەتەنە بەردەوامە

کوردستان ڕەسوڵ، کە ساڵی ڕابردوو وەکو بەرپرسی تیم لە ڕێکخراوی جێندەر سەردانی ناحیە و گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێری کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەشێکی زۆری کچ و ژنەکان خەتەنە کرابوون و گوتی "سەردانی هەندێک شوێنمان کرد، دوو ڕۆژ پێشتر کچی لێ خەتەنەکرابوو. زانیاریم هەیە لە گوندێک هەفتەیەک لەمەوبەر کچی تێدا خەتەنەکراوە".

شۆخان حەمەڕەشید، پارێزەر و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان، بۆ هەردوو پرۆسەکە سەرپەرشتی تیمەکانی سلێمانی و هەڵەبجەی کردووە، بەداخەوە بۆ ئەنجامەکانی ڕووپێوییەکە کە هێشتا خەتەنەکردن ماوە و پێیوایە کاتێک دەتوانرێت بگوترێت خەتەنە نەماوە کە ڕێژەکە سفر بێت.

وەکو شۆخان ڕوونیکردەوە، هۆکارەکانی خەتەنەکردنەکان بۆ نەریت و ئاین دەگەڕێتەوە بەو بیانووەی ئەگەر کچان خەتەنە نەکرێن ئاوی دەستیان حەرامە.

بە قسەی ئەو، لە هەندێک شوێن کە سەردانیان کردوون، دایکەکان بەنیازبوون کەسێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کچەکان ببەنە لای بۆ خەتەنەکردنیان، یان ژنەکان خۆیان بەدوای کەسێکدا گەڕاون بۆئەوەی کچەکانیان خەتەنە بکات.

**کچێکی تەمەن پێنج ساڵان بەهۆی خەتەنەکردنەوە دەمرێ**

### تەلەفزیۆن.. هۆکارە کاریگەرەکە

لە ساڵانی ڕابردوودا دەزگا حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی چەندین هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەیان بۆ بنەبڕکردنی خەتەنە بەڕێوە بردووە، بەڵام هێشتاش خەتەنەکردن بەردەوامە.

بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوییەکە کە کۆپییەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، زیاتر لە 59%ی بەشداربووان دەڵێن بەهۆی پەیامەکانی تەلەفزیۆنەوە لە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە ئاگادار بوون، بەڵام وەکو شۆخان ئاماژەی بۆ کرد، زۆر جار هەواڵدەریش لەبەر دابونەریت، لایەنە پەیوەندیدارەکانی لە حاڵەتی خەتەنەکردن ئاگادار نەکردووەتەوە.

### خەتەنەیان کرد و مرد

کوردستان لەو کاتەی سەردانی گوندێکی دەوروبەری هەولێری کردووە، بە گێڕانەوەی چیرۆکێک، شۆک بووە. ئەو گوتی "لە گوندێک ژنێک منی بردە سەر گۆڕی کچەکەی و گوتی 12 ساڵ لەمەوبەر کچەکەم تەمەنی پێنج ساڵان بوو، ئەو ڕۆژەی بردم بۆ خەتەنە، لە ترسان گیانی دەرچوو".

ژنێکی تەمەن 14 ساڵی گوندێکی هەولێر بۆ کوردستانی گێڕاوەتەوە، لە شەش ساڵیدا ویستوویانە خەتەنەی بکەن، بەڵام لە گوندەکەیان ڕایکردووە و دواتر کوڕانی گوندەکە دوای کەوتوون و بە زۆر بردوویانە بۆ خەتەنە.

**کچێک بە بەرچاوی کوڕانی گوندەوە خەتەنە دەکرێ**

کوردستان گوتی "لەوەش کارەساتتر ئەو کچەیان بە بەرچاوی کوڕەکانەوە خەتەنە کرد، پاشان کە گەورە بووە، هەندێک لەو کوڕانە چوونەتە خوازبێنی، بەڵام شووی پێنەکردوون و شووی بە پیاوێکی تەمەن 37 ساڵی کردووە کە ژنەکەی تەڵاق داوە. ئەو ژنە پێیگوتم ئەو پیاوەی خۆشناوێ چونکە لە خۆی گەورەترە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو یەکێک نەبووە لەوانەی لەکاتی خەتەنەکردنیدا لەوێ بووە، بۆیە شووی پێکردووە".

### بەپێی خۆیان چوون بۆ خەتەنە

بە گوتەی کوردستان هەندێک لەو کچانەی خەتەنەکراون، لەسەر داواکاری خۆیان بووە. کوردستان گوتی "لە گوندێک دوو کچە مەلا کە تەمەنیان 18 ساڵ بووە، تەنیا لەبەرئەوەی پێیانگوتوون ئاوی دەستیان حەرامە، ساڵی 2012 بەپێی خۆیان چوون بۆ خەتەنەکردن، دوای خەتەنەکە و لە شەرمدا ماوەی هەشت مانگ لە ماڵەوە نەهاتوونەتە دەرەوە. ئێستا ڕقیان لەو کەسە دەبێتەوە کە خەتەنەی کردوون".

### خۆی، خۆی خەتەنە کرد

لۆمەی هاوژین و کەسوکاری هاوژینەکەی بەس بوو، بۆ ئەوەی ژنێک بە دەستی خۆی، خۆی خەتەنە بکات. کوردستان گوتی "ژنێک بۆی گێڕامەوە کاتێک شووی کردووە خەتەنە نەکراوە، لەسەر ئەمە لەلایەن هاوژینەکەی و کەسوکارەکەی سەرزەنشت کراوە و پێیانگوتووە خواردنی دەستی تۆ حەرامە، ئەویش بۆ ئەوەی ژیانی لێ تێکنەچێ، بە دەستی خۆی، خۆی خەتەنەکردووە". ئەو ژنە پەشیمانە لەو کارە، بەڵێنی بە کوردستان داوە کچەکانی خەتەنە نەکات.

### خەتەنە کێشەی بۆ دروستکردن

شۆخان حەمەڕەشید کە لە ڕاپرسی و ڕووپێوییەکەدا سەرپەرشتی تیمەکانی سلێمانی و هەڵەبجەی کردووە، نموونەی ژن و پیاوێکی هێنایەوە، ژنەکە لە شەش ساڵیدا لە گوندێکی سلێمانی خەتەنە کراوە. بەو هۆیەش توانای گرفتی بۆ دروستبووە.

شۆخان گوتی "ئەو ژنە و مێردە خزمی یەک بوون، لە ساڵی 2011 هاوسەرگیریین کردبوو، بەڵام بەهۆی خەتەنەوە، ژنەکە توانای سێکسکردنی لاواز بوو، نەیدەهێشت مێردەکەی لەگەڵیدا بخەوێت و جیابوونەوە. کاتێک پێمان زانی پێکمانهێنانەوە. ژنەکە بۆ ماوەی شەش مانگ سەردانی توێژەری دەروونی دەکرد، دواتر ئاگاداری کردینەوە کە دووگیان بووە".

### دژی خەتەنەکردنی کچەکەی وەستایەوە

چیرۆکەکانی خەتەنە زۆرن و ڕەنگە درێژەشیان هەبێ، چونکە ڕووپێو و ڕاپرسییەکان دەریدەخەن خەتەنە هێشتا هەر ماوە.

**کچ هەیە دوو هەفتە لەمەوبەر خەتەنەکراوە**

**دایکێک لە داخی خەتەنەکردنی کچەکەی لە مێردەکەی جیادەبێتەوە**

پێشەنگ محەممەد، پارێزەر لە ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی، باسی ژنێک دەکات کە بەهۆی خەتەنەکردنی کچەکەیاوە لە مێردەکەی جیابووەتەوە.

پێشەنگ گوتی "ساڵی ڕابردوو کچێکی تەمەن شەش ساڵی لەلایەن باوکی و نەنکییەوە خەتەنەکرابوو، دایکی کچەکە ئاگادار نەبوو، کاتێکیش پێی زانیووە، لە مێردەکەی جیابووەتەوە، چونکە ئەو ژنە پێشتر خۆی خەتەنەکرابوو و دەیزانی خەتەنە چ گرفتێک دروست دەکات، بۆیە حەزی نەکردبوو کچەکەی خەتەنە بکرێ".

### ڕۆڵی نەریت و ئاین لە خەتەنەدا

ڕووپێوی و ڕاپرسییەکە دەریخستووە هۆکاری سەرەکی خەتەنەکردنەکان نەریت و ئاین بووە، ئەمەش بەپێی پارێزگا دەگۆڕێت. بۆ نموونە لە سلێمانی هۆکاری ئاینی پاڵنەری سەرەکی بووە بۆ خەتەنە، بەڵام لە دهۆک نەریت.

بەپێی ڕووپێوییەکە 58%ی ئەوانەی لە سلێمانی خەتەنەکراون، هۆکاری ئاینی لە پشت خەتەنەکردنیان بووە، هەروەها لە هەولێر 44% و لە دهۆکیش 36%.

هەر بەپێی ڕووپێوییەکە 93%ی ئەوانەی لە دهۆک خەتەنەکراون لەبەر داب و نەریت بووە، ئەو ڕێژەیە لە سلێمانی 34% و لە هەولێر 58% بووە.

### خەتەنەکاران تاوانبارن

بەپێی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2011ی پەرلەمانی کوردستان کە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی خێزانی ناسراوە. خەتەنەکردن بە توندوتیژی هەژمار کراوە و سزای بۆ دانراوە.

لە خاڵی سێیەمی ماددەی شەشەمی یاساکەدا هاتووە "هەر کەسێک خەتەنەکردنی مێینەی ناکامی ئەنجامدا یان بەشداریکرد. سزای بەندکردنە کە لە یەک ساڵ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت. غەرامەش لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە 10 ملیۆنیش زیاتر نەبێت. یان بە یەکێک لەو دوو سزایە".

# شاجوان لە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا خۆی دەکوژێ

**ڕووداو- دووکان**

نزیکەی هەموو ساڵێک لە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژناندا کە چەند ساڵێکە لە کوردستان بەڕێوەدەچێ، ڕووداوی کوشتن و خۆکوشتنی ئافرەتان تۆمار کراوە. وا ئەمساڵیش کچێکی گەنج لە هەمان ئەو هەفتەیەدا، بە دەمانچەی باوکی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، بەبێ ئەوەی هۆکاری خۆکوشتنەکەی ڕوون بێت.

لە یازدەمین ڕۆژی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژناندا کە چالاکییەکانی لە 25ی نوڤەمبەر دەستی پێکردووە و 16 ڕۆژ دەخایەنێ، کچێکی تەمەن 18 ساڵ بە ناوی شاجوان سامان مستەفا، دانیشتووی قەزای دووکان، بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

سامان مستەفا، باوکی شاجوان لە دووەم ڕۆژی پرسەی کچەکەیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕۆژەی کە شاجوان خۆی کوشت، ئەو لەگەڵ دایکی شاجوان لە دەرەوە بوون. دایکی دەمانچەکەی باوکی شاجوانی داوەتە دەست کچەکەی بۆ ئەوەی بیشارێتەوە، نەوەک منداڵەکان دەستکاریی بکەن، بەڵام نەیزانی دواجار ئەو دەمانچەیە دەبێتە هۆکاری مردنی کچەکەی.

باوکی شاجوان هیچ شتێک لەبارەی ڕووداوەکەوە نازانێ، ئایا کچەکەی خۆی کوشتووە، یان گوللەی لە دەست دەرچووە. سامان کە کارمەندی وەزارەتی ناوخۆیە، بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی ئێمە لە ماڵ دەرچووین، کچەکەم چووەتە نهۆمی سەرەوە بۆ ئەوەی دەمانچەکە بشارێتەوە، لەناکاو دەنگی گوللە بیستراوە، براکەی لە ماڵەوە بووە و لەگەڵ هاوڕێکانی بردوویانە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام لەوێ گیانی دەرچووبوو".

سامان زۆر پەسنی کچەکەی دەدات و دەڵێت "هەتا بڵێی کچێکی گوێڕایەڵ و بێ کێشە بوو، بەڵام نازانین ڕووداوەکە چۆنە، ئایا خۆی کوشتووە، یان قەزا و قەدەر بووە".

هەرچەندە باوکی شاجوان دەڵێت ئەو پێشتر بە کچەکەی گوتووە هەر کاتێک قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات بە شووی دەدات، بەڵام شاجوان گوتوویەتی هەتا زانکۆ تەواو نەکات شوو ناکات، باوکی شاجوان بەدووری دەزانێ کچەکەی لەبەر ئەو قسەیە خۆی کوشتبێ، چونکە زۆری لێ نەکردووە شوو بکات.

باوکی شاجوان زۆرتر لەوە نیگەرانە کە نازانێ ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە یان بە ئەنقەست بووە.

شاجوان لە دوای ڕووداوەکە تەنیا یەک داواکاریی هەبووە و لە ڕێگەی نەخۆشخانە داوای ئاوی کردووە، بەڵام دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە گیانی دەردەچێ و نهێنی مردنەکەی لەگەڵ خۆی دەباتە نێو گۆڕ. باوکی شاجوان دەڵێت "کچەکەم هیچ بەڵگەیەکی لە دوای خۆی جێنەهێشتووە، بیسەلمێنێ کە خۆی کوشتووە".

نەقیبی سائیب سەلام، گوتەبێژی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوی خۆکوشتنی ئەو کچە کراوەتەوە. دوای ڕووداوەکە تەرمەکەی گەیەنراوەتە پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی، بەپێی ئەو پشکنین و توێکارییەکەی بۆ تەرمەکە کراوە، ئەو کچە بە گوللەیەکی دەمانچە بە دەستی خۆی پێکراوە. گوللەکەش بەر سەری کەوتووە و بەو هۆیە مردووە".

گوتیشی، ئەو دەمانچەیەی بەکارهاتووە، دەمانچەی باوکی کچەکە بووە و مۆڵەتی هەڵگرتنی هەبووە، چونکە باوکی کچەکە کارمەندی وەزارەتی ناوخۆیە.



رووداو
ژمارە (436) - دووشەممە 2016/12/12



## تەرمی گەنجێک دەدۆزرێتەوە

**رووداو- سلێمانی**

لە سنووری شاری سلێمانی تەرمی گەنجێک دۆزراوەتەوە کە کوژراوە، بەڵام هۆکاری کوشتنەکەی دیار نییە. بەپێی راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە، شەوی 2016/12/8 لە شاخی هەروتە گەنجێکی تەمەن 24 ساڵ بەنێوی (پ.ر.ر) کە کاسبە و دانیشتووی گەڕەکێکی شاری سلێمانییە بە برینداری دۆزراوەتەوە کە ئاسەواری دوو فیشەکی پێوە بووە، بەڵام دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە گیانی لە دەستداوە. لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە "هۆکاری کوشتنی گەنجەکە نەزانراوە و لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەتەوە".

## پلانی پێکەوە خۆکوشتنیان دانا و یەکێکیان نەمرد

# "لەژیان بێزارین و نازانین چی بکەین"

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سەیدسادق**



پەیوەندیی عەلی و یادگار ئەوەندە بەهێز بوو کە تەنانەت حەزیان کردووە مردنیشیان پێکەوە بێ، بۆیە بڕیار دەدەن پێکەوە خۆیان بکوژن، لە ئەنجامی ئەو بڕیارەشدا عەلی دەکوژرێ و یادگاریش بە سەختی بریندار دەبێ.

کاژێر 11:30 خولەکی شەوی 2016/12/3 مێرمنداڵێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی عەلی محەممەد، لەگەڵ گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ، بەناوی یادگار لەتیف کە هەردووکیان دانیشتووی شارۆچکەی سەیدسادقن، دەچنە چیاکەی نزیک ماڵی خۆیان و بە چەکێکی جۆری جی سی کە چەکی باوکی عەلی بووە، لە سەرسوڕهێنەرترین رووداوی خۆکوشتندا کە تا ئێستا لە کوردستان تۆمار کرابێ، تەقە لە خۆیان دەکەن، بەوهۆیەوە عەلی دەکوژرێ و یادگاریش بە سەختی بریندار دەبێ.

عەلی، خوێندکاری شەشی بنەڕەتی بووە، بەڵام ئەمساڵ وازی لە خوێندن هێنابوو، یادگاریش کرێکار بووە.

نەقیب سائیب سەلام، گوتەبێژی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، چەکەکە لەلایەن عەلییەوە بەکارهاتووە، تەقەی لە خۆی کردووە و گوللەکان بەر سەری یادگاریش کەوتوون.

ئەو دوو گەنجە پلانیان بۆ خۆکوشتنەکە داڕشتووە، چونکە پێشتر قسەیان لەگەڵ دوو هاوڕێییان کردووە و داوایان کردووە گەردنیان ئازاد بکەن.

رابەر ئەرکان، یەکێک لە هاوڕێکانیان کە پێشتر قسەی لەگەڵ کردوون، بە (رووداو)ی گوت "ئەو شەوە هەردووکیان بەیەکەوە بوون و پەیوەندییان پێوە کردم، سەرەتا عەلی گوتی خۆمان دەکوژین، گەردنم ئازاد بکەن. پێمگوتن بۆچی خۆتان دەکوژن، کەچی یەکسەر مۆبایلەکەیان داخست".

رابەر چەند جارێک تەلەفۆنیان بۆ دەکات، بەڵام تەلەفۆنەکەی بەسەردا دادەخەنەوە. دواتر عەلی تەلەفۆنی بۆ دەکاتەوە و دەڵێت شوێنەکەت پێ ناڵێین، بەڵام دێینە لات و دواتر خۆمان دەکوژین.

دوای نزیکەی 25 خولەک، عەلی و یادگار دەگەنە لای هاوڕێکەیان. رابەر گوتی "هەردووکیان بێتاقەت دیار بوون، یادگار پێیگوتم ئێمە بێزار و بێتاقەتین لە ژیان و نازانین چی بکەین، بەڵام پێت ناڵێین کێشەمان چییە و گەردنمان ئازاد بکە. باوەشی لێدام و گریا".

رابەر گوتی "عەلی لە ئێمە دابڕا، دوای ماوەیەک یادگار پەیوەندی پێوەکرد و پێیگوت چەکت هێنا؟ ئەویش گوتی بەڵێ. عەلی لای ماڵی خۆیان چاوەڕێی یادگاری دەکرد، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبووم خۆیان بکوژن.

عەلی و یادگار چەند ساڵێکە هاوڕێن، ئەوان هەریەکەیان ئەکاونتی خۆی لە فەیسبووک هەبوو، بەڵام ئەکاونتێکی هاوبەشیشیان هەبووە بەناوی (دوو هاوڕێی بەوەفا) کە وێنەی هەردووکیانی بەسەرەوە بووە.

زەردەشت محەممەد کە برای عەلییە، باسی ئەو رووداوە سەیرە دەکات و دەڵێت "عەلی شەو بەناوی کڕینی خواردنەوە چووەتە دەرەوە، بەڵام کەس چەکی پێ نەبینیبوو، نازانین چۆن چەکەکەی باوکمی بردبوو، بە دەنگی تەقەکان زانیمان چەکەکەی بردووە. برایەکمان ماڵی لە نزیک شوێنی رووداوەکەیە، پەیوەندی پێوە کردم و گوتی دەنگی ئەو تەقانە لە دەنگی چەکەکەی باوکم دەچێت".

دوای تەقەکان کەسوکارەکەی پەیوەندی بە عەلییەوە دەکەن، بەڵام وەڵام ناداتەوە، کاتێکیش دەچنە دەرەوە دەبینن پۆلیس لە شوێنی رووداوەکە کۆبوونەتەوە.

زەردەشت گوتی "هەردووکیان کەوتبوون و توانای قسەکردنیان نەبوو، لە کاتی رووداوەکەشدا سەریان بە سەری یەکەوە نابوو".

زەردەشت پێی سەیرە کە براکەی لەلای هاوڕێکانی گوتوویەتی بێتاقەتە "عەلی هیچ کێشەیەکی نەبوو، قەت باسی خۆکوشتنی نەکردووە، پێمان سەیرە کە گوتوویەتی بێ تاقەتم".

سێ رۆژ دوای رووداوەکە، دوو نەشتەرگەری بۆ یادگار کرا، بەڵام بەگوتەی بەختیار لەتیفی برای بۆ (رووداو)، سەری یادگار زۆر بە سەختی بریندار بووە و ئاگای لە خۆی نییە.

هەرێم جەمال، هاوڕێ و پوورزای عەلی کە یادگاریشی ناسیوە، قسەیەکی جیاواز لەبارەی خۆکوشتنی عەلی دەکات و دەڵێت "نازانم پێشتر یادگار ویستوویەتی خۆی بکوژێ یان نا، بەڵام ئەو گوتوویەتی با خۆمان بکوژین، عەلیش بۆ نیشاندانی خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆی، ئەو کارەی کردووە، ئەگەرنا عەلی زۆر دڵی بە دنیا خۆش بوو".

هەرێم دەڵێت کە پێشتر یادگار لە فەیسبووک وێنەی خۆی و عەلی و گۆڕێکی دانابوو، بەڵام رابەر بێئاگایی خۆی لەوە نیشاندا و گوتی "ئەوەیان نازانم، بەڵام فەیسبووکێکی هاوبەشیان هەبوو بەناوی (دوو هاوڕێی بە وەفا) ئەوان زۆر هاوڕێی یەکدی بوون، زۆربەی کات پێکەوە بوون".

### حاڵەتێکی سەیرە

شێوازی هەوڵدانی ئەو دوو کەسە بۆ خۆکوشتن، بەلای ئازاد جەلال، توێژەری کۆمەڵایەتییەوە سەرسوڕهێنەرە. ئەو توێژەرە بە (رووداو)ی گوت "تائێستا حاڵەتی وامان نەبینیوە، بەڕاستی حاڵەتێکی زۆر شازە، بەڵام دیارە بڕیاری کۆتاییان بۆ خۆکوشتن داوە و پێشتر پلانیان بۆ داناوە".

ئازاد جەلال بەدووری زانی گەنجە بیست ساڵەکە بەهۆی تەمەنییەوە کاریگەری لەسەر هاوڕێکەی هەبووبێت و گوتی "کاریگەریی لەسەری نەبووە، چونکە بەگشتی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لە تەمەنی 16 ساڵ تاوەکو 20 ساڵانن".

گوتیشی "بێگومان ئەو دوو کەسە کێشەیان هەبووە، دۆخی ئەمڕۆی کوردستانیش کاریگەری لەسەر دروستکردوون، رەنگە داهاتووی خۆیان بە ناڕۆشنی بینیبێ".

# لە ئاوارەییدا خۆی کوشت

**رووداو- کەرکووک**



کامەران بەهۆی داگیرکردنی ناوچەکەیان لەلایەن داعشەوە، ناچار بوو ماڵ و حاڵی خۆی جێبهێڵێ و روو لە کەرکووک بکات، بەڵام بەرگەی ئاوارەیی نەگرت و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کەسوکاری دەڵێن نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بەڵام نازانن لەبەر نەخۆشییەکە خۆی کوشتووە، یان گوللە لەدەستی دەرچووە.

کامەران عوسمان کاسبکارێکی تەمەن 25 ساڵ و باوکی دوو کچ بوو، دوای داگیرکردنی قەزای شنگال لەلایەن داعشەوە رووی لە شاری کەرکووک کردبوو، لە گەڕەکی شۆڕیجە نیشتەجێ ببوو. دوای نیوەڕۆی رۆژی 2016/11/30 لە ژووری نووستنەکەیدا بە گوللەیەکی کلاشینکۆف کە بەر سەری کەوتووە، کۆتایی بە ژیانی هات.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی ئازادی کە لێکۆڵینەوەیان لە رووداوەکە کردووە، بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان رووداوەکە خۆکوشتنە. ژنەکەشی دەڵێ هاوژینەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە".

ماڵی کامەران و عەلای برای بە تەنیشت یەکەوەن، عەلا کە پێشمەرگەیە بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو رۆژە لە دەوام گەڕاوەتەوە و ویستوویەتی پشوو بدات، بەڵام لەناکاو گوێی لە دەنگی تەقە بووە و یەکسەر هەستی کردووە دەنگی تەقەکە لە ماڵی براکەیەوە بووە.

عەلا گوتی "ژووری نووستنەکەی ئەوان پشتی بە دیواری ئێمەوەیە. کە دەنگی تەقە هات، بە هاوژینەکەمم گوت بڕۆ منداڵەکان بهێنە ژوورەوە، لە ناکاو دەنگی گریان و هاواری ژنەکەی کامەران هات...". عەلا گوێی لە دەنگی تەنیا یەک گوللە بووە، بەڵام دەڵێت لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا دەرکەوت دوو گوللەی بەرکەوتووە.

بە گوتەی عەلا، براکەی 12 ساڵ لەمەوبەر تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، هەندێجاریش نەخۆشییەکەی لێ توند دەکرد، بۆ ئەو مەبەستەش بردوویانەتە لای پزیشک و دەرمانی بەکارهێناوە.

عەلا، ئاماژەی بە قسەیەکی براکەی کرد کە کاتێک لە ژیاندا بووە گلەیی لە حاڵی خۆی کردووە و گوتی "هەندێجار دەیگوت ئەگەر بمزانیایە قەت ژنم نەدەهێنا بۆئەوەی منداڵم نەبێ".

گوتیشی "زۆرجار بەهۆی نەمانی دەرمانەکانییەوە باری دەروونیی زۆر تێکدەچوو".

بە گوتەی عەلا، براکەی وەکو هەر کەسێکی دیکە، چەکی کڕیوە و زۆرجار بە پاککردنەوەیەوە خۆی مەشغوڵ دەکرد، ئەو رۆژەش چەند خولەکێک پێش رووداوەکە، ژنەکەی لە ژوورەکە بووە و بەشێوەیەکی ئاسایی بینیویەتی.

عەلا گوتی "ژنەکەی داوای لێکردووە واز لە چەکەکەی بێنێ، بەڵام ئەو پێیگوتووە منداڵەکان ببە ژوورەکەی دیکە نەوەک گوللە دەربچێت، حەزی کردووە بە تەنیا لەو ژوورە بێت".

براکەی گوتیشی "ژنەکەی دوای ئەوەی هاتووەتە دەرەوە، گوێی لە دەنگی گوللە بووە، دەڵێت ئەوکاتەی لە ژوورەکە بووە، نەیبینیوە چەک پاک بکاتەوە، بەڵکو تەنیا بەدەستییەوە بووە".

ئێستا کەسوکاری کامەران نازانن خۆی کوشتووە یان گوللە لە چەکەکەی دەرچووە. عەلا گوتی "براکەم پێشتر هەوڵی خۆکوشتنی نەداوە، ئێستاش نازانین بە مەبەست خۆی کوشتووە، یان گوللەی لەدەست دەرچووە، ئەگەر بە ئەنقەست خۆی کوشتبێت ئەوە بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە بووە".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## بۆچی خۆیان دەسووتێنن؟

لە هەڵمەتی 16 رۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتاندا هەڵوەستە لەسەر قسەی ئەو ژنانە دەکەین کە خۆیان سووتاندووە. بۆچی خۆیان دەسووتێنن لە کاتێکدا یاسا هەیە، شوێنێک هەیە بۆ پاراستنیان، بۆچی پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن؟

کورد گەلێکی موسڵمانە و لە زۆربەی گەلانی دیکەی موسڵمان پابەندترە بە ئاینی ئیسلامەوە کە ئەو ئاینە خۆکوشتن و خۆسووتاندنی تەحریم کردووە، بەڵام ئایا مامۆستایانی ئاینی لە کوردستان رۆڵیان هەبووە لە کەمکردنەوەی دیاردەی خۆسووتاندنی ژنان،ساڵانە چەند وتاری ئاینی تەرخان دەکرێ بۆ باسکردنی مافەکانی ئافرەت لە رووی هاوسەرگیری، خوێندن، بەشە میرات، یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ؟

ئەی کەناڵەکانی راگەیاندن کە دەبێ ئاوێنەی کۆمەڵگا بن، کوا لێپرسراوێتی ئەوان؟ ئایا ئەوان هەستیان بەوە کردووە بەهۆی پەخشکردنی هەندێک درامای دۆبلاژکراو بوونەتە هۆی قووڵترکردنەوەی برینی ژنان و هاندەربوونە بۆ خۆسووتاندنی ژنان؟

ئەی کۆمپانیاکانی پەیوەندی، ئایا ڕەچاوی بەرژەوەندیی کۆمەڵگایان کردووە؟ ئەوانیش بە فرۆشتنی چەندین سیمکارت بە تاکە کەسێک، بڵاوکردنەوەی هەزاران سیمکارتی بێ خاوەن و بێ ئەدرەس کە کەوتوونەتە بازاڕەکان، سەرئێشەیەکی زۆریان بۆ ژنان دروست کردووە و چەندین ژن بەهۆی ئەو سیمکارتانەوە تووشی کێشە بوون.

ئەی کوا رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی؟ خۆ دەبێ ئەوان کە گوایە داوای کۆمەڵگەیەکی کراوە و مەدەنی دەکەن، لە هەمووان زۆرتر رۆڵ ببینن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژنان.

ئەی رۆڵی داواکاری گشتی، دەستەی مافی گشتی تا چەند چاودێری کەناڵەکانیان کردووە بۆ راگرتن و سزادانیان لە پەخشکردنی ئەو درامایانەی ناگونجێن لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە یان هانی خۆکوشتن و خۆسووتاندن دەدەن.

بەبۆنەی ئەو هەڵمەتەوە دەڵێم پێویستە هەموو چین و توێژەکان، وەزارەتی پەروەردە، دەستەی مافی مرۆڤ، وەزارەتی ئەوقاف، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، هەماهەنگ بن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ کەمکردنەوە و بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە. بۆ ئەوەی چیدی گوێمان لەو قسانە نەبێ: خۆم سووتاند لەبەر ئەوەی مێردەکەم سووکایەتی پێکردم. خۆم سووتاند لەبەر ئەوەی داوای جیابوونەوەم کرد، ماڵی باوکم پشتگیرییان نەکردم و گوتیان ئەگەر تەڵاق وەربگری دەبێ منداڵەکان بەجێبێڵی. لە ترسان خۆم سووتاند لەبەر ئەوەی بە دزی ماڵەوە سیمکارتم هەبوو، برایەکانم پێیانزانی. خۆم سووتاند لە رقی ئەو کوڕەی پەیوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵی هەبوو، بەڵام کوڕەکە پێیگوتم دەنگتم تۆمار کردووە و وێنەم گرتووی، ئەگەر لەگەڵم رانەبوێری بڵاوی دەکەمەوە. خۆم سووتاند، بەهۆی ئەوەی لە تاقیکردنەوە دەرنەچووم. خۆم سووتاند، لەبەر ئەوەی دوو سێ جار بە ماڵەوەم گوت خۆم دەسووتێنم، بەڵام گوێیان پێنەدام. نەخۆشیی دەروونیم هەبوو بۆیە خۆم سووتاند. هاوژینەکەمم وەکو کۆیلە سەیری دەکردم، کاتێک گوتم خۆم دەسووتێنم، پێیگوتم بڕۆ خۆت بسووتێنە. بێزار بووم لە ژیان، سەیری کچە ئەکتەرێکی نێو دراماکەم کرد کە وەک من بێزارە و خۆی لەناوبرد، بۆیە منیش ویستم بە خۆسووتاندن کۆتایی بە ژیانم بێنم.

هۆکارەکان بۆ خۆسووتاندنی ژنان لە ژماردن نایەن، بەڵام ئەوانەی باسیان دەکەم زۆریان وشیاری یاساییان کەمە، یان تەحەفوزیان هەیە لەسەر داوا تۆمارکردن.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

شەوێک کە هەموو شتێکی گۆڕی

# تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا بەرەو کوێ؟

رووداو- هەولێر

تورکیا و یەکێتی ئەوروپا بەرەورووی ئەو پرسیارە بوونەتەوە کە ئایا پێکەوەبوونیان مومکینە، یان دواجار هەر کامیان رێگەی خۆی دەگرێ؟

دوو هەفتە لەمەوبەر پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا بڕیاری سڕکردنی دانوستاندنی ئەندامێتی تورکیای لە یەکێتییەکە دەرکرد، هۆکاری ئەم بڕیارەش بۆ کاردانەوەی توندی حکومەتەکەی ئاکپارتی بەرامبەر کودەتاکەی 15ی تەمووز دەگەڕێتەوە. سەرکردەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا کەمتر لە دوو هەفتەیان وەخت لەبەر دەستە بۆ ئەوەی چارەنووسی گفتوگۆکانی ئەندامێتی تورکیا تاوتوێ بکەن.

## تورکیا و ئەوروپا چۆن گەیشتنە ئەم رۆژە؟

ماوەی زیاتر لە یەک دەیە بەسەر دەستپێکی دانوستاندنی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا تێدەپەڕێ، بەڵام لەم ماوەیەدا پێشکەوتنێکی بەرچاو لە گفتوگۆکاندا بەدی نەکرا. بە درێژایی ئەم 10 ساڵە تەنیا 16 بەش لە کۆی 35 بەشی پەیماننامەی ئەندامێتی یەکێتیی ئەوروپا لە دانوستاندنەکاندا کراونەتەوە، تەنیا یەک بەشیان داخراوە و 14 بەشیان بەهۆی کێشەی نێوان قوبرس و تورکیا راگیراون.

تورکیا لە ساڵی 1987 داوای ئەندامێتی پێشکەش بە ئەوروپییەکان کردووە. لە ساڵی 1999ەوە تورکیا بە فەرمی وەکوو کاندیدی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا ناسراوە. دانوستاندنەکانیش لە ساڵی 2005ەوە دەستیان پێکردووە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ناوەندی ئەوروپی بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە (ECFR)، لە ساڵانی نێوان 2005 بۆ 2013 تورکیا هەڵمەتێکی چاکسازیی بەرفراوانی دەستپێکرد، بەڵام رێک لەو کاتەدا "گومانی ئەوروپییەکانیش رووی لە زیادبوون کردبوو، کە چۆن بتوانن وڵاتێکی ئیسلامیی هێندە گەورە وەربگرن لەکاتێکدا پارتێکی ئیسلامیی کۆنزەرڤاتیڤ بەڕێوەی دەبات و پرۆسەی بە دیموکراتیکردنیش هێندە خاو بەرەوپێش دەچێ". ئەم هەڵوێستەی ئەوروپا بەشێک لە دەسەڵاتدارانی تورکیای گەیاندبووە ئەو بڕوایەی کە "ئەوروپا دەیەوێ کرانەوە لە تورکیا رووبدات، بەڵام ئەم کرانەوەیە نابێ بە رادەیەک بێ کە شانسی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا بە تورکیا بدات".

ساڵی 2013 جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و برۆکسل گرژییان تێکەوت، ئەویش بەهۆی کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانی پارکی گەزی لە ئیستانبوڵ.

ئەمساڵ جارێکی دیکە دۆسیەی وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا گەرم کرایەوە. لە مانگی ئاداری 2016 تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا رێککەوتنی تایبەت بە کۆچبەرانیان واژۆکرد، ئەمەش پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەوروپای بەهێزتر کرد، بەڵام ئێستا پەرلەمانی ئەوروپا باسی "سڕکردن"ی پرۆسەکە دەکات. هۆکاری ئەم گۆڕانە خێرایە بۆ کودێتاکەی 15ی تەمووزی ئەمساڵ دەگەڕێتەوە.

## شەوێک کە هەموو شتێکی گۆڕی

بەپێی راپۆرتەکەی (ECFR) رووداوەکەی مانگی تەمووز "لەڕووی ستروکتوری حوکمڕانی و باڵادەستیی ئاکپارتی هیچی لە تورکیا نەگۆڕی، بەڵام رەوشی وڵاتی بە تەواوەتی گۆڕی و دەستی سەرۆککۆماری بەسەر دەسەڵاتەوە بەهێزتر کرد و لە پەیوەندییەکانی ئەوروپا و ئەمریکاشی گۆڕی".

تورکیا گلەیی ئەوەی لە رۆژئاواییەکان هەبوو کە درەنگ کاردانەوەیان بەرامبەر بە کودێتاکە دەربڕیوە و ئەمریکاش ئامادە نییە فەتحوڵڵا گولەن، رابەری بزووتنەوەی خزمەت، رادەستی ئەنقەرە بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەوروپییەکان لە کاردانەوەی ئەنقەرە بەرامبەر کودێتاکە نیگەران بوون. ئەمە جگە لەوەی کودێتاکە وایکرد تورکیا بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبێت "یاسای تیرۆر" هەموار بکاتەوە، کە سەرەکیترین مەرجی یەکێتیی ئەوروپا بۆ رێخۆشکردن بۆ لادانی پێویستی ڤیزا لەسەر تورکیا بوو.

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتی ناوەندە ئەورپییەکەدا هاتووە، رووداوەکانی دوای کودێتای 15ی تەمووز، ئەوروپییەکانی لە نێوان "پاراستنی بەها" دیموکراتیکەکان و ئاکامەکانی سڕکردن یان کاڵکردنەوەی "رێککەوتنی کۆچبەران و پەیوەندییە ئابوورییەکان" لەگەڵ تورکیادا بەستووەتەوە.

## قوبرس خاڵی یەکلاییکەرەوە

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا پرۆسەی یەکگرتنەوەی قوبرسەکان بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان، تورکیا و حکومەتی قوبرسی یۆنانی دەستیپێکردووە. گۆڕانکارییە گەورەکەش لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کە تورکیا پشتگیری لە هەوڵەکانی یەکگرتنەوە دەکات. چۆنێتی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی یەکگرتنەوەی قوبرسەکان رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ لە چۆنێتی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئەندامێتی تورکیا لە ئەوروپا، بە پێچەوانەشەوە. یەکلابوونەوەی ئەم کێشەیە 14 بەش لە پەیماننامەی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتییەکە لە حاڵەتی راگیران دەردەکات، ئەمە جگە لەوەی ئەم رێککەوتنە رێگە بە تورکیا دەدات 30 هەزار سەرباز لە بەشە تورکییەکەی قوبرس جێگیر بکات، رێگەیەکی نوێ بۆ هاوردەکردنی غازی سروشتی لە دەریای نێوەڕاستەوە بۆ تورکیا دەکاتەوە و ئەو بارگرانییەش لەسەر تورکیا لادەدات کە دەبێ بەشێکی زۆر لە پێداویستییە داراییەکانی قوبرسی تورک دابین بکات.

## ئەگەرەکان چین؟

لە واقیعدا ئەگەری کەمە یەکێتیی ئەوروپا رۆژی 15ی ئەم مانگە بڕیاری سڕکردنی پرۆسەی ئەندامێتی تورکیا بدات، لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارە پێویستی بە دەنگی هەموو ئەندامان هەیە، لە کاتێکدا ژمارەیەک لە ئەندامان ئەمە بە رێگەچارەیەکی گونجاو نازانن، لەوانەش ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا و ئیسپانیا.

رەوشی ئێستای ئەوروپا (گەشەکردنی راستڕەوەکان) و تورکیا (رووداوەکانی دوای کودێتا و هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا) دەریدەخەن، ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا ئەگەرێکی نزیک نییە. بۆیەش ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەلتەرناتیڤی ئەندامێتیی تەواو چییە؟ ژمارەیەک لە بەرپرسانی تورکیا جۆرێک لە هاوبەشێتی هاوشێوەی هاوبەشێتییەکەی نەرویج و سویسرا لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا بە ئەلتەرناتیڤ دەزانن. بەڵام ئەمجۆرە لە هاوبەشێتیش پێویستی بە پێشکەوتن و دیموکراتیزکردنی سیستەمی حوکمڕانییە. هەربۆیەش ناوەندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا پێیوایە "رێککەوتنێکی بازرگانیی ئازاد". دەکرێ هەم بۆ تورکیا و هەمیش بۆ ئەوروپییەکان بەسوود بێت.

### کاردانەوەی حکومەتی تورکیا دوای کودێتای 15ی تەمووز

**6**
ژمارەی مانگەکانی باری نائاسایی

**30**
ژمارەی ئەو رۆژانەیە کە دەکرێ کەسێک لە باری نائاساییدا بە دەستبەسەرکراوی بمێنێتەوە

**370**
ژمارەی ئەو رێکخراوە ناحکومییانەی داخراون

**170**
ژمارەی ئەو ناوەندە هەواڵیانەی داخراون

**40,000**
ژمارەی ئەو کەسانەی دەستگیرکراون

**194**
ژمارەی ئەو رۆژنامەنووسانەی دەستبەسەرکراون

**114**
زیندانی کراون

**76**
ئازادکراون

**%10**
رێژەی پاسەوانەکانی ئەردۆغان کە دەستگیرکراون

**1,577**
ژمارەی ئەو راگر و سەرۆکی زانکۆیانەی لەسەرکار لادراون

**30**
ژمارەی تەلەفزیۆنە داخراوەکان

# پێنتاگۆن
# دەستی لە جەنگی داعشدا کراوەتر دەبێت

رووداو- هەولێر

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پلانێکی ئامادە کردووە کە ئاستی دەسەڵات و چاودێریی کۆشکی سپی بەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای ئەمریکا لە دژی داعش سنووردار دەکات و ئازادییەکی زیاتری بڕیاردان بۆ پێنتاگۆن و هێزە سەربازییەکان دەگەڕێنێتەوە، بەمەش جەنگی دژی داعش خێراتر و بەهێزتر بەرەوپێش دەچێت.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی، پێنتاگۆن پلانەکە پێشکەش بە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا دەکات. لە کاتێکدا سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا داوای کردووە رێوشوێنی توندتر لە دژی چەکدارانی داعش لە عێراق و سووریا بگیرێتەبەر.

بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری بە رۆژنامە ئەمریکییەکەیان راگەیاندووە لە پلانەکەدا ژمارەیەک پێشنیاز خراونەتەڕوو، لەوانەش سووککردنی ئەو رێگریانەی لەسەر پێنتاگۆن دانراون کە بۆ هەر ئۆپەراسیۆنێک دەبێ ژمارەیەکی دیاریکراوی هێزی سەربازی رەوانە بکات، هەروەها دەستکاری ئەو رێسایانەش دەکرێ کە داوا دەکەن بەر لە هەموو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی یان هێرشی ئاسمانی، کۆشکی سپی بە پلانی ئۆپەراسیۆنەکاندا بچێتەوە.



بە گوتەی ژمارەیەک کاربەدەستی سەربازیی ئەمریکی، ئەم پلانە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ستراتیژی ئەمریکا بۆ جەنگی دژی داعش ناهێنێتە ئاراوە، بەڵام دەسەڵاتی فەرماندە و کاربەدەستە سەربازییەکان زیاتر دەکات. ژمارەیەک لە کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگریش کە لە نزیکەوە ئاگایان لە پلانەکە هەیە، بە وۆڵ ستریت جورناڵیان راگەیاندووە ئەوان وەک لایەنگری مامەڵە لەگەڵ پێشنیازەکانی خۆیاندا ناکەن، تەنیا دەیانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دابێتەوە کە رەنگە کۆشکی سپی ئاراستەی پێنتاگۆنی بکات.

بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوە داوە "هەر کاتێک ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەستبەکار بوو، ئێمە پێشنیازەکانی خۆمان دەخەینە بەردەستیان، بەڵام ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا دەشێت حەز بکات پێشنیار و گریمانەکانی ئێمە یان شێوازی کارکردنی ئێستای سوپای ئەمریکا دەستکاری بکات.

ئامادەکردنی ئەمجۆرە پێشنیار و پلانانە بۆ ئیدارەی دواتری ئەمریکا وەک نەریتێکی پێنتاگۆن وایە. بۆ نموونە لە ساڵی 2009، کاتێک باراک ئۆباما بە پلانی کەمکردنەوەی ژمارەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستانەوە هاتە نێو کۆشکی سپی. لەو کاتەدا وەزارەتی بەرگریی ئیدارەی جۆرج بووش، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، پلانێکیان ئامادە کردبوو کە تێیدا کۆمەڵێک پێشنیازی جێگەی پەسەندی ئۆباما خرابوونەڕوو. بەم پێیەش پێنتاگۆن لە کاتی ئامادەکردنی ئەمجۆرە پلانە بۆ ئیدارەی داهاتوو چاوێکی لەسەر پلانی گشتی ئیدارەی داهاتوو هەیە و هەوڵدەدات پێشنیازەکان لە چوارچێوەی ئەو پلانەدا بن، نەک پلانی ئیدارەی ئێستا.

ترەمپ بۆ راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی خۆی مایکڵ فلین، ژەنەراڵی خانەنشینی ئەمریکای دەستنیشانکردووە. فلین پێشتر گوتبووی ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی پێداچوونەوەی تەواو بە دەسەڵاتەکانی هێزە سەربازییەکان لە جەنگی دژی داعشدا دەکات. بەرپرسێکی نزیک لە تیمی ترەمپیش بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "فلین لە پێداچوونەوەکانیدا کەڵک لە پێشنیازەکانی وەزارەتی بەرگریی ئیدارەی ئۆباماش وەردەگرێت". فلین پێشتر لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی فۆکی ئەمریکیدا رایگەیاندبوو "بەشێک لە کێشەکە ئەوەیە کە ئێستا دەستی سوپا بەستراوەتەوە".

بەگوێرەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ، ئەگەر ئازادییەکی زیاتر بە پنتاگۆن بدرێت یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە ژمارەی سەرباز و راوێژکارانی ئەمریکی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەوانەش عێراق و سووریا، زیاتر بکرێ.

ژمارەیەکی زۆر لە کۆمارییەکان و فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا رەخنەیان لەم سیاسەتەی ئۆباما گرتووە کە کاتێک داواکاری ئۆپەراسیۆنێک دەخرێتە بەردەستیان بە وریایی و دوورەپەرێزییەکی زیاتر لە پێویست مامەڵە لەگەڵ داواکارییەکاندا دەکەن. ژمارەیەک فەرماندەی پایەبەرزی سوپای ئەمریکا ئەمەیان بۆ وۆڵ ستریت جورناڵ پشتڕاستکردووەتەوە و رایانگەیاندووە "لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کۆشکی سپی چاودێرییەکی توندی خستووەتە سەر ژمارەی ئەو هێزانەی کە دەبوایە لە ئۆپەراسیۆنەکاندا بەکاربهێنرێن، هەندێکجار کە داوای زیادکردنی ژمارەی سەربازان کراوە، وەڵامدانەوەی داواکارییەکە چەندین هەفتە یان مانگی بردووە هەتا لە لایەن ئۆفیسی سەرۆکەوە پەسەند کرابێت".

یەکێکی دیکە لە پێشنیازەکانی پێنتاگۆن بریتییە لەوەی رێگە بە سەربازانی ئەمریکی بدرێ هەتا ئاستێکی دیاریکراو لە جەنگی دژی چەکدارانی داعش بەشداری بکەن، بە تایبەتیش ئەگەرهاتوو چەکدارانی داعش لە ناوچەکانی نێو شارەوە بەرەو دەرەوەی شار رایانکرد. بەپێی یاساکانی ئێستا، ئەگەر چەکدار یان سەرکردەکانی داعش و ئەلقاعیدە سێ میل لە شارەکەوە دوور بن، سەرباز یان هێزی ئاسمانیی سوپای ئەمریکا ناتوانن بەبێ رەزامەندی کۆشکی سپی چەکدارەکانی داعش بکەنە ئامانج. پێنتاگۆن پێشنیازی کردووە لەم حاڵەتانەدا ئازادییەکی زیاتر بە فەرماندە سەربازییەکان و بەرپرسانی پێنتاگۆن بدرێ.

لە رۆژانی بەرایی دەسپێکردنی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا بەرپرسانی سوپای عێراق رەخنەیان لە هێزەکانی هاوپەیمانان گرتبوو کە هێرشە ئاسمانییەکان بەپێی پێویست نین و لە کاتی خۆیاندا ناکرێن، ئەمەش وایکرد ژمارەی قوربانیانی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە بەهۆی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان بەرز بێتەوە. چاوەڕێ دەکرێ ئەم پلانە نوێیە (ئەگەر رەچاو بکرێ) هەماهەنگییەکی زیاتر لە نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی عێراق و پێشمەرگەدا بهێنێتە ئاراوە.

# ئەورووپا کۆچبەران بۆ یۆنان دەگەڕێنێتەوە



(فۆتۆ: AFP)

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی پێنجشەممەی رابردوو، کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، پێشنیازێکی ئاراستەی وڵاتانی ئەندام کرد کە ڕێگەیان پێبدرێ ئەو کۆچبەرانەی لە دوای ناوەڕاستی مانگی ئاداری ساڵی 2017ەوە روو لە وڵاتەکانیان دەکەن، رەوانەی یۆنانیان بکەنەوە، ئەگەر ئەم پێشنیارە پەسەند بکرێت، ئەوە کۆتایی بە حاڵەتی تایبەتی یۆنان دێت کە ماوەی نزیکەی شەش ساڵە پەیڕەو دەکرێ، ئەم هەنگاوەی یەکێتیی ئەورووپا گوشارەکان لەسەر ئەسیناش زیاد دەکات بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری کۆچبەران دیپۆرتی تورکیا بکاتەوە.

## یۆنان و کۆتایی حاڵەتی تایبەت

ساڵی 2011 دادگای باڵای یەکێتیی ئەورووپا رایگەیاند سیستەمی خزمەتگوزاریی کۆچبەران و پەناخوازانی یۆنان گونجاو نییە، بۆیە لەو ساڵەوە یۆنان وەکوو حاڵەتێکی تایبەت سەیر کراوە و ئەو کۆچبەرانەی بەو وڵاتەدا تێدەپەڕین و ناویان تۆمار دەکرا، لە دوای دەرچوونیان لە یۆنان بەرەو وڵاتێکی دیکەی ئەورووپی، رەوانەی یۆنان نەدەکرانەوە.

بەڵام بەگوێرەی دوایین زانیارییەکان لە کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپاوە، یۆنان پێشکەوتنی بەرچاوی لە بواری سیستەمی خزمەتگوزاری و مامەڵەکردن لەگەڵ کۆچبەرەکان بەدەستهێناوە. کۆمیسیۆنەکە لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە هەوڵی داوە بزانێ بە چ شێوازێک سیستەمی کۆچبەریی یۆنان باشتر بکرێ، بە جۆرێک بتوانن بەشێکی بەرچاو لە کۆچبەران بۆ ئەم وڵاتە بنێرنەوە.

سەرەڕای ئەم پێشکەوتنە بەرچاوەش، کۆمیسیۆنی کۆچبەران و کاروباری نێوخۆیی یەکێتیی ئەورووپا، بە سەرۆکایەتی دیمیتریس ئاڤرامۆپۆڵس رایگەیاندووە کە هێشتا کەموکورتیی زۆر لە سیستەمی کۆچبەرانی یۆناندا هەیە، بۆیە دەبێ "پرۆسەی گەڕاندنەوەی کۆچبەران بۆ یۆنان هەنگاو بە هەنگاو بێت".

بەگوێرەی کۆمیسیۆنە ئەورووپییەکە، یۆنان هێشتا توانای تەواوی نیشتەجێکردنی کۆچبەرە کەم تەمەنە تەنیاکانی نییە، ئەمە جگە لەوەی رۆتینی ئیداریی کاروباری کۆچبەران زۆر دوور و درێژە.

لە پێشنیازەکەی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپادا هاتووە، یۆنان "دەبێ دڵنیایی بداتە کۆچبەرە گەڕاوەکان کە لە یۆنان کەرامەتیان پارێزراو دەبێ". هەروەها پێشنیازەکە وڵاتانی ئەندام لە کۆمسیۆنەکە سەرپشک دەکات لە گەڕاندنەوەی کۆچبەرەکان بۆ یۆنان.

بە گوتەی بەرپرسانی کۆچبەریی یۆنان و یەکێتیی ئەورووپا، هەفتانە 500 کۆچبەر لە سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی یۆنانەوە ئاودیوی ئەم وڵاتە دەبن، جگە لەمە هەفتانە 400 کۆچبەر لە ڕێگەی دوورگەکانی یۆنانەوە لەسەر دەریای ئیجە، دەگەنە ئەو وڵاتە. بەم پێیەش ئەگەر لە وڵاتانی باکووری ئەورووپاش کۆچبەری بۆ بنێرنەوە، ئەوە گوشارێکی زۆر دەکەوێتە سەر حکومەتی یۆنان.

بۆ کەمکردنەوەی ئەم گوشارەش کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا داوای لە وڵاتانی ئەندام کردووە پشکی خۆیان لەو کۆچبەرانە وەربگرن کە بڕیار بوو لە چوارچێوەی بڕیاری پرۆگرامی نیشتەجێکردنی کۆچبەراندا لە یۆنان و ئیتاڵیا و ماڵتا وەربگیرێن. بەگوێرەی ئەم پرۆگرامە کە لە 2015 پەسەند کراوە، 162 هەزار کۆچبەر لە ئیتاڵیا و یۆنانەوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەورووپا دەنێردرێن، لەم ژمارەیەش 65 هەزاری بەر ئەو کۆچبەرانە دەکەوێت کە لە یۆنان ناونووس کراون، بەڵام هەتا ئێستا ئەم پرۆگرامە تەنیا 8200 کۆچبەری لە ئیتاڵیا و یۆنانەوە گواستووەتەوە. پرۆگرامەکە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی داهاتوو کاتی جێبەجێکردنی بەسەردەچێت.

## 13 هەزار شوێنبزر

لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژی پێنجشەممەی رابردوو، بەرپرسانی کاروباری کۆچبەرانی یەکێتیی ئەورووپا رایانگەیاند کە لەو 63 هەزار کەسەی لە دوورگەکان و نیمچە دوورگەی یۆنان ناوی خۆیان نووسیبوو، تەنیا 50 هەزاریان شوێنی حەوانەوەیان دەزانرێ. پێدەچێ روویان لە وڵاتانی نێوەڕاست و باکووری ئەورووپا کردبێ.

بەرپرسێکی باڵای کۆچبەران لە ئەورووپا لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی ئیندیپێندنتی بەریتانی راگەیاند، ئەو 13 هەزار کەسە ماوەی چەند مانگە هیچ پەیوەندییەکیان بە فەرمانگەی کۆچبەرانی یۆنانەوە نەکردووە. بەرپرسێکی دیکەی کۆچبەرانی یەکێتیی ئەورووپاش بە ووڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی راگەیاندووە "هیچ کەسێک نازانێت ئەم کەسانە کە بە شوێنبزر ناویان هاتووە، لە کوێن، هیچ کەس نازانێت کە ئاخۆ دوورگەکانیان جێهێشتووە، یان خۆیان شاردووەتەوە، بە هیوای ئەوەی گۆڕانێک لە رەوشەکەدا رووبدات".

یۆنان بەهۆی قەیرانی دارایی وڵاتەکەی و کەڵەکەبوونی قەرزە نێودەوڵەتییەکان لەسەری، توانای وەرگرتنی ژمارەیەکی زیاتری کۆچبەری نەماوە.

بۆ دوو ساڵ دەچێ لێشاوی کۆچبەران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقاوە یەکێتیی ئەورووپای تووشی کێشەی ئیداری، سیاسی و ئەمنیی گەورە کردووە. قەیرانی کۆچبەران لە لایەکەوە مەترسی لەسەر بنەما سەرەتاییەکانی یەکێتیی ئەورووپا، لەوانەش نەبوونی خاڵی سنووری لە نێوان وڵاتانی ئەندام، دروستکردووە.

ئەوەی وڵاتانی ئەورووپی نیگەران کردووە، پەیوەندی بە دزەکردنی چەکدارانی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە نێو کۆچبەرانەوە هەیە، وەک چۆن لە هێرشەکانی 13ی تشرینی دووەمی 2015 لە پاریس، دەرکەوت بەشێک لە ئەنجامدەران و پلاندارێژەرانی هێرشەکان ئەو کەسانە بوون کە لە سووریاوە هاتبوون.



**قەیرانی کۆچبەران بە ژمارە:**

| | |
|---|---|
| ژمارەی کۆچبەران لە ئەورووپا لە ساڵی 2016دا: | 376.085 |
| لە ڕێگەی دەریاوە: | 325.363 |
| لە ڕێگەی وشکانی: | 23.722 |
| ونبووەکان: | 4.715 |
| ژمارەی کۆچبەران لە یۆنان لە ساڵی 2016دا: | 174.936 |
| لەڕێگەی دەریاوە: | 171.875 |
| لە ڕێگەی وشکانی: | 2.810 |

# پۆپۆلیست و راستڕەوەکانی ئەورووپا دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکەن

ڕووداو- هەولێر

ساڵی 2016 ساڵی سەرکەوتنی ناسیۆنالیست و پۆپۆلیستەکانی ئەورووپا و ئەمریکا بوو. لە مانگی حوزەیراندا خەڵکی بەریتانیا دەنگیان بە جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا دا کە بە گەورەترین یەکێتی بان ـ نەتەوەیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادەنرێ. مانگی پێشووش خەڵکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپیان وەک سەرۆکی داهاتووی وڵاتەکەیان هەڵبژارد. ترەمپ هیچکات نەیشاردووەتەوە کە کەیفی بە بنەما سەرەکییەکانی لیبراڵ دیموکراسی نایەت، لەوانەش ئازادیی تاکەکەسی، سەربەخۆیی سیستەمی دادوەری، دەسەڵاتی یاسا و لەسەرووی هەمووشیانەوە دژایەتیکردنی دامەزراوە دیموکراتیکەکانی ئەمریکا.

## میانڕەوەکانی ئەورووپا لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە؟

دوایین تاقیکردنەوە بۆ دەسەڵاتی دامەزراوە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر پۆپۆلیستەکان، لە نەمسا و ئیتاڵیا بوو. ڕۆژی یەکشەممە چواری دیسەمبەر، ئەلێکساندەر ڤاندەر بێلێن، سەرۆکی پێشووی پارتی سەوزەکانی نەمسا، لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتەکەیدا شکستی بە نۆربەرت هۆفەر، لە پارتی ئازادیی نەمسا هێنا، کە پارتێکی راستڕەوی پۆپۆلیستی توندڕەوە و بەرامبەر بە یەکێتیی ئەورووپا بەدگومانە.

بەڵام خۆشحاڵیی میانڕەوەکانی ئەورووپا بۆ سەرکەوتنەکەی بێلێن زۆری نەکێشا، چونکە درەنگانی شەوی یەکشەممە دەرکەوت خەڵکی ئیتاڵیا پاکێجی چاکسازییەکانی ماتیۆ رێنزی، سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیایان رەتکردووەتەوە. پرۆژەکە لە بنەڕەتدا پرۆژەی چەپڕەوە میانڕەوەکانی ئیتاڵیا بوو. دوای دەرچوونی ئاکامی گشتپرسییەکە، رێنزی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە سەرۆککۆماری ئیتاڵیا کرد.

ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە هەر کام لە وڵاتانی فەرەنسا، ئەڵمانیا و هۆڵەندا بەڕێوەدەچێ. سەرەتا لە مانگی ئاداری 2017دا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی هۆڵەندا بەڕێوەدەچێت، لەم هەڵبژاردنەدا رکابەرییەکە لە نێوان خێرت ڤیلدەرس، سەرۆکی پارتی لەپێناوی ئازادی و مارک رووتێ، سەرۆکوەزیرانی ئێستای هۆڵەندا و پارتی گەل دەبێ. پارتی لەپێناوی ئازادی پارتێکی راستی توندڕەوی دژی ئیسلامە.

لە مانگی نیسان و ئایار و لە دوو خولی هەڵبژاردنەکاندا، خەڵکی فەرەنسا سەرۆکی نوێی وڵات هەڵدەبژێرن. چاوەڕێ دەکرێ لەم هەڵبژاردنەدا مارین لو پێن، سەرۆکی پارتی راستی توندئاژۆ و پۆپۆلیستی "بەرەی نیشتمانی"، رووبەڕووی فرانسوا فیلۆن، لە پارتی راستی میانڕەوی کۆماری و یەکێک لە نوێنەرەکانی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا ببێتەوە. ئەگەرچی لو پێن بە راستڕەوێکی توندئاژۆ دەزانرێت، بەڵام فیلۆنیش بە ترەمپی فەرەنسا ناوی دەرکردووە، هەر بۆیە نیگەرانییەکان بەرامبەر بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسا زۆرن.

دواجاریش لە مانگی ئەیلوول لە ئەڵمانیا هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوەدەچێ، لەم هەڵبژاردنەدا ئەنگێلا مێرکڵ، راوێژکاری ئەڵمانیا، بە نیازە بۆ جاری چوارەم پارێزگاری لە پۆستەکەی خۆی بکات، بەڵام بۆ یەکەمجار لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئەگەری ئەوە هەیە پارتێکی راستڕەوی توندئاژۆ بێتە نێو پەرلەمانی فیدراڵیی ئەڵمانیا.

ئەگەرچی لە هەموو وڵاتە ئەورووپییەکاندا چاوەڕێ دەکرێ دەسەڵات و پشتگیریی پۆپۆلیستەکان گەشە بکات، بەڵام پێناچێ لە هیچکام لەم سێ وڵاتەدا پۆپۆلیستەکان و راستڕەوە توندئاژۆکان دەسەڵاتی یەکەمی وڵات بگرنە دەست. ئەم پێشبینییە بۆ سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا دڵخۆشکەرە، بەڵام ئەورووپا و میانڕەوەکانی ئەم کیشوەرە ناتوانن پشت بەم سەرکەوتنە کورتخایەنانە ببەستن، بە تایبەتیش کاتێک دەبینن ژمارەی لایەنگرانی پۆپۆلیستە راستڕەوەکان رووی لە زیادبوونە.

## هۆکارەکانی گەشەکردنی پۆپۆلیزم

خاڵی هاوبەشی هەموو بزووتنەوە و پارتە پۆپۆلیستەکان دژایەتی دامەزراوەی سیاسی، نوخبەی سیاسی وڵات، پەیماننامە بازرگانی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان، کۆچبەران و کرێکارانی بیانی و پشتگیری لە پەرەپێدانی سیاسەتی ئابووریی نێوخۆییە کە لە هەندێک حاڵەتدا هەتا ئاستی گۆشەگیریی ئابووریش دەچێ. لە ئاستی دروشمی ئیداری و سیاسیدا پۆپۆلیستەکان نەک هەر دەست لەسەر کێشە هەنووکەییەکانی خەڵکی دادەنێن، بەڵکو لە ڕێگەچارەکانیشدا پەنا بۆ ئەو شێوازانە دەبەن کە سەرنجی تێگەیشتنی باوی خەڵک رادەکێشێ.

سەبارەت بە هۆکارەکانی گەشەکردنی بزووتنەوە و پارتە پۆپۆلیستەکان، هاودەنگییەکی رێژەیی هەیە کە قەیرانی ئابووری، بەرزبوونەوەی بێکاری بەهۆی پەیماننامە بازرگانی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان هۆکاری سەرەکی برەوپەیداکردنی بزووتنەوە دژە حکومی و دژە-نوخبەوییەکانی ڕۆژئاوایە.

بەڵام رۆبێرتۆ ستێفان فوا، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی مێلبۆرن و لێکۆڵەر لە ناوەندی رووپێوی بەهاکان لە جیهاندا، پێیوایە پەرەسەندنی بەجیهانیبوون هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی بزووتنەوە پۆپۆلیستەکانە. لەم پەیوەندییەشدا سێ تایبەتمەندی و رەوت دەخاتەڕوو کە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا گەشەیان کردووە.

بایەخدان بە شوناسی نەتەوەیی: لەمبارەیەوە ستێفان فوا لە وتارێکدا لە گۆڤاری فۆرین پۆلیسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "یەکێک لە پارادۆکسەکانی بەجیهانیبوون ئەوەیە ئەگەرچی بەهۆی ئەم دیاردەیەوە گەشت، هاتوچۆی کۆچبەران و بازرگانیی نێوان وڵاتان گەشەی کردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا بایەخدان بە شوناسی نەتەوەییش زیادی کردووە".

بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بەرامبەر پرسی وەکوو هاوڕەگەزخوازی، لەباربردنی منداڵ و مافی جیابوونەوەی هاوژینەکان پەرەیان بە جۆرێک لە لێبووردەیی داوە، بەڵام لێبووردەیی بەرامبەر خەڵکانی سەر بە نەتەوە و ئایین و نەژادی جیاواز بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا چووە.

کەمبوونەوەی متمانە بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان: خەڵکی ئەم وڵاتانە وەک جاران بڕوایان بە دامەزراوە، رێکخراو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ئەو بەهایانە نەماوە کە پشتگیرییان لێدەکەن. لە نێوان ئەو رێکخراو و دامەزراوانەش دەکرێ ئاماژە بە یەکێتیی ئەورووپا، نەتەوە یەکگرتووەکان و سندوقی نێودەوڵەتیی دراو بکرێ.

رۆبێرتۆ ستێفان فوا پێیوایە بەهۆی پێکەوە بەسترانەوەی ئابووری و کۆمەڵگاکانی جیهان و پابەندیی بە یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، بژارەیەکی سیاسی ئەوتۆ لەبەردەستی سیاسەتمەدارانی وڵاتاندا نەماوە بۆ ئەوەی کاروباری سیاسی، ئابووری و دارایی وڵاتەکەیانی لەسەر رێکبخەن، لەوانەش سیاسەتی کۆچبەری، سیستەمی باج و دراوی وڵاتەکانیان و هتد، هەموو ئەمانەش پێکەوە چوونەتە خزمەتی بزووتنەوە و رێکخراوە پۆپۆلیستەکانەوە کە بە زمانێکی سادە ختووکەی هەست و سۆزی دەنگدەر دەدەن.

## پۆپۆلیستەکان کێشە بۆ ڕۆژئاوا دروست دەکەن

دەنگدەرانی ئەو وڵاتانەی نزیک 72 %ی ئابووریی یەکێتیی ئەورووپا پێکدەهێنن یان ئەوەتا لە هەڵبژاردن و گشتپرسییەکاندا دەنگیان داوە یان لە یەکساڵی داهاتوودا دەنگ دەدەن، بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵگەڕانەوە و تووڕەیی پۆپۆلیستەکان لە دژی نوخبەی سیاسی و پارتە میانڕەوەکان رووی لە زیادبوونە.



### ئامارە نافەرمییەکان دەڵێن زیاترە

# 3221 تووشبووی ئایدز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەن

فوئاد حەقیقی
رووداو- هەولێر

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، لە چوار پارێزگاکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا 3221 کەس وەک تووشبوو بە ئایدز تۆمارکراون، زۆربەی تووشبووانیش لە پارێزگای کرماشانن، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەکان ژمارەکە لەوە زیاترە.

پارێزگای کرماشان بەگوێرەی دانیشتووان، زۆرترین ژمارەی تووشبوو بە ئایدزی هەیە. لە ڕاپۆرتی زانکۆی پزیشکی کرماشاندا هاتووە، لەساڵی 1986ەوە 3521 کەسی تووشبوو بە ئایدز تۆمار کراون، بەڵام 1259 کەسیان مردوون.

ئیبراهیم شەکیبا، جێگری سەرۆکی زانکۆی پزشکیی کرماشان، دەڵێ "پێشبینی دەکرێ ژمارەی تووشبووان لە پارێزگای کرماشان تاوەکو 10 هەزار کەس بەرز بێتەوە". بەگوتەی پارێزگاری کرماشان 80%ی تووشبووانی ئایدز لە سەنتەری شارەکە دەژین.

لە ئێراندا لە هەر 10 هەزار کەس، سێ کەسی تووشبووی ئایدز هەن، بەڵام لە کرماشان لە هەر 10 هەزار کەس 12 تووشبوو هەیە.

بە گوتەی شارەزایان، ئاڵوودەبوون بە مادەی هۆشبەر یەکێکە لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئایدز لە پارێزگای کرماشان، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانەوەی کەرەستەی پیسبوو بە ئایدز.

عەلی شمشێری، بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی بەرەنگاربوونەوەی مادde هۆشبەرەکانی کرماشان، پاییزی ساڵی ڕابردوو ژمارەی گیرۆدەبووانی ئەم پارێزگایەی بە 55 هەزار کەس ڕاگەیاند. شاری کرماشان دوای تاران بەرزترین ژمارەی لە مردنی گیرۆدەبووان بە مادده هۆشبەرەکاندا هەیە.

ئەسەدوڵا ڕازانی، پارێزگاری کرماشان، بێکاری و هەژاری وەک دوو هۆکاری گرنگی پەرەسەندنی گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان دەزانێت.

ڤایرۆسی HIV سەرەتا وەک ئەنفلوەنزایەک خۆی دەردەخات. دوای ماوەیەک دەچێتە قۆناغی ماتبوونەوە. یان وەک دەڵێن: دەخەوێت کە ئەم قۆناغە نزیکەی 5 تاوەکو 15 ساڵ دەخایەنێ، دوای ئەوە نیشانەکانی نەخۆشیی ئایدز خۆی دەردەخات. ڤایرۆسی HIV سیستەمی بەرگریی لەش لاواز دەکات و کەسی تووشبوو لە بەرامبەر نەخۆشییەکاندا توانای بەرگریی نامێنێ.

لەدوای پارێزگای کرماشان، پارێزگای سنە دێت لە ڕووی بەربڵاویی نەخۆشی ئایدز. بەپێی ئاماری زانکۆی پزشکیی کوردستان، 528 کەس ئایدزیان هەیە، بەڵام فەرزاد بیدارپوور، جێگری سەرۆکی زانکۆی پزشکیی کوردستان دەڵێت "نزیکەی 1800 کەس لە پارێزگای سنە تووشی ئایدز بوون".

لە پارێزگای ورمێش 350 کەسی تووشبوو بە ئایدز تۆمار کراون. هەروەها لە پارێزگای ئیلام 145 کەس، بەڵام 55 کەسیان مردوون.

تاوەکو کۆتایی هاوینی ئەمساڵ ژمارەی ئەو تووشبووانەی لە هەموو ئێراندا تۆمارکرابوون 33 هەزار و 227 کەس بوون. بەڵام جگە لەوان، دەگوترێ 70%ی سەرجەم تووشبووان بە ئایدز لە ئێران ئاگایان لە نەخۆشیی خۆیان نییە. بۆیە پێشبینی دەکرێ نزیکەی 100 هەزار کەس لە ئێران ئایدزیان هەبێ.

ئایدز لە ئێران لەڕێی بەکارهێنانی دووبارەی دەرزی - بەتایبەت لە نێو گیرۆدەبووان بە مادده هۆشبەرەکان- ، پەیوەندیی سێکسی، گواستنەوەی خوێن و هەروەها لە دایکەوە بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا گواستنەوەی ئایدز لەڕێی پەیوەندییە سێکسییەکانەوە زۆر زیاتر پەرەی سەندووە، بە جۆرێک کە ئێستا 40%ی حاڵەتەکانی گواستنەوەی ئایدز پێکدێنێ.

جێگری سەرۆکی زانکۆی پزشکی کرماشان، دەڵێ "کەڵکوەرگرتن لە خوێن، بەکارهێنانی کەرەستەی تیژی خوێناوی- ئامرازەکانی تاتۆ-، پەیوەندییە سێکسییەکان، دایکی دووگیانی تووشبوو بە ئایدز، هۆکارەکانی گواستنەوەی ئایدزن". ئامارەکان نیشانی دەدەن لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەی ژنانی تووشبوو بە ئایدز ڕوو لە زیادبوونن.



### توێژینەوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە..

# چ وەرزشێک باشترینە بۆ باشکردنی کواڵیتی تۆوی پیاو؟

رووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

توێژینەوەیەک، کە هەفتەی ڕابردوو لە جۆرناڵی ڕیپرۆدەکشن بڵاوکرایەوە، باس لە کاریگەریی جۆرە جیاوازەکانی وەرزش دەکات لەسەر کواڵیتی سپێرمی پیاو. ئەنجامەکان دەریدەخەن تەنیا چەند مانگێک لە چالاکیی جەستەیی، گۆڕانکاریی گەورە دروست دەکات.

یەک لەسەر سێی هاوژینەکان بەهۆی گرفتی تۆو، کێشەیان هەیە لە دروستکردنی منداڵ. هەندێکجار ئەو هاوژینانەی منداڵیان نابێ پەنا بۆ تەکنۆلۆژیای منداڵی بلووری دەبەن، بەڵام دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی لە تۆوی کواڵیتی خراپ پەیدا دەبن، ئەگەری زۆرترە هەر لە سکی دایکیاندا لەبار بچن، یان بە شێواوییەوە لەدایک ببن، تەنانەت لە ئایندەشدا زۆرتر تووشی شێرپەنجە دەبن.

لەبەرئەوە، گرنگە بە ڕێگای سروشتی کواڵیتی تۆوەکان باش بکرێ بۆ باشبوونی تەندروستی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو. ئەوەی تاوەکو ئێستا بە پیاوان گوتراوە ئەنجامی بدەن بۆ باشبوونی چانسی منداڵبوون، بریتی بووە لە خۆراکی تەندروستانە، کەمکردنەوەی خواردنەوەی کحولی، وازهێنان لە جگەرەکێشان و وەرزشکردن بە بەرنامە.

هەرچەندە ئەو خاڵانە بەشێک بوون لە ڕێنمایی پزیشکان بۆ باشکردنی بەپیتیی تۆوی پیاوان، تاوەکو ئێستا بە دیاریکراوی لێکۆڵینەوە نەکرابوو لەسەر کاریگەریی وەرزش لەسەر کواڵیتی تۆوەکان. تەنانەت هەندێک دەیانگوت چەند جۆرێک لە وەرزش (وەکوو پاسکیلسواری و ڕێگابڕینی زۆر) بۆ کواڵیتی تۆوەکان خراپن. هەندێکی دیکەش دەیانگوت چەند جۆرێکی دیاریکراوی وەرزش بۆ تۆوەکان باشن.

## وەرزش و کواڵیتی سپێرم

تیمێکی زانستی لە زانکۆی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاریگەریی جۆرە جیاوازەکانی وەرزشیان کۆڵییەوە لەسەر تایبەتمەندییەکانی تۆو.

بۆ توێژینەوەکە بەشداری بە 261 پیاو کرا کە تەمەنیان لەنێوان 25-40 ساڵان بوو. لە سەرەتای توێژینەوەکەدا هیچ یەک لە بەشداربووان بەشداری چالاکییە وەرزشییەکانیان نەدەکرد. دواتر خرانە سەر پرۆگرامێکی وەرزشی بە سێ جۆری جیاواز:

**1- وەرزشی مامناوەند:** ڕاکردنی بەردەوام لەسەر تریدمیل بۆ 25-30 خولەک 3-4 جار لە هەفتەیەکدا.

**2- وەرزشی توند:** ڕاکردنی بەردەوام لەسەر تریدمیل بۆ ماوەی 50 -60 خولەک 3-4 جار لە هەفتەیەکدا.

**3-** خولەکێک ڕاکردنی توند لەسەر تریدمیل و خولەکێک پشوودان هەر جارێک لە ڕۆژێکدا 10-15 جار ئەم نۆرەیە دووبارە بکرێتەوە.. 3-4 جار لە هەفتەدا.

**4-** نەکردنی وەرزش

هەریەک لەو چوار ڕۆتینە بۆ 24 هەفتە چاودێری کران. کواڵیتی تۆوی بەشداربوو بەر لە ڕۆتینە نوێیەکە، کاتی ڕۆتینەکە و دوای ڕۆتینەکەش پشکنینی بۆ دەکرا لەبارەی: ژمارەی تۆوەکان، جووڵەی تۆوەکان، شێوەی تۆوەکان، -ئاستی ئەو ماددانەی ئاماژەن بۆ هەوکردن.

هەر سێ گرووپی وەرزشەکە کواڵیتی تۆوەکانیان بەرەو باشی چوو بە بەراورد بەو گرووپەی وەرزشیان نەدەکرد. ئەو گرووپەی زۆرترین گۆڕانکاریی ئەرێنی لە تایبەتمەندیی تۆوەکانیان ڕوویدا، گرووپی یەکەم بوون (ڕاکردنی بەردەوام لەسەر تریدمیل بۆ 25-30 خولەک 3-4 جار لە هەفتەیەکدا).

گرووپی یەکەم بەم ڕادەیە گۆڕانی ئەرێنی لە کواڵیتی تۆوەکانیان ڕوویدا:

- (85+%) زیادبوون لە قەبارەی شلەی تۆواو
- (12.4+%) زیادبوون لە جووڵەی تۆوەکان
- (17.1+%) باشبوون لە شێوەی تۆوەکان
- (14.1+%) زیادبوون لە خەستی تۆواو
- (21.8+%) زیادبوون لە ژمارەی تۆوەکان.

ئەم ئەنجامانە دڵخۆشکەرن، بەڵام دەبێ بزانن بە درێژایی ژیان بەردەوام نین و لەماوەی هەفتەیەک- مانگێکدا وەک خۆیان لێدێتەوە، ئەگەر کەسەکە واز لە وەرزش بهێنێ.

د.بەهزاد حاجیزادە، سەرۆکی تیمی توێژەران، دەڵێ "ئەنجامەکانمان دەریدەخەن دەکرێ وەرزش بکرێتە ستراتیییەتێکی سادە، هەرزان و کارا بۆ باشکردنی کواڵیتی تۆوی ئەو پیاوانەی ناجووڵێن، بەڵام دەبێ بزانن هەموو نەزۆکییەکی پیاوان بەهۆی خراپیی کواڵیتی تۆوەکانیان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و هەندێکیان بە گۆڕینی شێوازی ژیان باش نابن".

توێژەرەکان گوتوویانە ڕەنگە ئەو باشبوونەی کواڵیتی تۆوی پیاوان، بەهۆی دابەزینی کێشی زیادەی لەشیان بووبێ، هۆکاری ئەوەش کە گرووپی یەکەم زۆرترین سوودیان لە وەرزش وەرگرت نەوەک ئەوانەی زۆر خۆیان ماندوو کردبوو، ئەوەیە کە کەمترین زەبر بەر گونیان کەوتووە.

هەنگاوی داهاتووی تیمە پزیشکیەکە ئەوەیە دەریبخەن ئایا هەمان ئەو باشبوونەی لە کواڵیتی تۆوی پیاوان ڕوودەدات، بە هەمان ڕادە کار لە بە پیتی بەشداربووەکانیش دەکات.





# لەبارەی دڕکە و مێکوتە لە منداڵدا

دکتۆر شادمان محەممەدئەمین

هەوکردنی یەکەمی پێست بە ڤایرۆسی ڤاریسێلا-زۆستەر پێیدەگوترێت دڕکە و مێکوتە، بەڵام دوای نەمانی نەخۆشییەکە، ڤایرۆسەکە لە گرێ دەمارییەکاندا دەمێنێتەوە. ئەگەر هەوکردنی دووەمی ئەم ڤایرۆسە ڕوویدات پێیدەگوترێت پشتێنەی ئاگرین (zoster).

منداڵان زۆرتر لە تەمەنی 5 — 10 ساڵی تووشی نەخۆشییەکە دەبن، دەگونجێ لە هەر تەمەنێکدا ڕوویدات، تەنانەت لە منداڵی تازە لە دایکبووشدا. بە زۆری لە وەرزی زستان و بەهاردا ڕوودەدات.

چەند ڕێگایەک هەیە بۆ گواستنەوەی نەخۆشییەکە، لەوانەش بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی پێستی نەخۆشەکە. پرژەی دەم و لووت و هەروەها هەناسە.

ئەو نەخۆشییە هەروەها بە (ئاوڵەی مریشک- chickenpox)یش دەناسرێ، چونکە برینەکان وەکو شوێن دەنووکی مریشک دەردەکەون کە لە خۆراکی دەدات!

## نیشانەکانی:

– **نیشانەی سەرەتا:** تا، بێهێزی، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن.

– **شێوەی برینەکان:** سەرەتا برینی سوور (کەمێک بەرزبووەتەوە) دواتر بڵقی بچووک کە ئاوێکی ڕوونی تێدایە (وەک دڵۆپە ئاو)، دواتر ئاوەکەی ناوی لێڵ دەبێت، پاشان بڵقەکە دەتەقێت و ڕەق دەبێت. دواجار چاکبوونەوەی پێستەکە.. بە گشتی لەیەک کاتدا هەموو جۆرە برینەکان دەبینرێت (سوور، بڵقی ڕوون، بڵقی لێڵ، ڕەقبوو).

– **شوێنی برینەکان:** سەرەتا لە سک و پشتدا دەردەکەوێت، دواتر پێستی سەر، دەموچاو، زۆر بەکەمی لە دەست و قاچ دەدات.

- خورانی برینەکان..
- هەڵاوسانی لیمفەگرێکان..
- هەوکردنی بەکتریایی پێست (ئاگرە، هەوکردنی شانەکانی ژێر پێست).

## دڕکەومێکوتە لەو منداڵانەی بەرگرییان کەمە:

- نیشانەکانی پێشوو (بەڵام توندتر).
- بڵاوبوونەوەی بە خوێندا و هەوکردنی زۆربەی ئەندامەکانی لەش (سی، گوێ، دڵ، جگەر، پەردەکانی گورچیلە).
- هەوکردنی کۆئەندامی دەمار (هەوکردنی مێشک، کۆنیشانەی ڕەی، کۆنیشانەی گلەین- بەرێ).
- خوێنبەربوون: کەمی پەڕەکانی خوێن و پەڵەپەڵەبوونی پێست..

## کێن ئەوانەی بەرگرییان کەمە؟

ئەوانەی هەندێک دەرمان بەکاردێنن بۆ نموونە پریدنیسۆلۆن، یان هەندێ نەخۆشییان هەیە بۆ نموونە شێرپەنجەی خوێن)، یان ئەوانەی نەخۆشی بەرگرییان هەیە بۆ نموونە نەخۆشیی کەمیی دژەتەنەکان و...هتد.

## دڕکە و مێکوتە لە منداڵی تازەبوودا:

– ئەگەر زیاد لە (پێنج ڕۆژ) بەر لە منداڵبوون دایک تووش ببێت، منداڵەکەش تووش دەبێ، بەڵام بەرگریی دژی ڤایرۆسەکەی وەرگرتووە لە دایکەوە.

– ئەگەر کەمتر لە (پێنج ڕۆژ) پێش منداڵبوون یان زیاتر لە (دوو ڕۆژ) دوای منداڵبوون دایک تووش ببێت، ئەوا منداڵەکە تووش دەبێت، بەبێ ئەوەی بەرگری لە دایکەوە وەربگرێت..

## چارەسەر:

1- ئەو منداڵانەی بەرگرییان ئاساییە:

– نەخۆشییەکی بێ کێشەیە و خۆیان چاک دەبنەوە، چارەسەر تەنیا بۆ ناڕەحەتیەکانی دەکرێت..

- دژەتا: پاراسیتامۆڵ-پرۆفین.
- دژە خوروو: ئەلەرمین، گیراوەی کەڵەماین.
- خۆشووشتن بە ئاوی سارد.
- کورتکردنەوەی نینۆک، دەستکێش بکرێتە دەستی منداڵ بۆ ئەوەی برینەکانی هەڵنەکەنێت..

2- ئەو منداڵانەی بەرگرییان کەمە یان منداڵی تازەبوو:

- پێویستە بمێننەوە لە نەخۆشخانە و دژەڤایرۆس وەربگرن (ئەسایکلۆڤیر).
- وەرگرتنی بەرگریی دروستکراو (VZIG).

## خۆپاراستن:

– پێویستە منداڵ نەبرێتەوە خوێندنگا تاوەکو هەموو برینەکان ڕەق دەبن (حەوت ڕۆژ)، برینەکان هەڵنەکەنرێ.

– کوتان: هەموو منداڵێک پێویستە دووجار بکوترێت: یەکەم-12 15 مانگی.. دووەم 4-6 ساڵی (لە خشتەی کوتانی کوردستاندا نییە).

# یاری شوان قەرەداخی هاتەوە



**هیوا سەلاح /ڕووداو- هەولێر**

شوان قەرەداخی، گۆرانیبێژ و ژەنیاری کورد، بەرهەمێکی نوێ بەناوی یارم هاتەوە تۆمار دەکات کە لە ئاوازی حەسەن کامکارە.

شوان قەرداخی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانی یارم هاتەوە، یەکێکە لە گۆرانییە ڕەسەن و ناوازەکانی هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن کامکار. هونەرمەندی گەنج نزار زێوەیی بەشێوازێکی نوێ دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە و منیش بە شێوەزاری ئەردەلانی توانیومە بە ئەدا و شێوازێکی تازە بیڵێمەوە".

قەرەداخی گوتیشی "ئێستا ئامادەکاری دەکەین بۆ ئەوەی ئەم گۆرانییە لە سرووشتە جوانەکانی کوردستان ڤیدیۆکلیپێکی جوانی بۆ بکەین، بۆیە لەگەڵ چەند دەرهێنەرێکی کورد لە گفتوگۆدایین، لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا دەست بە تۆمارکردنی دەکەین".

# کیژان سەرقاڵی ئەلبوومی نوێیە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

خانمە گۆرانیبێژ کیژان ئیبراهیم خەیات، سەرقاڵی ئەلبوومێکی نوێیە کە ئێستا دوو گۆرانی لێ تەواو کردووە و کار لە دوو گۆرانیی دیکەدا دەکات.

کیژان ئیبراهیم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوو لە گۆرانییەکانی ئامادەن کە یەکێکیان هۆنراوەی ساڵح بێچار و میلۆدی بورهان موفتیزادەیە، ئەوەی دیکەش هۆنراوە و ئاواز و دابەشکردن و تۆمارکردنی ئەفشین شوکرییە. ئەم دوو گۆرانییە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە سپۆنسەر دەکرێن.

کیژان گوتی ئەو چوار گۆرانییە سەرەتایەکن بۆ ئامادەکردنی ئەلبوومێک، وردە وردە چەند گۆرانییەکی دیکەش تۆمار دەکات و لە ئەلبوومێکدا کۆیاندەکاتەوە.

# هەولێر و شڤان دەچنە لۆزان



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندانی کورد، شڤان پەروەر و هەولێر لە لۆزانی سویسرا، گەورەترین کۆنسێرتی گۆرانی و میوزیک بۆ کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە سازدەکەن.

هەولێر، کچە هونەرمەندی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من و هونەرمەندی گەورەی کورد، شڤان پەروەر لە شاری لۆزانی سویسرا، کۆنسێرتێکی هاوبەشمان ساز کرد کە جەماوەرێکی یەکجار زۆری کورد و بیانی ئامادەی بوون".

گوتیشی "لەم کۆنسێرتەدا چەند گۆرانییەکی هاوبەشمان لەگەڵ هونەرمەند شڤان پەروەر پێشکەش کرد، لەگەڵ ئەوەشدا چەند گۆرانییەکی نوێمان بۆ یەکەمجار لەم کۆنسێرتە گوت کە بووە مایەی خۆشحاڵیی ئامادەبووان".

هەولێر بەنیازە لە ڕۆژانی داهاتوودا چەند کۆنسێرتێک لە وڵاتانی ئەوروپا پێشکەش بکات، دواتریش بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان و کۆنسێرتێکیش لە هەولێر ساز بکات.

# گابرێل یارد: کورد سەردەکەون



**ڕووداو- دوبەی**

گابرێل یارد، کۆمپۆزەری بەناوبانگی فەرەنسی کە بە فیلمی "نەخۆشە بەریتانییەکە" توانی خەڵاتی ئۆسکار بباتەوە و چەندین خەڵاتی دیکەی جیهانی هەیە، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی سێزدەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە دوبەی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ڕێزلێنان ئامادەبوو.

نێردراوی ڕووداو بۆ دوبەی، پرسیاری لە گابرێل کرد کە ئایا ئەو پەیامی بۆ گەلی کورد و پێشمەرگە چییە کە ڕووبەڕووی داعش دەجەنگن، گابرێل بە (ڕووداو)ی گوت "بەباشی چاودێریی پێشڤەچوونی کورد دەکەم و بەبەردەوامی هەواڵەکانی دەخوێنمەوە. کورد و پێشمەرگە وێنەیەکی جوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، پەیامم بۆیان ئەوەیە بەردەوام بن و نەوەستن، بەدڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبن".

# ڕەنڤیر سین پەیامێک بۆ کورد دەنێرێ

**ڕووداو- دوبەی**

ڕەنڤیر سین، ئەکتەری بەناوبانگی بۆڵیوود کە دەیان فیلمی وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی و فیلمەکانی بینەری زۆریان هەیە، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی سێزدەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە دوبەی، لەگەڵ ڤانی کاپوور، ئەستێرەی بۆڵیوود ئامادەبوون بۆ یەکەم نمایشی نوێترین فیلمیان بەناوی بیفکرێت.

ڕەنڤیر سین کە بە بەردەوامی هەواڵی شووکردنی بە ئەستێرەی بۆڵیوود دیپێکا بادکۆن لە میدیاکاندا بڵاودەبێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت کە بە نهێنی شوو ناکات و ئەو هەواڵانە دوورن لە ڕاستییەوە. بەڵام ڕەنڤیر نەیشاردەوە کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ بادکۆن هەیە و پەیوەندییەکەشیان بەردەوامە، بەڵام تا ئێستا بیریان لەوە نەکردووەتەوە خێزان پێکەوە بنێن. ڕەنڤیر گوتی "ئەو بابەتە پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆر هەیە".

بە پێکەنینەوەش بە نێردراوی ڕووداوی گوت "برا تۆ ڕۆژنامەنووسی، بە خەڵکی وڵاتەکەت بڵێ سەیری فیلمی بیفکرێت بکەن زۆر تایبەتە".




# ئیلهام شاهین لە گرتە ڕووتەکانی پەشیمان نییە



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- دوبەی**

ئیلهام شاهین، ئەستێرە و ئەکتەری میسری لە کاتی بەشداریکردنی لە سێزدەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە دوبەی ڕایگەیاند، ئەو هیچ پەشیمان نییە لەو گرتە ڕووتانەی لە فیلمەکانیدا تۆماری کردوون.

شاهین یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەستێرەکانی میسر و میدیاکان و هەوادارانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئەکتەرە بوێرەکە باسی دەکەن، چونکە زۆرترین گرتەی وروژێنەر و نیمچە ڕووتی لە فیلمەکاندا هەیە.

لە بارەی گرتە و فیلمەکانی، ئیلهام شاهین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من لە هیچ فیلمێک یان گرتەیەکی نێو فیلمەکانم پەشیمان نیم، ئەوانەی کردوومن هەمووی پەیام و پێویستیی نێو فیلمەکان بووە، سینەما پێویستی بە بوێری هەیە".

لە بارەی کاریگەریی ئیخوان موسلمین، شاهین گوتی "ئیخوان هەڕەشەیە بۆ سەر تەواوی مرۆڤایەتی نەک تەنیا میسر". باسی لەوەش کرد کە ئەو بزووتنەوەیە کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر ڕەوتی هونەر بەگشتی لە میسر داناوە.

## بەختی ڕووداو



ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
لەگەڵ هاوڕێکانت ڕووبەڕووی گفتوگۆی توند دەبیتەوە، لە قسەکردندا هێمن بە و مافی هاوڕێکانت لەبەرچاو بگرە. لە کارێک خۆت ماندوو مەکە هیچ سوودێکی نەبێت، گرنگی بە تەندروستیت بدە.

**گا**
لەم ماوەیەدا بۆ ئەوەی ئامانجەکەت بپێکیت ڕێگەیەکی گونجاو هەڵبژێرە، هەوڵ مەدە هەمان ڕێگە تاقی بکەیتەوە کە هاوڕێیەکت یان بەپرسەکەت پێیدا تێپەڕیوە بەرەو سەرکەوتن.

**دووانە**
مانگ لە کەلوەکەتدا پڕ دەبێت، ئەرکێکی زۆرت دەکەوێتە سەر شان کە دەبێت بە وریاییەوە ئەنجامی بدەیت. خۆت لە ترس و ڕاڕایی بەدوور بگرە ئەنجامی گەورە چاوەڕوانت دەکات.

**قرژاڵ**
کاتێک چاو دادەخەیت لە خەیاڵەکاندا کۆشکی بەرز و ژیانی شاهانە دەبینیت، بەڵام لەڕاستیدا بیر لە چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەو خەونانە ناکەیتەوە. خاڵی دەستپێکردن دیاری بکە.

**شێر**
خۆت پابەند مەکە بە بەڵێنی درێژخایەنەوە، ڕەنگە ببێت بە ئەرکێکی قورس و هیچ سوودێکیشی نەبێت. لەم هەفتەیەدا گەشبین دەبیت، سەبر گرتن باشترە لە پەلەکردن.

**فەریک**
لەم ماوەیەدا ڕووداوەکان بە پێچەوانەی ئارەزووەکانت دەبن، پێویستە هێمن بیت و بڕیاری خێرا نەدەیت. دەچیتە خەیاڵی قووڵەوە. نابێت لە هەندێک کاتی بێزاریدا پەنا بۆ بیرۆکەی نەگونجاو ببەیت.

**تەرازوو**
ماوەیەکی زۆر ئاواتەکانت فەرامۆش دەکەیت و دواتر پەلەیەکی زۆر دەکەیت، ئەمەش دەبێتە هۆی قورسبوونی کارەکان، ئەم هەفتەیە باشە بۆ هەنگاونان بەسەر بەربەستێکی گەورەدا.

**دووپشک**
ئەم هەفتەیە بەهۆی تێگەیشتنت لە هەندێک لایەنی ژیان هەست بە ئاسوودەیی زیاتر دەکەیت و لەڕاڕایی دوور دەکەویتەوە. هەواڵی خۆش بەڕێوەیە لە کارەکەت سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت.

**کەوان**
لەم مانگەدا تیشکی هەتاو لە کەلوەکەت دەبێت، دەتوانی لەسەرەتاوە دەست بە ئەنجامدانی ئەو کارانە بکەیتەوە کە وەستاون. چالاکیەکانت بەگەڕدەکەوێتەوە و بیرۆکەیەکی نوێ جێبەجێ دەکەیت.

**گیسک**
هەتا تەواو دڵنیا نەبیت هیچ ڕێککەوتنێک مەکە. خەم و خۆشی لە هەموو شوێنێک هەیە، بەڵام خەمەکان هیچ لە دەرئەنجامەکان ناگۆڕن. دەسکەوتێکی کەمی دارایی خۆشحاڵت دەکات.

**سەتڵ**
ئەستێرەی مارس لەکەلوەکەتدایە، لە هەموو شتێک پەلە دەکەیت. ڕاستەوخۆ پێشنیارەکان ڕەت مەکەرەوە، ڕەنگە لایەنێکی باشی تێدابێت. لەدوای هەموو ناخۆشییەک خۆشییەکی گەورە دێت.

**نەهەنگ**
با خەڵک بە ڕوویەکی گەشاوە بتبینن چونکە زیاتر سەرنجڕاکێش دەبیت. بەکەم تەماشای توانای خۆت مەکە، لە ناخی خۆتدا بڵێ: (بەڵێ دەتوانم) دەروازەیەکی نوێی ژیان دەکرێتەوە و دەبینیت کارەکان ئاسان دەبن.

# ئەو شێعرانەی خۆشمدەوێن

ئەنوەر عەباسی (هەرەس)

لەبەر ئەوەی کە دڵنیام هەموو شاعیرە هاوچەرخەکان ناناسم، لە وشەگەلی "ڕەنگە و یەکێک" کەڵک وەردەگرم: ڕەنگە یەکێک لە هەستیارترین شاعیرەکانی هاوچەرخ یونس ڕەزایی بێت.

هەستیار بەو واتایە کە لە بچووکترین ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆیەوە بگرە هەتا ڕووداوگەلی گەورەتر و کێشە جیهانییەکان، کاریگەریی وەردەگرێ و زۆر خێرا دەینووسێ. کەمتر ڕووداوێکی گرینگ لەم ساڵانەی دواییدا ڕوویانداوە کە یونس ڕەزایی شێعرێکی بە بۆنەوە نەنووسیبێ. ئەگەر بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لـەم بابەتـە بڕوانین، ڕەنگـە بتوانین بە "فرەنووسـی" تۆمەتبـاری بکەین. بـەوەی کە دەرفەت بە نیشـتنەوەی هەسـتە کاتییەکانی نـادات و وەکوو لە شێعرێکدا دەڵێم "هاوکات لەگەڵ کارەسات" دەست بە نووسین دەکات. بەڵام شـتێک کە سەرنجڕاکێشـە، ئەوەیە زۆر بە دەگمەن شێعری هەیە پەلەپەل و "کارگەییبـوون"ی پێوە دیار بێت. کە دەڵێم دەگمەن تەنیا بەو هۆکارەیە کە ڕێگام لە ڕەخنەی بابەتییانەی ئەم بابەتە نەگرتبێ. دەڵێی ئەزموونی دوو سێ دەیە نووسینی بەردەوام کاردانەوەیەکی شێرکۆ ئاسای لەسەر پێنووسی کاک یونس بووە کە بێجگە لە شێعر، لە خامەی ناتکێتە خوار. بەو جیاوازییەوە کە لەگەڵ یونسی ڕەزاییدا شێعری چەند ڕەهەندی و زمانی تایبەت و فۆڕمی نوێ ئەزمـون دەکەین کە لە کۆتاییـدا توانیویەتی بگا بەو زمان و فۆڕمەی، بکرێ بەشێوەیەکی کۆنکرێت شی بکرێتەوە.

شیعری "پاپۆڕەوانێکی مەست... بەستێنێکی شێت" یەکێک لەو شێعرانەی یونس ڕەزاییە کە لە باسێکی ڕۆژ دەدوێ. باسی کۆچی کۆچبەران و خنکانی کۆمەڵێکی زۆر لەوان لە دەریادا. شێعرەکە لە چەند بەشێک پێکهاتووە کە بە خاڵ لە یەکتر جیا کراونەتەوە و پێموایە ئەمە تا ڕادەیەک بە هانای خوێنەرەوە هاتووە بۆ ئەوەی بتوانێ ئاسانتر تێکەڵ بە پانتایی شێعرەکە بێت. هەر کام لە بەشەکان وێنەیەک پێکدێنن کە پێم باشترە بە جێگای وێنە، وشەی دیمەن بەکاربێنم. چونکا وێنە هێندە ڕاوەسـتانی زەمانی پێوە دیارە کە ناتوانم ئەم دیمەنە زیندووانە ناو بنێم "وێنە". جگە لەوەی وێنە بە ئامێرێک دەگیردرێ و جۆرێک ساختەبوونی بنەمایی تێدایە کە لە بەرانبەر سروشتیبووندا ڕادەوەستێ. بەڵام ئەو دیمەنانەی لەم شێعرەدا ساز بوون، هێندە زیندوون کە مرۆڤ هەست دەکات لە دەلاقەیەکەوە ڕاسـتەوخۆ سەیری دەکات. مرۆڤ دەتوانێ هەوایەک هەڵمژێ کە لەو دیمەنانەدا هەن. پێموایە ئەم تواناییە لە شێعری یونس ڕەزاییدا ڕەگ و ڕیشەی لە تێگەیشتن لە چەمکی "شێعری حەجم"دا بێت کە لە ئەدەبی فارسـدا کەسـی دیاری وەکوو "یەدوڵڵا ڕوئیایی" نوێنەرایەتی دەکات. توانای سازکردنی بارست لە وشەکان کە سەرەتای چەند ڕەهەندیکردنەوەی شێعرە، یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی پێنووسی یونس ڕەزاییە.

شـێعرەکە لـە سـەرەتاوە بـە دیمەنێک دەسـت پـێ دەکات کـە هەموو بەسـەرهاتەکەی تێدایە. شێوازێک کە زیاتر لە چیرۆکدا دیتوومانە. دیمەنێک کە کارەساتباربوونەکەی دەڕژێتە نێو بەردەنگەوە و پەلکێشی نێو دنیای خۆی دەکات:

*بە باڵی دەریاوە پاپۆڕەوانی ژان*
*لە بەستێنی نەوتەوە بەرەو*
*کەناری دووکەڵ*

مرۆڤێک لە ڕێگای دەریاوە لە وڵاتی نەوتەوە دەڕوا بۆ وڵاتی بەکارهێنەری نەوت. ئەم دیمەنە بە هەر شێوازێکی دیکە بنووسرایە ڕەنگ و بۆنی دروشمی پێوە دەبوو. دەبینین کە شاعیر چاک لەم داوە خۆی دەرباز کردووە و هەروەها دەبینین کە تا چ ئاستێک شاعیر بە مانا وەفادارە. هەر دوای سازکردنی ئەم دیمەنە، بۆ ئەوەی کە جێگیری بکات دیمەنی دووەمی فریا دەخا، لەوە دەچێ لەنێو پاپۆڕەکەوە سەیری دەرەوەی خۆی بکات کە لەرزۆکە، دەرەوەیەک کە دەشێ بەرانبەری بێت:

*مەستە ئەو جوگرافیایەی کە لەبەر چاوم لەرزۆکە*
*ئەو سنوورانەش کە نسێی پۆلیسن بە بەرگی پەپوولەوە*

ئەگەر بە دەست من بووایە، لەم کۆپلەی خوارەوەدا دێڕی یەکەمم لادەبرد. جۆرێک هەستی ئەوەم پێدەدا کە نازی خوێنەر دەکێشێ و بۆی شی دەکاتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ بەتاڵ لە جوانی نییە. دیمەنێکی زیندووی دیکەیە و موژدەی ئەوە بە خوێنەر دەدا کە خەریکە پانۆرامایەک ساز دەبێ:

*بە چاوی نەهەنگەوە لە وشکایی دەڕوانم*
*لە لەشی ڕووتی دارەکان نا ...*
*کە ڕووتیی ... گالیسکەیەکی کەونارایە لە شانزەلیزێ*

.

*نا... لە تەمەنی باڵندەکانیش*
*کە بەرە بەرە مێژوویان پڕ بوو لە کلووە بەفرەکان*

ئێسـتا ئیتـر پانۆراماکـە سـاز بووە. گیـان کراوەتـە بـەر دیمەنەکە و لەگەڵ کەسـی یەکەم لەسـەر پاپۆڕەکە بە دەستی شـەپۆلان ڕادەژەنرێین و حیکایەتخوان بەردەوامە لە گوتن، یان باشترە بڵێم: گوێمان لە دەنگێکە کە لە نێو بادا پچڕ پچڕ و کورت کورت خۆی دەگەیەنێتە گوێمان و پاپۆڕەکە لە مێژە نوقم بووە. هەموو ئەم دژیەکییانە لە یەک کاتدا لە نێو دیمەنێکدا دێتە بەرچاومان و تەنانەت هەسـتی پـێ دەکەین. دەنگی حیکایەتخوانەکە لەنێو با و دەنگی ئاودا وەکوو لەبەرخۆوە قسـەکردنێکی شـیزۆفرنیک هەر دێت و لە گوێماندا دەنگ دەداتەوە. دەنگەکە هەڵوێسـت دەگرێ، وێنەی نوێ سـاز دەکات. لۆ لەسـەر لۆ مانا دەخولقێنێ و بۆ گەیشـتن بە هەر کامەیان دەبێ لۆیەکی دیکە هەڵبدەیتەوە:

*نیگام لە بەستێنەکان پشکوتووە بەیانی*
*کە پڕن لە تەنیایی منداڵان*

.

*لە زەنازەنای ماسیگرەکان دا ...*
*کە شێتانە گۆرانییەکانی سبەینێ*
*وە مەستانە لەشی ماسییەکان بە ڕووتی نا...*
*کە ڕووتی ڕووحێکە لە ژێیەکانی دڵتەنگی*
*ناش ... لە لەرەی زەمین بە پێوانەی ڕیشتێر*

.

*لە ئاڵای ئەو وڵاتەی بێ سنوور دەژی*
*کە دەلەرێتەوە لەگەڵ مەمکی کچانی ئۆتریش*
*لە ئۆپێڕای*
*"نەهەنگی ئەویندار بە گیتاری گڕەوە"*

.

*لەسەر باڵنجی دەریا دەنووم شەوانە*
*کە پڕە لە خەونی ون بوو.*

.

*من شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتیم لە دەمە دەمی بەستێندا*
*دێڕەکانم بە شوێنی ئێواران ...*
*واتاکانم بە کاتی تاریکایی ... مابەین دوو شێعر*

.

*ئانووم لەو شێعرەدا کە پڕە لە مەترسی*
*یاری دەکەم بە زمانم*
*لەگەڵ دۆلفینەکان کە فێری منداڵیین*
*لەگەڵ بەستێنەکان کە پڕن لە گوێچکە ماسی و پۆتین*
*پڕن لە چاوەڕوانی و تەنیایی.*

.

*پاپۆڕەوانی دەکەم لەسەر شەپۆلەکانی شەو*
*بە سەوڵێکی بریندارەوە*
*بەرەو ئەوبەری هەمیشەم... کە نایزانم*
*لە بەستێنێکەوە کە لە بلێسەکاندا جوانە ... ڕووتیی باخ*
*لە شووشە بەندەکاندا ... بۆنی ژن و پیانۆیەکی مێو*
*لەسەر کێشی ئەو شێعرە ڕێ ڕێ می فا سۆ....*

*باڵم بە دەریا بەخشیوە*
*بەرەو باڵندەکانی ئەوبەرەتر ... کە لە بەستێنەوە فڕیون*

.

*شەو لە دوامەوە هەر جێدەمێنێ*

وردە وردە خوێنەر لەگەڵ شاعیر دەبێ بە یەکێ. دەڵێی شاعیر زمانی تۆی داگیر کردووە و بە زمانی تۆ دەدوێ. زمانتی گۆڕیوە. ئەگەر لەگەڵ شێوازی نووسینیدا پێشتر ئاشنا نەبووبی، کەمێک خۆت ڕەپ دەکەی و هەوڵ دەدەی لێی دەرباز بیت، بەڵام ئەگەر بتوانی لەو وشکبوونە بێیتە دەرێ، لەوانەیە بە خۆت بڵێی: باشە بۆ دەڵێی پێشتر ئەم شێعرەم خوێندووەتەوە؟ بەڵام هەڵە دەکەی، پێشـتر نەتخوێندووەتەوە. تەنیا ئەمجارە کە خوێندووتەتەوە هێندە لەگەڵ دەربڕینە شێتانەکەی هەستت بە نزیکی کردووە کە پێتوابووە ساڵەهایە شێعری وا دەخوێنییەوە:

*لە کۆتایی دەریادا... نا ... ببوورن ڕستەکانمدا*
*ڕادەچڵەکێ منداڵێک لە خەو*
*وە من جۆلانەیەک هەڵدەبەستم لە مابەین دوو بەستێن*
*دەریا ڕادەژێنم لە خەونی ... منداڵاندا*

.

*من وا دەکەم و خەڵکی ئەوبەری بەستێن*
*سبەی خەونەکانی دەریا*
*سبەی جۆلانەی منداڵان*
*سبەی شێعری ڕۆژهەڵاتی*
*لە ڕۆژنامەکانیاندا ... سەفەرنامەی ئاورە.*

.

خوێنەرێـک کـە خوو بـە زمانی شـێعریی یونس ڕەزاییـەوە بگرێ، ئیتر ڕازیکردنی زۆر ئەسـتەم دەبێت. ئیتر شـێعری سـادە و تاکڕەهەندی ڕازیی نـاکات. یونس بەردەنگی کورد دەباتە قۆناغێکی سـەرتری چێژوەرگرتنەوە. "شێعری شێت" کە هەر خودی یونس ڕەزایی هێنایە نێو ئەدەبی کوردییەوە، پایەکانی خـۆی بەهێز کردووە و لەو دەگمەن ڕەوتانەی (ئەگەر بکرێ نێوی ڕەوتی لێبنرێ) نێو پانتایی وێژەی کوردییە کە بە بێ هاتوهاوار کاری خۆی کردووە و جێگای خۆی کردووەتەوە... ڕەوتێکی تاکە کەسی کە تەنیا خۆی لێیدەخورێ:

*من وا دەکەم... دەریا لێ دەخورم بە پاپۆڕەکانییەوە...*

# ترسی نووسەرانی گەنج لە "خوێنەری تارمایی"*



سەنگەر زراری

گەنجـان وەک چـۆن زۆرینـەی کۆمەڵگای ئێمـە پێکدێنـن، بە هەمـان شـێوە زۆرینەی خەمەکانـی کۆمەڵـگاش، خەمـی گەنجانـە، گوزارشتکردن لەو خەمانە لەڕێی ئەدەب و دەقی ئەدەبییەوە، دەشـێ ئاکامێکی باشـتری هەبێ لە هەر لێکۆڵینـەوە و خوێندنەوەیەکی دیکەی زانسـتی و ئەکادیمی، چونکـە ئەدەب دەتوانێ ناخـی تاکەکانی کۆمەڵگا لـەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە بە جوانترین شـێوە و بە وردی بخاتـەڕوو. لـە ئەدەبـدا دەرفەتی ئـەوە هەیە تاکەکان لە ناخی خۆیانەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن، نەک ئەوەی لـە دەرەوە لێیان بڕوانرێ، ئەدەب قسەکردنی خودە لە ناخی خۆی، بەڵام لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسـی و دەروونناسییەکان، ڕوانینی تاکن لە دەرەوەڕا.

دەتوانین ڕۆمانی "خوێنەری تارمایی"، وەکو بەشێک لە گوزارشت لەو خەمانە تەماشا بکەین کە گەنجان لەم کۆمەڵگایەدا هەیانە و پەیوەستن بە خـود و خود خـۆی دەریاندەبڕێت، چونکە ئەم ڕۆمانە هەم لەلایەن گەنجێکەوە نووسـراوە و هەم لە ڕێگای گەنجێکیشـەوە ڕووداوەکان و ئـەو خەمانە دەخاتەڕوو کە گەنجانی ئەم وڵاتە هەیانە.

یەکەم ڕووداوی گرنگ کە لەم ڕۆمانەدا ئاوڕی لێ دراوەتەوە، پرسی ڕێگریکردنە لە منداڵبوون و ئـەوەی کـە زۆر جار دایـک و باوکان هەر لە سـەرەتاوە، هەوڵـی لەناوبردنـی منداڵەکانیان دەدەن بـەر لـەوەی بێنە دنیـا و لەدایک ببن. کۆمەڵگای ئێمە هەمیشە ئەو نەهامەتییەی هەیە کە ترسی نائارامی و هەژاری و دڵنیانەبوون لە بـارودۆخ، دایکان و بـاوکان وا لێدەکات بیر لە هەمـوو ڕێگایەک بکەنەوە بـۆ ئەوەی منداڵیان نەبێـت. ئەو کەسـانەی ڕێگریش لە منداڵبوون دەکەن، زۆرجار بێ ویسـتی خۆیـان منداڵیان دەبێت و ئەمەش گەلێک جار خەمباریان دەکات. ئەم ڕۆمانە دەسـەڵاتی داوەتە کارەکتەرێک کە لـە نـاوەوەی ڕەحمی دایک قسـە بـکات و لە ڕوانگـەی ئەوەوە، ئەوە بخاتەڕوو کە مرۆڤەکان چـۆن لە هەوڵدان بۆئەوەی هەر لە سـەرەتاوە دروسـت نەبێت و کە دروسـتیش بـوو، چەند هـەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی لەناوی ببەن (لەباری ببەن)، کە دەسەڵاتیان بەسەر ئەوەشدا نەشکا و ئیشەکەیان لە دەست دەرچوو، منداڵەکە وەکو زیادەیەک، یان وەکو ئەنجامی هەڵەیەکی خۆیان تەماشـا دەکەن، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسـەر تەواوی تەمەنی ئەو منداڵە دەبێت.

دوای گەیشتنی منداڵەکە بە تەمەنی گەنجی، گەنجانی ئەم وڵاتە یەکەم کێشە کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، دەسەڵاتی بابسالاری و ئەو حاڵەتەیە کە لەلایـەن خانەوادەکانیانـەوە گرنگییان پێ نادرێت، یان ئەو دۆخە دەروونییەیان لەبەرچاو ناگیرێ کە گەنجێکی لەو تەمەنە پێویستی پێیە و ئەو شێوازە زانستی و پەروەردەییە نازانن کە پێویستە مامەڵەی پێ لەگەڵ ئەم گەنجە بکەن. دڵیار، ئەو گەنجەیە کە لە ترسی زەبروزەنگ و تووڕەییەکانی باوکی ڕادەکات و دەچێتە شاری سێبەرەکان، دەشێ شاری سێبەرەکان گوزارشت بێت لەوەی کە مرۆڤی ئەم وڵاتە، هەمیشـە لە تارماییـدا دەژیـن و ناتوانـن وەکـو کۆمەڵـگا پێشکەوتوو و خۆشـگوزەرانەکان، ژیانێکی بێ ترس و بێ کێشە ببەنە سەر، یان ئەو پەناگەیە بێت کـە هاووڵاتیانـی وڵات دەتوانـن خۆیانی تێدا حەشـار بـدەن و لە خـەم و ئازارەکانیان ڕابکـەن. بەڵام ئـەم مۆتەکەیە هەر دەمێنێت و کەسانی دەسەڵاتداری شـاری سێبەرەکانیش، بە هەمان شـێوەی باوکی دڵیار ڕەفتار دەکەن و دەجووڵێنـەوە و دەسـەڵاتی خۆیـان بـۆ چەوسـاندنەوە و لەناوبردنی یەکتر بەکار دێنن. بـۆ نموونە (خدر پەپوولە) کە سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (جوانناس)ـە و دەبـێ کابرایەکی ڕۆشـنبیر بێت، کەچـی هیـچ شـتێکی ئەوتۆ لە بـارەی نووسینەوە نازانێ و لـە گفتوگۆکاندا دەردەکـەوێ کـە نووسـەرێکی جیهانیی وەکـو (فرانتـز کافکا) ناناسـێ، بـەڵام بەهـۆی پێگەی لەناو حیزب، بووەتە سەرنووسـەر و دەستیشـی لە کوشـتنی ڕۆژنامەنووسـان و تاوانی دیکەدا هەیە، پێگەی خدر پەپوولـە کە هەم وەکو نووسـەر و هەم وەکو جەلاد دەردەکەوێ، ئەوەمان پێدەڵێت کە لـەم وڵاتەدا زۆر جار هیچ جیاوازییـەک لـە نێـوان بیرکردنـەوەی ڕۆشنبیرێک و بیرکردنەوەی جەلادێکدا نییە، لێرەدا ڕۆشنبیر ئەو کەسە نییە کە وڵات بەرەو خۆشـگوزەرانی ببات، بەڵکو ئەو کەسـەیە کە پلان و پیلانی تێکدانـی وڵات دادەڕێژێت، هەر ئەمەشـە وا دەکات کـە ئەم وڵاتـە بگاتە ئەم وێرانەیە و دوور بێ لە ئارامی.

یەکێک لە دەرئەنجامەکانی خەمی گەنجانی ئـەم وڵاتـە ئەوەیـە کە هەمیشـە هەست بە کەمـی دەکات و دەیـەوێ بـە ڕێـگای دیکە، کەموکوڕییەکانـی پڕ بکاتـەوە، بۆ نموونە ئەو گەنجانەی دەنووسن و دەیانەوێ ببنە نووسەر، هەندێـک جـار پێچەوانەی سروشـتی خۆیان، دەیانـەوێ لە ڕێـگای زۆر خواردنەوەی مەی و دروستکردنی کەشوهەوایەکی گۆشەگیری و بە تەنیا ژیان و دانانی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتان، کەموکوڕییەکانیـان پـڕ بکەنەوە و وا هەسـت دەکەن بەوە دەبنە نووسەرێکی باش و ناودار و لە ناوەندی ڕۆشـنبیری حیسابیان بۆ دەکرێت. لەم ڕۆمانەدا دڵیار نوێنەری ئەم جۆرە گەنجەی کۆمەڵگایە و هەوڵ دەدات بە هەر جۆرێک بێت گوزارشت لە خۆی بکات و کەموکوڕییەکانی پڕ بکاتەوە.

زۆر جار نووسەران نازانن کێن ئەو کەسانەی دەبنە خوێنـەری نووسـینەکانیان، لـەم ڕۆمانـەدا، نووسـەر لـە ڕێـگای تارماییەکـەوە بەنـاوی "خوێنـەری تارمایی" خوێنەر دێنێتەوە بەردەم نووسەر و گفتوگۆی بابەتەکانی لەگەڵ دەکات، لێرەشەوە دەشـێ نووسەر خەیاڵی خوێنەرێک بـکات کـە هەیەتـی و بیر لـەوە بکاتـەوە کە نووسینەکانی ئەو بۆ چ جۆرە خوێنەرێک دەبن، واتـا ڕۆمانەکە لە ڕێگای خوێنەری تارماییەوە، دەیەوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو پرسـیارە بورووژێنێ کە ئایا نووسەر هیچ کاتێک لە خۆی دەپرسێ ئاخۆ چ جۆرە خوێنەرێکی هەیە؟! ئایا خۆی دەخاتە ئەو چوارچێوەی بۆ خوێنەرەکەی بنووسێت، یان هەڕەمەکی دەنووسێت..؟!

***

ڕووداوەکانـی ئـەم ڕۆمانـە لەلایـەن یـەک کەس و بەشـێوەی یەک لەدوای یەکی زەمەنی (کرۆنۆلـۆژی) دەگێڕدرێتەوە، ئەمەش لەلایەک تەکنیکێکـی زۆر سـادەی گێڕانەوەیـە و هیچ هونـەرکاری و تەکنیکێکـی گێڕانـەوەی تێـدا بـەکار نەهاتووە، لەلایەکـی دیکەش کەمترین دەرفـەت بـە کاراکتـەرەکان دەدات کـە بەشـدار بن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان، هـەر بۆیە لە ڕۆمانی سـەردەمی نـوێ و مۆدێرنـدا، ڕووداوەکانی ڕۆمان، لە زیاد لە ڕوانگەیەک و لە دەمی زیاد لە کاراکتەرێکەوە دەگێڕدرێنەوە .ئەمە کەموکوڕییەکـە لەم ڕۆمانەدا هە یـە ، دەبـوو ڕوانگـەی گێڕانـەوە بەرفراوانتر بێت.

یەکێک لـەو خاڵە گرنگانەی ڕۆمان لە چیرۆک جیـا دەکاتەوە، ژمارەی کاراکتەرە، ئەگـەر لە ڕۆماندا کاراکتەر کـەم بوو، خوێنەر هەسـت بە جۆرێـک لە خاوبوونـەوە دەکات و دەیـەوێ کاراکتەری جیـاواز لە ڕۆماندا ببینێ، لەم ڕۆمانەدا جێگای تێبینییە کە هەم ژمارەی کاراکتـەرەکان کەمـن و هـەم هەندێـک کاری کاراکتـەرەکان لـە یەکەوە نزیکـە، بۆ نموونە، باوکەکـە و خدر پەپوولە لە ڕووی بەکارهێنانی دەسـەڵاتەوە لە یـەک نزیکـن، ئافرەتەکان بە هەمان شـێوە هەسـت دەکەیت کۆپی یەکترن و.. ڕەنگـە ژمارەی تـەواوی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکـەش نەگاتە دە کاراکتەر، بەمەش هەم ڕوانگەی کەسـەکان بچووک دەبێتـەوە و هەم دەرفەتـی ئەوە نابـێ ڕووداوی زۆر و جیاواز لە ڕۆمانەکەدا جێیان ببێتەوە، کە ڕووداویش کەم بوو، پێویست بە درێژکردنەوە ناکات.

لە لاپـەڕەی (42)ی ڕۆمانەکـەدا، لەبارەی باوکییەوە دەنووسێت: "ئیتر ئەو شەوە هەستم کرد تەواو سەرخۆشە و زۆریشی خواردووەتەوە، من لە ژوورەکەی خۆم دوای بردنی (مەززە)کان بۆی، خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی (دادگایی)ی کافـکا بووم، لەناکاوڕا باوکم بە ژوور کەوت، چاوەکانـی وەک گای خۆرنەدیو زەق و سـوور سوور ببوون، هەستم دەکرد چاوەکانی خوێنیان تێزاوە، برۆی کەمێک شۆڕتر، لۆچی نێوچەوانی هەرجارەی دروشـمێکی هەڕەشە و تۆقێنەریان دەنواند، بە دەستە زل و شێتانەکانی پرچی لە دواوە گرتم و بەرزی کردمەوە، وەک بووکەڵەیەک بە دەستییەوە بووم...".

یەکێک لە سیفەتەکانی مرۆڤی مەست ئەوەیە کە لەڕووی جەسـتەییەوە هێز و توانای نامێنێ و توانـای زۆر کـەم دەبێتـەوە، ئـەو باوکەش کـە بەو جۆرە "تەواو سەرخۆشـە و زۆریشـی خواردووەتـەوە.." چـۆن دەتوانێ پرچی کوڕە (21) سـاڵییەکەی بگرێ و وەکو بووکەڵەیەک بەرزی بکاتەوە، خۆ باسـی حاڵەتێکی خەیاڵی و فەنتازیـش نییـە، بەڵکو باسـی حاڵەتێکی واقیعییە..!!!

لە ڕۆمانەکەدا باسی ئەوە نەکراوە کە باوکی خوێنەر بێت، یان حەزی لە خوێندنەوە بووبێ، بەڵکو ئێمە لـەم ڕۆمانەدا باوکێکی توندوتیژ و دەسەڵاتخواز و سەرخۆش و شەهوانی دەناسین، کەچـی لە کۆتایـی ڕۆمانەکەدا کـە خوێنەری تارمایـی خـۆی بـۆ دڵیـار ئاشـکرا دەکات، ئـەوە دەدرکێنێ کە لە یەکێک لە شـەوەکانی ئێشکگریی باوکی لە کاتی سەربازیدا، باوکەکە بە دەسـت خـۆی خاڵی دەکاتـەوە و ئاوەکەی دەکاتـە ناو ڕۆمانی (بەدگـۆڕان)ی کافکا (کە گوایـە پێی بووە) و خوێنـەری تارمایی لەوێوە دروسـت بووە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە باوکێک هیـچ پەیوەندییەکی بە ڕۆشـنبیری و خوێندنـەوەوە نەبێت، کتێبی بەدگۆڕانی کافکا لە سـەربازگەیەکی پڕمەترسی و شەڕ لەلای چ دەکا؟! کەواتـە یـان دەبـوو باوکێکی خوێنەر دروست بکات، یان نەدەبوو ئەرکی دروستکردنی خوێنـەری تارمایـی بکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەم باوکە..!!!




*** خوێنـەری تارمایـی (ڕۆمـان)- غەمگین بۆڵی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم (2015).**

# مەولوود و کریسمس لە باوەشی قەڵاتدا



عەبدوڵڵا عالایی

"سڵاو هاوڕێ، گەڕانەوەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی محەممەد (د.خ) لە تۆی بەڕێز و خانەوادەکەشت پیرۆز دەکەم، خودا ئارامی و شادی، بەسەر خاک و خەڵکماندا ببارێنێت".

"السلام علیکم أخی گیان، ئەم مانگە، دوو بیدعەی گەورەی تێدا ئەنجام دەدرێت، کە پڕن لە شیرک و خورافیات، هیوادارم خۆت بەدوور بگریت، چ مەولوودی نەبەوی، چ سەری ساڵی مەسیحیان، خودا بتپارێزێت".

تێکستی یەکەم، نامەی مۆبایلی (سەلام)ە، هاوڕێیەکی مەسیحیمە و لە (عەنکاوە) دادەنیشێت. تێکستی دووەم، نامەی فەیسبووکیی (ا.ب)ی هاوڕێمە، فرێندێکی فەیسبووکیمە، ایناسم، وەلێ باکگراوەندە فیکرییەکەی دیارە، منیشی بۆ ئەم گرووپ چاتەی نێو مێسنجەر، بانگێشت کردووە کە دەقی وەشیاری بۆ هاوەڵانی ناردووە.

یادی لەدایکبوونی هەردوو پەیامهێنی خودا (عیسا، محەممەد)، جەژنی (کریسمس) و جەژنی (مەولوودی نەبەوی)، دەکەونە کۆتایی ساڵی 2016ەوە. لە مانگی دیسەمبەردا، موسڵمان و مەسیحییەکان، یادی لەدایکبوونی پەیامهێنەکانیان دەکەنەوە. 2016/12/11، موسڵمانان ئاهەنگیان بە بۆنەی مەولوودی نەبەوی گێڕا. 12/25، مەسیحییەکان بە بۆنەی لەدایکبوونی عیسای مەسیح، ئاهەنگی کریسمس دەگێڕن. کەوتنە نێو یەک مانگی یادی لەدایکبوونی هەردوو پەیامهێن، ڕێکەوتێکی لەبارە، تا لە ڕێیەوە، زێتر دووپاتی هەڵکردن و پێکەوەژیان لە کوردستاندا، بکرێتەوە.

سرووشتی تاکی مە وایە، تا لێکترازان، پەرتەوازەیی و ئاریشە هەبێت، ئاوڕ لە یەکگرتوویی، یەکیەتی و هێوری ناداتەوە، خۆ ئەگەر بە جەبری ژینواریش، خۆی لەنێو باوەشیدا ببینێتەوە، هەر ئۆقرە ناگرێت و لە ئامێزی ئارامیی ڕادەکات. یەکشەممە، یادی مەولوود بوو کە ئەوە بۆ زێتر لە ( 800) ساڵ دەچێت، لە سەردەمی سوڵتان موزەففەرەددینرا، ئەو ئاهەنگە لە (هەولێر) و جیهانی ئیسلامیدا دەگێردرێت. ئاهەنگی مەولوود، لە هەولێرەوە، بە دنیای ئیسلامی و جیهاندا بڵاوبووەوە. مەولوود تایبەتمەندییەکی دیندارانەی تەواو کوردیی هەیە، جگە لە گۆشە دینییەکەی، پێی خۆی لەنێو کولتوور و نەریتی باو، چەقاندووە. بەو واتایەی، لەنێو بازنەی دینەوە، پەلی بۆ نێو بازنەی کولتوور و ترادیسیۆنی نێوچەکە هاوێشتووە. یادێکە عەفەوی و خۆڕسکانە، خەڵکی ڕەشۆک، بەرز ڕایدەگرێت، ئەگەر حکوومەت و زاوە ئیسلامییەکانیش ئاوڕی لێ نەدەنەوە، ئەوا پەکی ناکەوێت، چوون بووە بە بەشێک لە کولتوور و لە یادگەی خەڵکدا چەقیوە. ئەوە هەر دیندارەکان نین بەشداریی لە مەولوود دەکەن، بەڵکوو ئەو کەسانەش کە دیندار نین و لادینین، زۆر بە گەشاوەیی حاڵ،

لەنێو ئەو ئاهەنگانەدا ئامادە دەبن و، زۆر جاریش بە مادیی یان مانەوییانە، بەشداریی تێدا دەکەن. ئاخر بۆ وێکڕاهەڵکردن کەم نییە، کە ساڵانە، دەیان کەسی پێبەندنەبوو بە هیچ دینێکەوە، بەوپەڕی خۆشحاڵی و ئاسوودەییەوە، بەشداریی مەولوود دەکەن و، دەگەڵ قەسیدە و غەزەل و زیکر و دەف، دەکەونە نێو حاڵێکی ڕۆحانیی تایبەت. من چەندان دۆستی نێزیکی لەو جۆرەم هەیە کە بەردەوام دەگەڵ خۆم، ساڵانە دێنە ئەو یادە و، قەبووڵی ئەو چاپە دینداریيە دەکەن.

لێرە مایەی تێڕامان و لێرامانە، کە ئەوە چلۆنە مەولوود، دەبێت بە کانگەیەکی بیرە جوداوازە ئایینی و ئایینزاکان و، کاڵایەکی وا دەبێ، پڕ بە باڵای تاکی کوردەواری بێت؟ ئەز نزانم، کەی داماوی و یاغنیشیی کورد لە گۆشەی دینییەوە بە کۆتا دێت؟ هەموو نەتەوەکانی دی، بە (عارەب)ی خودان ڕێبەرایەتیی دینەکەوە، دین لە کنیان، ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانج. وەلێ لە لای کورد، دین خودی ئامانجەکەیە.

پەککووف لەو سافی و پاکژییەی مەش، کە سەتانجار، بووەتە سەرەخۆرەی خۆمان. تورک و فارس، لەڕێی چەند تیغێکی دینی، توانییان سینەی عالەم بپێکن و، سەرەڕای بەنەتەوەییکردنی دینەکە، توانییان ئیسلامەتی ژ بۆ بەرژەوەندیی ناسیۆنالیزمی خۆیان، هەڵبقۆسنەوە. خۆ کەس وەکوو مە نییە، دۆزی نەتەوەیی و ئاریشەی خاک و خەڵکی خۆی، بکاتە عەبدی سوخرەکێشی سۆزی ئایینی! کە ئەوەش دەڵێم، ئەوەم لەبەرچاوە کە ئەو چتانە وەک کوردەواریی دەڵێت: (قوونی دەوێ کوزەرەی بکوتێ) لێ لای کەمی، با بوێریی ئەوەمان هەبێت، دەگەڵ خۆمان ڕاستگۆ و ڕاشکاو بین و، ویژدان لەخۆمان ڕازی بکەین.

دەکرێ ئاهەنگی مەولوود- کە مۆرکێکی تەواو دیندارانەی کوردییانەی هەیە- لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سوودێکی زۆری لێ وەربگیردرێت، لە هەموو ڕووەکانی: (نەتەوەیی، دارایی، فەرهەنگی، سیاسی، ماریفەتی دینی و...تاد.) ئەم دەرفەتە هەڵبقۆزینەوە. بۆ وردەکاری و چۆنێتیی ئەو سوودانەش، پار لە کەناڵی ڕووداودا، هێندێکی لەسەر دواین، لە کتێبی (سوڵتان موزەففەرەددینی سەرداری هەولێر)ی نووسراوی بەندە، چاپکراوی یەکیەتی زانایانی ئیسلام، درێژەم پێداوە.

خۆ منیش دەیان تێبینی و سەرنج و ڕەخنەم لە شێوازی ئەم بۆنەیە هەیە، بەڵام لەجیاتی بیرکردنەوە و کۆشش بۆ هەڵقۆستنەوەی دیوە ئەرێنییەکانی ئەم یادە، بابای سەلەفی و مەلای شوێنکەوتەی خەلیج، دێن لە یادی مەولوودا، قیامەت وەسەر ئەو میللەتە بەرپا دەکەن و، چ لە خوتبەکان بێت یان لە کەناڵەکانیانەوە، گوێی ئەو خەڵکە بە قیژاندنەکانیان کاس دەکەن، بەوەی ئاهەنگی مەولوود بیدعەتە و خۆتان لەو گوناحە گەورەیە بپارێزن.

ئەمن نازانم، سەلەفییەتی دینی، بۆ دژی هەموو چاپێکی کوردییانەی دینداریيە؟

کە لەنێوخۆدا، لەسەر یادی لەدایکبوونی پەیامهێنەکەی خۆمان، وەها گەزە لە لەشی یەکتری دەدەین، بۆ لەدایکبوونی پەیامهێنەکانی تر، هەر هەشمان وەسەر!

نابینی، هەموو سەرەساڵێک، لە کاتی نێزیکبوونەوەی یادی لەدایکبوونی عیسای مەسیح، لە چەندان نامیلکە و سایتی سەلەفی و هیی هەندێ لە ئیسلامییەکان، فەتوای بێسەروبەر دەخوێنینەوە و لە هێندێ مینبەریش، گوێمان لە دەنگی نەشاز دەبێت، کە بە ناوی شەرع و خوداوە، لەم یادەدا، گوتاری ڕک و ناتەبایی و بێدانایی، عەرزی خەڵکی دەکەن.

سەلەفییەکان نامیلکە و کاغەزی ئەیفۆر کە پڕە لەم فەتوایانە، بە خۆڕایی بەسەر خەڵکی، لەنێو بازاڕ و مزگەفتەکانی کوردستاندا دابەش و بڵاودەکەنەوە. دیتنی ئەم دیمەنە لەنێو پێتەختی وەڵاتێکی فرەئایینیدا، قێزەونە و دەبێت بە یاسا چوارچێوەی بۆ دابڕێژرێت، لوتکەی ئازادیی ئەوەیە، ئەو دەنگۆڕەنگانە بێدەنگ و ڕەنگ بکرێن، کە دژ بە فرەیی دەنگۆڕەنگن.

ئەوەندەی من بەدواداچوونم کردبێت، ئەوانەی ئەو پەیامانە بڵاودەکەنەوە، نەک بەشداریی لە ئاهەنگەکە، بگرە تەنیا (پیرۆزبایی)یش بە کوفر و زەندەقە هەژمار دەکەن. جا لە تەرکیز و دووپاتیان لە حەرامێتیی "پیرۆزبایی" لە برا مەسیحییەکان، زێدەتر پشت بە فەتوای (ئیبن عوسەیمین)، یەکێ لە مەرجەعە سەلەفییەکانی سعودیە دەبەستن، کە ئەویش بۆ بەهێزکردنی فەتواکەی، فەتوای کۆمەڵێک زانای دینیی پێشینی خۆی، نەقڵ کردووە.

ئیبن عوسەیمین، لە جەزیرەی عارەبیی - سعودیە - ژیاوە، ئەوێندەرێ، جگە لە موسڵمان، هیچ کام لە ئەهلی کتاب "مەسیحی و جوو" و ئایینزایەکی تری لێ ناژییێت، (وەهابیەت) چەقی دینی سعودیەیە، جوداواز لە کۆمەڵگەی کوردی کە لە تەک موسڵمانان، برایانی مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی و بەهایی و ئایینزاکانی تریش دەژین. ئەگەر بڕیار وایە، فەتوا بە گوێرەی کات و شوێن "الزمان والمکان" بگۆڕدرێت، پێویستە لەم بابەتەدا، ڕەچاوی ئەم خاڵە بکەین و هەژمار لەبۆ لایەنی جوگرافیایی، مێژوویی و ژینواریی کوردستان بکەین.

شەرعی ئیسلام، ڕێی بە موسڵمانان داوە، ئافرەت لە ئەهلی کیتاب "مەسیحی و جوو" بخوازن و مارەیان بکەن - یانی ڕێی داوە خاڵ و پلک و باپیر و داپیری منداڵەکانت مەسیحی و یەهوودی بن - جا کە ڕێگەی بە چتێکی وەها گەورە دابێت، چ لۆجیک و داناییەکە، پیرۆزباییەکی زارەکی حەرام و بڤە بکات؟

پیرۆزبایی دداننان بە ئاقیدەی ئەوان نییە، بەڵکوو دەچێتە خانەی موجامەلەی پەسەند و دەربڕینی شادی بە خۆشیی ئەوان و، پێبەندیی بە "الاحترام المتبادل" و تۆلێرانسە. ئەوەش گرفت نییە، کە داخوە عیسای مەسیح لەو ڕۆژە لەدایک بووە یان نا، گرنگ کۆکبوونی ئەوانە لەسەر ئەو ڕۆژە، تا یادەکەی لێ بکەنەوە، شێوەی ڕۆژی مەولوود، کە ئەمیش هەموو گرۆی نێو موسڵمانان، لەسەر مێژووەکەی هاوڕا نین، وەلێ لە کاتی ئاهەنگەکەی، کۆکبوونێک چێ بووە.

قورئان لە ئەتەکێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەهلی کتێبدا دەڵێت:

(لا ینهاکم الله عن الذین لم یقاتلوکم فی الدین ولم یخرجوکم من دیارکم أن تبروهم وتقسطوا إلیهم إن الله یحب المقسطین) الممتحنه: الأیه:8.

واتە: خودا ڕێگریی ئەوەتان لێ ناکات، ڕەفتاری چاک و دادپەروەری لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە جەنگیان لە سۆنگەی ئایینەوە لە دژ نەکردون و لە ماڵ و وارتان، دەریان نەکردوون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆشدەوێت.

دەی سەتان ساڵە، مەسیحییەکانی کوردستان، بە هێمنی و ئارامی، دەگەڵمان دەژین و دەگەڵیان دەژین. ئەوانیش هاونیشتمانیی ئەم خاک و وەڵاتەن، بگرە نیشتیمانی خۆیانە. پیرۆزبایی و چاکوچۆنییش، لە ئەلفبای ڕاڕەوەی ڕەفتاری چاک و مرۆڤانەییە دەگەڵ بەرانبەرت.

تۆ وەختێ یادی لەدایکبوونی عیسا پیرۆز دەکەیت، ئەوا لە ماریفەتی دینیی خۆتدا، لە پێڕی پەیامهێنانی - ئولولعەزم - دایە. دەی لەم سۆنگەیەوە، تا بە پیرۆزبایی و بەشداریی رادەگات، دەبوو ئێمەی موسڵمانان، لەلای خۆشمانەوە، ئاهەنگی کێرسمسمان گێڕابووایە و داوەتی برا مەسیحییەکانیشمان کردبووایە.

ماتووڵ قورئانی پیرۆز، هانی ئەم چاکەیەت بدات و ڕێگریت لێ نەکات، ئیدی پێویست بەم مشتومڕ و دەمەتەقێ فیقهییە دەکات؟ هیچ دەقێکی "سەریحی قورئان و سەحیحی سوننەت" ئەو پیرۆزباییکردنەی حەرام نەکردووە، ئەوەی هەیە، گوفتاری هێندێ زانا و فەقیهـ و مەراجیعە کە ناچار نین، پێوەی پێبەند بین. بەڵێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قورئان و سوننەت بەپێی تێگەیشتنی "سەردەم"ی ئوممەت، نا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قورئان و سوننەت بەپێی تێگەیشتنی "سەلەف"ی ئوممەت.

ساڵانە دیمەنێکی نێو مەولوود زۆر دڵخۆشم دەکات، دڵنیام هەموو ئەوانەش دڵخۆش دەکات، کە تەمای پێکەوەژیان و ئارامییان هەیە. پار، ساڵانی دیش، لە مەولوودنامەکەی سەر (قەڵات)ی هەولێر، یەک دوو (قەشە)ی هێژا، ئامادە بووبوون. لە چەندان شوێنی دیش، قەشە و فیگەرەکانی نێو برا مەسیحییەکانی کوردستان، لە مەولوودییەکان ئامادەبوونە و وتەی خۆشیان پێشکەش کردووە. دەی منیش پێشنیاز دەکەم، دەستەیەک لە مامۆستایانی ئایینی ئیسلام، بە هەمان شێوە، لە یادی لەدایکبوونی عیسای مەسیحدا، بەشداریی بکەن. وتار و وتەی پیرۆزبایی و هاوژیانیش پێشکەش بکەن. بەو بەشدارییە، ڕەوانی پێکەوەژیان و تۆلێرانس، هەردەم بە زیندوویی دەمێنێتەوە. خۆ ئەگەر هەر لە قەڵاتێ، ئێمەی موسڵمانان، یادەکەیان بۆ بکەینەوە، هەنگینێ (مەولوود و کریسمس لە باوەشی قەڵات)دا، ئاهەنگ بۆ یەکتر دەگێڕن.





# لەڕوانگەی (ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(17)

کە حەز لە ژنێک دەکەیت و بیر لە هاوسەرگیری دەکەیەوە، بۆ ئەوەی پێوەندیی نێوانتان ببێت بە گرێبەستێکی یاسایی، ئەوە خۆشەویستی نییە، وەهمە، ئاخر خۆشەویستی پێویستی بە گرێبەستی یاسایی نابێت و کە یاسا کەوتە نێوانەوە، ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی خۆشەویستی لە ئارادا نییە. خۆیشت دەزانیت ئەوە خۆشەویستی نییە، وەهمە، بەڵام دەتەوێت بە زەبری یاسا، ئەو وەهمە بگۆڕیت بە خۆشەویستی، کە مەحاڵە. لە دونیایەکی باشتردا کە خەڵکی لەڕێی ڕامانەوە دڵیان ڕۆشن بوویێتەوە، خۆشەویستی دەکەوێتە نێوانیانەوە، خۆشەویستییەک کە بەبێ گرێبەستی یاسایی، لە ناچارییەوە نا، خۆویستانە، درێژەی دەبێت. خۆشەویستی گرێبەستێکی بێدەنگە، لە نێوان دوو ڕۆحدا، هاوسەرگیری گرێبەستێکی بەهاتوهاوارە لە نێوان دوو جەستەدا. قسە ناتوانێت خۆشەویستیی قووڵ و گەرم دەرببڕێت، ئاخر دڵ و چاو بە بێدەنگی دەدوێن.

نە پیاو دەتوانێت ژنەکەی بە تەواوی بناسێت، نە ژنیش پیاو، ئاخر ئینسانیش وەک ئاوی ڕووبار، بەردەوام لە تازەبوونەوەدایە. بۆیە ئەوە هەڵەیە، پێت وابێت، ژنەکەت بە تەواوی دەناسیت، نەخێر پێویستە بەردەوام لە هەوڵی ناسینیدا بیت. ئینسان شتێک نییە، تا وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر بەرچاوت ڕۆشن نەبێت، ڕەنگە ئەوی شەوێ لەگەڵیدا خەوتبوویت، بەیانی نەیناسیتەوە. بۆ ئەوەی خۆشەویستی بەردەوام بێت، حەوجەمان بەوە هەیە، هەمیشە سەرلەنوێ خۆمان بە یەکتری بناسێنینەوە، تا بە لایەنە شاراوەکانی یەکدی ئاشنا ببین، ئاخر چێژی خۆشەویستی لەوەدایە، لایەنی نوێ لە یەکتردا بدۆزینەوە. تا زیاتر لەو ورد ببینەوە، زیاتر بە هەستی ئاشنا دەبین و بەدەم هەوڵی کەشفکردنی ئەوەوە، خۆیشمان دەدۆزینەوە، تا وای لێ دێت، دەبینە ئاوێنەی یەکتری و خۆمان لە یەکتریدا دەبینینەوە، لەوێوە ڕامان دەست پێ دەکات.

ئەگەر ئەوە تەنیا پێوەندییەکی ڕووکەش بێت کە دوو کەسی پێکەوە گرێ داوە، لە ئاستی یەکدا وەک نابینایان لێ دێت. بیر لەوە بکەوە، ئەوە کەی بوو دوا جار سەرنجی چاوی ئەوت دا؟ ڕەنگە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا بوویێت! ڕەنگە پێت وابێت، بە تەواوی ئەوت ناسیوە، ئیدی چ حەوجەت بەوە هەیە، لە چاوی ورد ببیتەوە. ڕەنگە پێت وابێت، هەموو شتێک هەر دووبارەبوونەوەیە و هیچی تازە ڕوو نادات، بۆیە قووڵ سەرنجی ئەو نادەیت، بەڵام ڕاستییەکەی هەموو ڕۆژێک شتی تازە لەودا ڕوو دەدات، ئەوە تۆیت بەرچاوت ڕوون نییە و نایبینیت. خۆشەویستی ئەوەیە، هەمیشە هەمان ئەو بایەخە بەو بدەیت کە لە ڕۆژانی مانگی هەنگویندا پێت دەدا و هەمیشە بە دوای ڕێگەی تازەدا بگەڕێیت، بۆ ئەوەی ئەوت پێ خۆش بوێت. قەت پێت وا نەبێت، ئەوت وەک پێویست ناسیوە، ئاخر ئینسان مەتەڵێکە هەرگیز پێمان هەڵنایەت، تا زیاتری بناسین، تەمومژاویتر دێتە بەرچاومان.

تا ئینسان خودی خۆی نەسەلمێنێت، ئەستەمە بزانێت خۆشەویستی چییە. تۆ ژنێکت خۆش دەوێت، چونکە لێوی گۆشتنە، یان قژی خاوە، یان مەمکی قوتە. ئەگەر لەبەر هەر یەکێک لەو هۆکارانە ژنێکت خۆش بوێت، درەنگ نا، زوو، نائومێد دەبیت، ئاخر تۆ دوایی لەگەڵ کەسێکدا دەژیت، نەک لەگەڵ یەکێک لە (پارچە)کانی لەشی. هەر خۆشەویستییەک ڕۆمانسییانە دەستی پێ کرد، لەگەڵ تەواوبوونی مانگی هەنگویندا تەواو دەبێت، ئاخر ئینسان لەسەر زەوینی واقیع دەژی، نەک لە ئاسمانی خەیاڵ. وەک چۆن ئەوە هەڵەیە، سەیارەیەک لەبەر ڕۆشنایی دیوی دەرەوەیدا هەڵبسەنگێنین، ئەوەیش هەڵەیە، لەبەر ڕۆشنایی شێوەیدا، ئینسانێک پەسەند بکەین، یان ڕەتی بکەینەوە.

کە دوو ئینسان پێکەوە دەژین، ناخیان بەر یەک دەکەوێت، نەک دیوی دەرەوەیان، ئەوسا چاو و برۆ، یان دەم و لێو، لەبیر دەچنەوە، ئیدی ئەو شتانە چونکە وەک هی خۆتیان لێ هاتووە، سەرنجت ڕاناکێشن. لەگەڵ هاوژینەکەتدا، تا زیاتر یەکدی بناسن، کەموکوڕییەکانی یەکترتان زیاتر بۆ ئاشکرا دەبێت، ئیدی ئەوسا وەک فریو درابن، بیر لە تۆڵە دەکەنەوە. تۆ بۆیە ئەوت خۆش دەویست، چونکە لای تۆ نەبوو، هەر کە ئەو بە بەردەوامی لای تۆبوو، ئیدی ئەو هۆکارە نامێنێت وای لێ کردبوویت، ئەوت خۆش بوێت. تۆ برسیت بوو، بۆیە بیرت لە خۆراک دەکردەوە، هەر کە تێر بوویت، ئیدی بیری لێ ناکەیەوە.

تۆ کە حەز لە ژنێک دەکەیت، ئەو لە دەستت هەڵدێت. تا زیاتر بەدووی بکەویت، ئەو زیاتر خۆیت لێ دەشارێتەوە. سەرەتا تۆ ڕاوی ژنە دەکەیت و ئەو هەڵدێت، دوایی کە ژنە دەهێنیت، دەورەکانتان دەگۆڕێنەوە، تۆ لێی هەڵدێیت و ئەو ترسی ئەوەی هەیە، تۆی لە کیس بچێت. کرۆکی کێشەکە ئەوەیە، ئێوە بۆیە یەکتریتان هەڵبژارد، چونکە یەکتان نەدەناسی، یەکتان ناسیبا، کەستان بەوی دیکەتان سەرسام نەدەبوو. بۆیە کە لە یەکدی تێر دەبن، ئیدی ئەوەی ناوبەناو یەکتر ڕادەمووسن و ئاوێزانی یەک دەبن، وەک خووی لێ دێت، خوویەکی بێزارکەری میکانیکییانە. ئیدی ناتوانن بەبێ یەک بژین، چونکە خووتان بە یەکەوە گرتووە، نایشتوانن بە یەکەوە بژین، چونکە پێوەندییەکی ڕۆمانسی لە نێوانتاندا نەماوە.

ئەگەر کەسێک بیت، تەبا لەگەڵ خۆت، دەرک بەوە دەکەیت، خۆشەویستی دۆخێکی ڕۆمانتیک نییە، ئەوسا لەبری ئەوەی سەیری باڵای یان سینگوبەرۆکی ژنێک بکەیت، سەیری ڕۆحی دەکەیت. خۆشەویستی گونجانە لەگەڵ ناخی ئەوی دیدا، ئەگەر ئەو پێکەوە گونجانە هەبوو، خۆشەویستی پەیدا دەبێت و گەشەیش دەکات. ئەگەر کەسێکی هۆشیار بیت، خەم بۆ ژنێک ناخۆیت کە بەشێک یان تەواوی جەستەی سەرنجی ڕاکێشاویت و پێی (شاد) نەبوویت، چونکە هاوسەرگیریشتان کردبا، هەر پێی شاد نەدەبوویت. ئەوە کێشە نییە، ژنت نەبێت، ئەوە کێشەیە هۆشیاریت نەبێت، ئاخر هاوژینییەک زادەی هۆشیاری نەبێت، نەبوونی باشترە.

خۆشەویستی سێ جۆرە: ئاژەڵی: کە بۆ تێرکردنی ئارەزووە و ئەوی دی بە ئامێر و بە کۆیلە و بە موڵکی خۆت دەزانیت. ئینسانی: کە لە تێرکردنی ئارەزوو باڵاترە و ئازادی و یەکسانی تێدا ڕەچاو دەکرێت. خوایی: هیچ مەبەستێکی لە دواوە نییە، هەر چی بکەیت بە گوشاری خۆشەویستی دەیکەیت، هەر کەس ببینیت، بە (خۆشەویست)ی خۆتی دەزانیت و بە چاوی خۆشەویستییەوە بۆ دار و بەردیش دەڕوانیت. لە خۆشەویستیی خوداییدا، عاشق و مەعشووق بزر دەبن، هەر خۆشەویستی دەمێنێت، بە دەگمەن کەسانێک بەو دۆخە لە خۆشەویستی دەگەن کە مردنیش توانای ئەوەی نییە خاپووری بکات.

6ی دیسەمبەری 2016
ستۆکهۆڵم

(1) أوشو، الحب و الحریه و الفردانیه، ترجمە: میتم الضایع، دار الحوار 2013 اللاذقیه.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# شەونامەنووس

قسەکانی خاتوو سروە عەبدولواحید، خوشکی سەرمایەداری گەورەی گەلەکەمان هێژا شاسوار عەبدولواحید، ئەو هەرایەی نەدەویست. ئاخر بە گوێرەی عورفی سیاسیی کوردستان، نوێنەری گەل، بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی کڵاو بنێتە سەر سەری گەل، ئەی ئەوە نییە ئەو حکوومەتی کوردستانەی خاتوو سروە داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات سزای بدات و بە گوێرەی توانا گوێی رابکێشێت، زلبازرگانەکەی برای هەر لۆ فشە چل ملیۆن دۆلارێکی قەرز لێ وەرگرتووە؟ جا قەرزەکەش تا ئێستا بە گوێرەی یاسای بانکی نێودەوڵەتییە و پێی دەگوترێت قەرزی بێنە و نیمە بیدەمەوە.

شاسواری شابازرگان، شاقەرز لە حکوومەتی کوردستان وەردەگرێت، شاخوشکەکەشی داوا لە عەبادی دەکا شاسزای کوردستان بدات و ئەگەر بوار هەبوو، لە دونیا و قیامەتدا شاپشاپێنیشی پێبکات، قوربان ئەمە لە فەرهەنگی سیاسەتی شەونامەدا پێیدەگوترێت شادوورروو.

کە خاتوو سروەی بەرێز، بێرێزیی بە کەسوکاری شەهیدان کرد، پارتییەکان لە هەولێر خۆپیشاندانیان لە دژ کرد، فراکسیۆنی پارتی شاکەیسی لە دادگە تۆمار کرد، بەوەدا هەر پارتییەکان و هەولێر ئەمەیان بە خەمی خۆیان زانیوە، پێدەچێ ئەگەرێک بێت لە دووان، یان ئەوەتا خاتوو سروە تەنیا باسی شەهیدەکانی پارتی کردووە و لە ڤیدیۆکەدا مۆنتاژ کراوە و نەماندیوە، یانیش ئەوەتا یەکێتی تا ئێستا شەهیدی نەداوە بۆیە کاردانەوەکانیان لە یەک دوو لێدوانی تاکەکەسیی تێنەپەڕی، ئاخر خاتوو سروە باش دەزانێت تا ئێوارە سووکایەتی بە شەهیدان و کەسوکاریان بکات، یەک دانە گۆڕانخواز لەکەدار نابێ.

پارتی کە بە شارکابەری گۆڕان دەژمێردرێت، ئەگەر شتێ لە سیاسەت بزانن، هەقە سوپاسنامەیەک ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان بەگشتی و خاتوو سروە بە تایبەتی بکەن، ئاخر ئەوان بە خۆڕایی دەنگەکانی خۆیان بۆ پارتی هەڵدەوەرێنن، لە جیاتی ئەوەی پارتی بە پارە هەوڵیان بۆ بدات.

نزیکەی هەموو گۆبەندەکانی ئەم دوو ساڵەی دوایی لەلایەن ئەو پەرلەمانتارانەوە بەرپا کراوە کە پێشتر رۆژنامەنووس بوون. دوای خوێندنەوەی فەرهەنگی شەونامە دەستیان دایە کەسابەتی پەرلەمانتێری، پێدەچێ رۆژنامەنووسییان نەدەکرد بۆ گەیاندنی راستییەکان بەخەڵک، شەونامەنووسییان دەکرد بۆ بوون بە پەرلەمانتار. خۆ ئەگەر هاتوو رۆژێک لە رۆژان بووینەوە خاوەنی پەرلەمانێکی کارا، هەقی خۆیەتی یەکەمین یاسا دابڕێژێت، قەدەغەکردنی بەپەرلەمانتاربوونی رۆژنامەنووسان بێت، ئاخر ئەو کاتە هەم ژمارە و جۆری گۆبەندەکان کەم دەبنەوە، هەم زمانی هەندێ زماندرێژ کورت دەبێتەوە، ئەوانەی بە هیوای گەیشتن بە کورسیی پەرلەمانتێری، ئێستاکێ لەم و لەو تیڤییەوە، وەک واشە پەلاماری ئەم و ئەو دەدەن و زەخیرە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دەخەن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کێشەی مالیکی

ئەمساڵ بێتەوە ساڵێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە و ململانێ دەبێت بۆ تەواوی عێراق. دوور نییە لێکەوتەکانی لە مێژوودا بەناوی (کێشەی مالیکی) تۆمار بکرێت. ئەو پیاوەی کاتێک عێراق دوای نزیکەی سەدەیەک هەلی ئەوەی بۆ رەخسا بکەوێتە سەر سەرەتاکانی راستەرێگەی ژیانێکی شارستانیانە، بەڵام عێراقی بەرێگەیەکی تردا برد. ئەمەشیان دوور نییە چارەنووسێکی لێ بکەوێتەوە سەت ساڵی تر گەلانی ئەم وڵاتە لەناو خوێنی خۆیاندا بگەوزێن.

مالیکی ئەو ستراتیژەی داڕشتبوو، لە تەمەنی حوکمڕانییەکەیدا نەیتوانی تەواوی بکات، بەڵام وەک کەسێکی بەهێز لەدوای ئەوەی لە دەسەڵاتیش دوورخرایەوە، درێژەی پێدا. ئێستا کاریگەرتر لەوکاتانەی راستەوخۆ جڵەوی حوکمی لەدەست بوو، کار بۆ تەواوکردنی ئامانجەکەی دەکات. یەکێک لە سەرەکیترین هەنگاوە سەرکەوتووەکانیشی ئەوەیە کە دوای ئەوەی خۆی لە دەسەڵات نەما، توانیی عێراق دابەش بکات، نەک ئەو دابەشکردنە جوگرافییەی بەشێک لە عێراقییەکان لێی دەترسان، بەڵکوو دابەشکردنێکی سیاسی کە رێی لە دابەشبوونە جوگرافیەکەش گرت.

پێشتر وا وێنا دەکرا کە بەهۆی سیاسەتەکانی مالیکییەوە عێراق دابەش دەبێت، مەبەست لەوە جیابوونەوەی کورد و ئەگەری جیابوونەوەی سوننەش بوو. بەڵام ئێستا تەواوی عێراق دابەش بووە، بێ ئەوەی کورد جیابووبنەوە و بێ ئەوەی سوننەکانیش لە عێراق ترازابن. مالیکی توانی بە دابەشکردنی عێراق رێگە لە پارچە پارچەبوونی عێراق بگرێت، ئێستا عێراقی کردووە بە دوو بەش، ئەوەی لەگەڵ مالیکییە و ئەوانەی لەگەڵ مالیکی نین. جگە لەم دوو ئاراستەیە، دەرفەتی بۆ هێڵێکی تر نەهێشتووەتەوە. ئەوانەی لەگەڵ مالیکی نین سەرباری ئەوەی هێزگەلێکی فراوانتر و پێکهاتەیەکی سیاسی بەربڵاون و تارادەیەکیش بەشێک لە جڵەوی حوکمیان لەدەستە، بەڵام لاوازترن لە مالیکی.

ئەگەر بە رووکەشیش بێت، کورد لەم هاوکێشەیە بهێنینە دەرەوە و تەنیا لەو دابەشبوونەی ناو هێزە عێراقییەکان بڕوانین، دەبینین مالیکی لەلایەک و لەرێگەی سیاسەتی (بە پاشکۆ وەرگرتنی کەمینە)وە بەهێزترین کوتلەی دروستکردووە. نەیارەکانیشی (رەوتی سەدر و بەرەی عەلاوی و نوجەیفی و عەبادی) هەرچەندە دیارترین کارەکتەرە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەمڕۆی عێراقن، بەشێک لە دەسەڵات و بەشێکی کاریگەری شەقامیشیان بەدەستە، بەڵام کاریگەرییان بە ئەندازەی مالیکی نییە، چونکە مالیکی پێگەی خۆی لە ناوەندێکدا بەهێز کردووە کە یاری بە چارەنووسی هەموو ئەو پێگەو پۆستانەی تر دەکات، ئەویش ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە کە سەرچاوەی جڵەوکردن و کۆنترۆڵکردنی پێگەو پۆستەکانی ترە. ساڵی رابردووش بینیمان چۆن لە رێگەی بەکاربردنی ئەم دەسەڵاتەوە پێگەی نەیارەکانی لاوازکرد و بۆ ساڵی ئایندەش دەیکاتە مەیدانی پاکتاوکردنی ئەوانەی لەگەڵی نین.

سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین ئەم دابەشبوونە لەسەر چ بنەمایەکە، ئەگەر زۆر قووڵ نەبینەوە بۆ رەگ و ریشەی ناکۆکی و ململانێکان و بمانەوێ بە سادەترین شێوە ئەنجامێک بەدەستەوە بدەین کە ئاسانتر بێت بۆ تێگەیشتن لە کێشەکە، ئەوە پێویستە بڵێین دابەشبوونەکە لەسەر بنەمای ناسنامەی وڵاتەکەیە، بەرەی نەیارانی مالیکی شەڕی بە عێراقیکردنەوەی بەغدا دەکەن. لە دوو ساڵی رابردوودا هەرچەندە سەرەتاکانی هەوڵی بەعێراقیکردنەوەی بەغدا دەستی پێکرد، بەڵام شەڕی داعش ئاوی کردە ئاشی ئامانجەکەی مالیکییەوە و بەهێزتری کرد.

کاتێک نەیارەکانی شەقامیان لە دژی بەکاربرد، ئاسان ئەنجامەکەی هەڵگێڕایەوە و پێچەوانەی ئەو خواستەی کە مەبەستیان بوو پێگەی مالیکیی پێ لەق بکەن لە پەرلەمان، ئەو توانی بیکاتە دەرفەت بۆ لاوازکردنی بەرامبەرەکانی. نەک رێگەی نەدا پەرلەمان بکەوێت، بەڵکوو لە پەرلەمانەوە دوو کۆڵەکەی بەهێزی نەیارەکانی داتەپاند کە ئەوانیش زێباری و عوبێدی بوون لە وەزارەتە کاریگەرەکانی دارایی و بەرگری. لەکاتێکدا خەڵک چاوەڕوانی ئەوە بوون مالیکی بخرێتە بەردەم دادگا بەهۆی ئەو گەندەڵیانەی لە گرێبەستە سەربازییەکاندا کردبوونی و بەهۆی بەدەستەوەدانی سێ پارێزگای عێراق و رادەستکردنی چەندین فیرقەی سەربازی و چەک و جبەخانە بەداعش و داتەپینی سوپا، سەرباری بوونی راپۆرتی لێکۆڵینەوەی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کەچی ئەو توانی لە رێگەی پەرلەمانەوە متمانە لە وەزیری بەرگری وەربگرێتەوە.

دوای شەڕی داعش ململانێکان فراوانتر دەبن، چونکە ئێستا مالیکی بەهێزتر بووە، بەدەر لەوەی کوتلەکەی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی بوو، لەناو هەموو کوتلە سیاسییەکانی تریشدا کەسانی وابەستەی زۆری دروستکردووە، بەمەش بۆ چەند مەبەستێک ئاڵۆزیی دروست دەکات. لەلایەک لە ترسی ئەوەی مەلەفی هەڵوەشانەوەی سوپا و رادەستکردنی چەک و جبەخانەی سەربازیی عێراق بەداعش و تەسلیمکردنی (مووسڵ و سەلاحەدین و رومادی) بەسەردا ساغ نەکرێنەوە، هەروەها بۆ زیاتر لاوازکردنی بەرامبەرەکانی، بۆ دڵنیابوون لەوەی سەدر بە جوڵەپێکردنی شەقام نەتوانێ پەکی پرۆژەکانی بخات، یاسای تایبەت بە قەدەغەکردنی خۆپیشاندان بۆ سەر پەرلەمان دەردەکات. دوای ئەوە هەرکات ئارەزوو بکات، دەتوانێ لە رێگەی پەرلەمانەوە متمانە لە عەبادی و کابینە وزارییەکەی وەرگرێتەوە.

مالیکی کێشەگەلێکی تازە لە عێراقدا دەخولقێنێت کە بەشێکیان رووی کورد و هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە. هەر راستەوخۆ و دوای شەڕی داعش، ناهێڵێت پێشمەرگە پشوویەک بدات، حەشدی شەعبی دەهێنێتە سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و دەیەوێ لەو رێگەیەوە پێگەی کورد لاواز بکات. سەرباری قەیرانی دارایی هەرێم، بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی قەیرانەکە لەسەر هاووڵاتیان و دروستکردنی درزی زیاتر لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان، پەلاماری کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک دەدات. لەبەر ئەوەی بەشی زۆری دامودەزگا دادوەرییەکانی عێراق بە دادگای فیدراڵیشەوە لەژێر کۆنترۆڵی مالیکیدان، چاوەڕوان دەکرێت بە رێوشوێنی یاسایی فشار بخاتە سەر هەرێم و داوای داهاتە ناوخۆییەکانی دە ساڵی رابردوو بکاتەوە. لە هەموو ئەمانەش مەترسیدارتر، بە قۆستنەوەی ناکۆکی و ناتەبایی ناو لایەنە سیاسییەکانی کورد، کار بۆ ئەوە دەکات لەناو کورد و هێزە سیاسییەکاندا بەدیل بۆ پێشمەرگە بدۆزێتەوە، ئەویش لە رێگەی دروستکردنی یەکەی تایبەتی سەربازیی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و وابەستەکردنیان بە سەرکردایەتی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە.

تەنها شتێک بتوانێت رێگە لەو ئاڵۆزی و پێشهاتە ترسناکانە بگرێت کە لەلایەن مالیکییەوە رووبەڕووی عێراق و کوردستان دەکرێنەوە، ئەوەیە کە بەزوویی چەکی پەرلەمانی عێراقی لە دەست دەربهێنرێت. لەبەر ئەوەی تا ساڵێکی تریش ناتوانرێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و تازە گۆڕینی هاوکێشەکانی ناو پەرلەمانیش کارێکی ئەستەمە، بۆیە باشترین بژارە ئەوەیە ئەم ساڵەی لە بەردەم عێراقییەکاندا ماوە، پەرلەمانەکەیان پەکبخرێت. ئەمەشیان تەنیا بە موقتەدا سەدر دەکرێت.



زوبێر رەسوڵ*

# قەیرانی سیاسیی کوردستان بۆچی درێژەی کێشا؟

ماوەی دوو ساڵە زنجیرە کۆبوونەوە دەکرێ و پرۆژە یاسا تەرح دەکرێ و ناوەندگیریی سیاسی دەکرێت لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان، هەر لە وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیاوە بگرە تا دەگاتە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمە بێجگە لەو نێوەندگیرییەی لەلایەن کەسایەتییە سیاسیەکانەوە دەکرێت بۆ کێشەگەلێک کە لە بنەڕەتدا نە کێشەی گەورەن و نە کێشەگەلێکیشن لەگەڵ نەیارانی کورد و وڵاتانی دروسێی وەکو تورکیا و ئێران، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا دۆخەکە لە خراپ بەرەو خراپتر دەچێت و حیزب و سەرکردە سیاسییەکانیش نەبایان دیتووە نە باران. ژینگەی سیاسی و سیاسەتکردن تا ئەوپەڕی چەواشەکراوە، ئابووریی وڵات تا ئەوپەڕی داڕووخاوە، ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵک گەیشتووەتە ئاستێکی ترسناک لە هەژاری، تا ئەو ئاستەی تەواوی جومگەکانی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی شکستیان خواردووە، بۆیە بۆ کەسێکی توێژەری زانستە سیاسییەکان گرنگە بەو پرسیارە دەست پێبکات، ئایا بە جدی لایەنەکان لایان گرنگە و بە پەرۆشن بۆ چارەسەربوونی ئەو قەیرانەی ئێستا؟ ئەگەر ئیرادەیەک هەیە بۆ چارەسەرکردن بۆچی تا ئێستا چارەسەر نەبوون؟

لەوانەیە وەڵامە سادە و ساکارەکە ئەوە بێت کە کێشەکان قووڵ بوونەتەوە و ئیرادەیەکیش نییە بۆ چارەسەرکردنیان، یاخود نە پارتی نە گۆڕان هیچکامیان نایانەوێت نەرمی بنوێنن بۆ یەکتری، بەڵام لەڕاستیدا ئەو وەڵامە بەشێکی کەمی وێنەیەکی گەورەترە کە من لێرەدا دەمەوێت رۆشنایی بخەمە سەر. چونکە کێشەکان نە کێشەی دستووری و ناکۆکیە لەسەر پرۆگرامی ئابووری یا گۆڕینی سیستمی تەندروستی و پەروەردە، یاخود کێشە بێت لە نێوان دوو ئایدیۆلۆژیای جیاواز. بە پێچەوانەوە کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان بە زۆری یان کێشەی چەند پۆستێکی سیاسی بووە، یان کێشە بووە لەسەر دابەشکردنی داهات، یانیش کێشەکە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بووە. واتا کێشەی لابەلان و سەرەکی نین، هەموومان باش دەزانین گشت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە راست و چەپیانەوە بە ئیسلامی و سیکولاریانەوە هەموویان حیزبگەلێکن کە لەلایەن چەند تاکە سەرکردەیەکی سیاسییەوە ئاراستە دەکرێن، تا ئەو ئاستەی گەر سەرکردەی یەکەم رازی بوو ئەستەمە قاعیدە بتوانێت لاریی هەبێت. لەم مۆدێلە بە شەخسکراوانەدا وەک ئەوەی دروستکردنی کێشەکان ئاسانە، چارەسەرکردنیشیان ئاسانە، چونکە سەرکردە لە کونفەیەکونێکدا تا ئەو ئاستەی هەندێک جار دوور نییە بەیەک چا خواردنەوەش چارەسەریان بکات. پرسیارە سادەکە ئەوەیە ئەی کەواتا بۆ چارەسەری ناکەن، بەڵام پرسیارە ئاڵۆزەکەی توێژەرێکی سیاسی دەکرێت ئەوە بێت: ئەی بۆ چارەسەری بکەن؟! ئایا بەشێک لە لایەنە سیاسییەکان لەم دۆخەی ئێستا زیاتر بواری یاریکردنیان هەیە یان لە کاراکردنەوەی حکومەت و پەرلەمان و ژیانی سیاسیی تەوافوقی؟ یاخود لە حکومەتێک کە نوقمی قەرزی دەرەکی و کێشەی سیاسی و ئابووری بووە بە جۆرێک نیوە مووچەی فەرمانبەرەکانیشی پێ نادرێت؟

ئەگەرچی پۆلێنبەندیی پارتە سیاسییەکانی باشوور ئەستەمە، چونکە ناسنامە و ئەجێندایەکی روونیان نییە و ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراویشیان نییە، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە لە یەک کاتدا هەم کاری ئۆپۆزسیۆن و هەم کاری دەسەڵاتداریش دەکەن، هەم حەزیان لە تامی دەسەڵاتە و هەم نەشئەی ئۆپۆزسیۆنیش. بەڵام گریمان با لە حاڵەتی ئێستادا گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو بخەینە نێو بازنەی ئۆپۆزسیۆن و یەکێتی و پارتیش بخەینە نێو بازنەی دەسەڵات، بە پشتبەستن بەو دیفاکتۆ سیاسیەی کە لە ئێستادا هەیە. ئەوەی تایبەت بێت بۆ سێ لایەنەکەی ئاماژەمان پێدا، ئەگەر ئێستا بگەڕێنەوە ناو حکومەتیش شتێکی وایان لێ چاوەڕوان ناکرێت کە پێشکەش بە جەماوەرەکانیان بکەن، ئەو جەماوەرەی کە وەعدی چەندین بەڵێن و شەڕی سەرسەختیان پێدان لەبەرامبەر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی. بە هاتنەوەی ئەو سێ لایەنە بۆ ناو حکومەت و پەرلەمان لە دۆخێکی ئیفلاسی ئابووریدا دەتوانن چی بۆ لایەنگرە تووڕەکانیان بکەن، ئایا دەتوانن نرخی نەوت بەرز بکەنەوە، کارەبا بکەنەوە 24 کاتژمێر، دۆخی ئابووریی خەڵک باشتر بکەن و کۆتایی بە پاشەکەوتی مووچە بهێنن؟ وەڵامەکەی لای من نەخێرە، ئەی خەڵک چی لە گۆڕینی سەرۆکی هەرێمێک بکات بە کەسێکی تر کە نەک لەوانەیە لە هەمان حیزب بێت، بەڵکو زۆر واردە لە هەمان بنەماڵەش بێت. لەڕاستیدا جۆرێکە لە ساویلکەیی سیاسی گەر پێمان وابێت بە گۆڕینی سەرۆکی هەرێم مەینەتییەکان نامێنن. کەواتا ئەوکات ئەو سیحرەی ئەم سێ لایەنە بەتاڵ دەبێتەوە و ئەوانیش دەبنە شەریکی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ و شکستخواردووە، بەڵام ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیەی ئێستا بێت، هەر هیچ نەبێت مافی ئەوەیان هەیە بڵێن ئێمە بەشێک نین لەو دۆخەی ئێستا دەگوزەرێ، لە راستیدا مانەوەی دۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا دەکرێت مەیدانێکی بەپیت بێت بۆ ئیشکردنی نەیارانی دەسەڵات، چونکە دۆخەکە شوێنێکی راستی نەماوە تا حوکمڕانەکان بتوانن ئینکاری بکەن. کەواتا ئەگەر وەک سیاسییەکی ریالیستانە و "پۆپۆلیستانە" بیربکەیتەوە، ئێستا کاتی چوونە ناو حکومەت نییە. خۆ بەشێکی زۆری لایەنەکانیش بەدەر لە یەکێتی و پارتی دەمێکە پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن، کەواتا بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین رەنگە کاراکردنەوەی حکومەت و پەرلەمان ئامانجی سەرەکی ئەو لایەنانە نەبێت.

سەبارەت بە پارتیش، ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەو قەیرانەی ئێستا دەخرێتە ئەستۆی ئەو، بەڵام تاوەکو ئێستا پارتیش وەک تاکە حیزب کۆنترۆڵی جومگە سەرەکییەکانی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کردووە، شەڕی دژی داعشیش هەر لەلایەن پارتییەوە سەرکردایەتی دەکرێت، دونیای دەرەوەش تاوەکو ئێستا وەک سەرۆکی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، ماوە بەسەرچوونەکەشی تا ئێستا زیاتر بابەتێکی ناوخۆیی بووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پێگەی سەرۆکی هەرێم لە ئاستی هەرێمی و دەرەوەدا نەبووە، ئەمەش سەرمایەیەکی رەمزی زۆری بۆ پارتی دروست کردووە کە ئیتر پارتیش زۆر موهتەم نەبێت بە کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت هەر هیچ نەبێت تا کۆتایی شەڕی داعش.

ئەوەی تایبەت بێت بە یەکێتی، لە راستیدا ئەمان لەژێر گوشارێکی جەماوەریی زۆردان. لە ناوچەکانی زۆنی سەوز، تا ئاستێک خۆیان گونجاندووە لەگەڵ ئەم دۆخە، بە جۆرێک کە لە سلێمانی ئۆپۆزسیۆنن و لە هەولێر حکومەتدار، ئەوانیش ئەگەر ئەم دۆخە ناهەموارەی ئێستا نەبووایە، لەوانەبوو بۆیان نەچووبایە سەر کە باڵی هەردوو جێگرەکەی یەکێتی لە بڕیاردانی هەژموونی سیاسی و ئابووری حیزب بارنج بکەن. لە راستیدا ئەم دۆخە ناهەموارە ئەو فرسەتەی بۆ باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی رەخساند کە پێشتر هەژموونێکی سیاسی وایان نەبوو، بەڵام لەم دۆخەدا باڵەکەی تر خەریکە تەوای کادیر و داروەدەستەکەیان بە پارەو ئیمتیازاتی سیاسی دەستەمۆ دەکەن. لە هەمان کاتیشدا رەخنە لە حکومەت و داروبەرد دەگرن و پێیانوایە ئەوانیش ئۆپۆزسیۆنن و دژی تاکڕەویی بنەماڵەی بارزانین! ئاخر خۆ ئەگەر پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگاکان بکەونەوە کار، کێ دەڵێت ئەم دۆخەی ئێستا وا بۆ باڵی بنەماڵەی یەکێتی دەڕوات، کەواتە کورد گوتەنی هەر کەسەو لەم شەڕەدا شتێکی دەستکەوتووە تەنیا چینی هەژار و مامناوەند نەبێت کە گورزی پێکەوت بە جۆرێک ئەگەر وا بڕوات دوور نییە چینی ناوەند کە زۆربەیان مووچەخۆری حکومەتن، بە تەواوی بپووکێتەوە.

هەڵبەتە من لەو بابەتەدا نامەوێت بە رەهایی ئەوە بڵێم کە هیچ لە لایەنەکانی هەرێم نایانەوێت ئەم دۆخە چارەسەر بێت، بەڵکو وەک توێژەرێکی سیاسی دەمەوێت دیوێکی دیکەی وێنەکە پێشانی خوێنەر بدەم و بڵێم ئەم ململانێ نادروستەی هەرێم ئەو دیوەشی هەیە و پێویستە نادیدەی نەگرین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# (گۆڕان) بە مەرگی خۆی دەمرێت؟

## 1

ئەوەی ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان دەیکات، پتر (پەلەقاژەی سیاسی) یە تا ئەوەی کە سیاسەت بێت. بزووتنەوەی گۆڕان بە 24 کورسی پەرلەمان، سەرۆکایەتیی ئەو دامەزراوە و وەزیرەکانی ناو حکومەتەوە، لە هەولێر و سلێمانی سیاسەتی پێ نەکرا، ئێستا دەیەوێ بە چەند پەرلەمانتارێک و پشتگەرمیی چەند پەرلەمانتارێکی باڵی ماڵباتی یەکێتی، سیاسەت بکات! هەر کارێکیش کە دەیکات، پتر لەوەی قازانجی هەبێت، ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر و لاوازتری دەکات. یەکێتی و پارتی سەرباری هەموو ئەو تۆمەتانەی کە گۆڕان لە چەند ساڵی ڕابردوودا، خستوویەتیە پاڵیان، بە هەموو کەموکوڕییەکانیشیانەوە هەر لە جێی خۆیانن و سیاسەت دەکەن، تەنانەت حیزبێکی بچووکی وەکو کۆمەڵی ئیسلامیش لە ڕووی سیاسییەوە قورسایی لە گۆڕان زیاترە. ڕەنگبێ زۆر کەس بەو قسەیە تووڕە ببن، بەڵام گۆڕان خۆی بە تاقمێکی ناو یەکێتییەوە هەڵواسیوە و، ئەو تاقمەش ڕۆژێ دە جار ئامادەن گۆڕان بفرۆشن!

هەڵە جەرگبڕە سیاسییەکانی گۆڕان ڕۆژ بە ڕۆژ، مەرگی بزووتنەوەکە خێراتر دەکەن. هەموو ئەو دروشمانەی گۆڕان هەڵیگرتبوون، لە دوای هەڵبژاردنی 2013ەوە زیندەبەچاڵ کران. گۆڕان نەیتوانی بیگۆڕێت، بەڵام نایەوێ دانیش بەو شکستەیدا بنێت. گۆڕین لە کوردستان بە دوو شێوە ڕوودەدات، یان ئەوەتا بتوانی بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتەکانی کوردستان بە عەسایەکی سیحری لە حوکمڕانی دووربخەیەوە، یانیش کاریان لەگەڵ بکەی و هێدی هێدی هەندێک شتیان پێ بگۆڕی. گۆڕان لە هەردوو ڕووەوە شکستی هێنا، چونکە دروستبوونی پتر لەوەی بنەمایەکی فیکری هەبێ، کاردانەوەیەک بوو کە تیۆریسیەنەکانی نەیانتوانی چوارچێوە سیاسییەکەی بۆ دابنێن. هەموو کەس دەتوانێ سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیی خەڵک بێت، چونکە خەڵک لە خواش ڕازی نییە تا لە بەندەکانی ڕازی بێت، بەڵام هەر ئەو شەپۆلی ناڕەزایەتییە ئەگەر نەزانی چۆن سواری بیت و کەی بێیەوە خوارێ، غەرقت دەکات. دەکرا گۆڕان بە مەرگێکی ئارام کۆتایی بە تەنزیمی سیاسیی خۆی بێنێت و خۆی لەو مەعرەکەیە بباتەدەرێ. خۆزگە نەوشیروان مستەفا و سەرانی بزووتنەوەکە بە قەدەر مام جەلال جورئەتیان تێدابایە و گوتبایان کە جیابوونەوەیان لە یەکێتی هەڵە بووە و چووبانەوە ناو یەکێتی، ئەو کاتە هاوسەنگیی هێز لە کوردستان دەگۆڕا. یان لانیکەم وەکو جارانی لێدەهاتەوە.

## پارتی لەگەڵ گۆڕان دانانیشێت

## 2

چ پارتی و چ یەکێتی (بە هەردوو باڵەکەیەوە) لە سایکۆلۆژیای سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان و هەوادارانیان تێگەیشتوون و هەر یەکەشیان خوێندنەوەی خۆیان بۆی هەیە. سیحری گۆڕان، دوای بەشداریکردنی لە حوکمڕانی شکا و تازە مەحاڵە وەکو خۆی لێبێتەوە. پارتی لە ڕووی سیاسییەوە بزووتنەوەی گۆڕانی لە هاوکێشەی سیاسیی کوردستاندا سڕیوەتەوە، نە حیسابی بۆ دەکات و نە بۆشی گرنگە چی دەکات، چونکە پێیوایە پەتی گۆڕان لە زۆر ڕووەوە کەوتووەتە دەستی یەکێتی و، بوونی ئەوەندە نەیارەی خۆیشی لە کوردستاندا پێ ئاساییە، بەڵام زەحمەتە پارتی بتوانێ لەوە زیاتر تەحەمولی وجودی گۆڕان بکات. پارتی لەمەودوا نایەوێ لە ژێر هیچ ناوێکدا، هیچ ئیعتیبارێکی سیاسی بۆ گۆڕان بگەڕێنێتەوە. مەبەست ئەوە نییە کە پارتی ئیعتیبار بدات بە گۆڕان، بگرە نایەوێ وەکو تەرەفێک، گۆڕان بیەوێ هەڵوێستی پێ نیشان بدات.

ئەگەر یەکێتی بیەوێ لەوە زیاتر سیاسەت بە گۆڕان بکات و وەکو فەرخە گورگەکەی هەیاسی لێ بکات، ناو ماڵی یەکێتیش کاول دەبێ، چونکە جارێ لێگەڕێ لەو نیقاشەی کە لە نێوان باڵی ماڵبات و جێگرانی تاڵەبانیدا هەبوو، ئێستا ناو ماڵباتیش تەقەی تێکەوتووە کە میراتەکەی مام جەلال، هی برازا و کەسوکاریەتی یان هی خانەوادەی براییم ئەحمەد؟! بۆیە گرنگە لەو قۆناغەدا، یەکێتی بە هەموو باڵەکانییەوە، خۆی یەکلا بکاتەوە و بشزانێ کە میحوەری تەفرەقەی ناوخۆیی پارتی نییە، بگرە لە نەبوونی سیاسەتێکی ڕوونە بەرامبەر پارتی و ئایندەی حوکمڕانی. یەکێتی نە ئەمڕۆ و نە لە داهاتووشدا ناتوانێ لە ژێر ناوی بوونی ڕوانگەی فیکری و ئازادیی ڕادەربڕین، لاقێکی لەناو دەسەڵات و یەکێکی دیکەشی لەناو ئۆپۆزیسیۆن بێت. ئەوەی پارتی دەیکات پاوانخوازی نییە، بگرە بێ کەفائەتی و هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتییە لەلایەن کەسانی دیکەوە. بەردەوامی ئەو وەزعە لە سلێمانی، ئاو دەکاتە ئاشی پارتییەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێمنەتتریشی دەکات، چونکە باش دەزانێ لەوە خراپتری هەر بەسەر نایەت، بەڵام ئەو سەرلێشێواوییە سیاسییەی بەرۆکی سلێمانیی گرتووە، ئەگەر ڕاست نەکرێتەوە، دەستی پارتی واڵا دەکات بۆ هەنگاوی دیکە و بەشداریی کوڕی بارزانی لە خۆپێشاندانی ڕۆژی شەممە لە هەولێر، زەنگێکی مەترسیدارە، دەبێ پەیامەکە گەیشتبێت.

## وەرە بمكوژە

## 3

عادەتم نییە وەڵامی کەس بدەمەوە، بەڵام شێرزاد شێخانی ناوێک کە پێشتر ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیش بووە، لەم ڕۆژانەدا پرسیاری ئەوەی کردبوو کە بۆچی هیچ ڕۆژنامەنووسێکی پارتی تا ئێستا نەکوژراوە؟ ئەو شتانەی ئەو بەڕێزە لە بەناو وتارەکەیدا، تەرحی کردبوو، لە هەر شوێنێکی دیکەی دنیا با، بە هاندان بۆ کوشتن و تیرۆر لە قەڵەم دەدرا و تاوانبار دەکرا. کاکی نووسیار، دەیەوێ لە ئەزەلەوە تا ئێستا هەر کەسێک کوژرابێت، تۆمەتەکەی بخاتە ئەستۆی پارتییەوە، پارتی ئەبوبەکر عەلیی شاعیری کوشت؟ پارتی تەقەی لە مەراسیمی بە خاکسپاردنی عوسمانی قادر منەوەر کرد؟ پارتی بەرپرسیارە لە تیرۆری نزیکەی 400 ئەندام و کادیری حدکا؟ پارتی بەرپرسیارە لە ئیغتیالاتی سەردەمی شاخ کە لە سلێمانی دەکران؟ پارتی بەرپرسیارە لە کوشتنی ئەندامانی ڕەوتی کۆمۆنیست؟ پارتی بەرپرسیارە لە کوشتنی عەلی بۆسکانی و کەسایەتییەکانی سلێمانی؟ وەڵامی ئەوانە بدەوە و ئینجا وەرە بمكوژە!



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# ژانی لەدایکبوونی نەتەوەیەک

ڕۆژی 6ی دیسەمبەر، 99 ساڵ بەسەر ڕۆژی سەربەخۆیی وڵاتی فینلانددا تێپەڕی. مێژووی فینلاند، هیچ نەبێ لە برگەکانی ژێردەستەیی و داگیرکراوی و شەڕی مان و نەمان لەسەر ئازادیدا، زۆر شتی وەک مێژووی کورد دەچێت. لەم کورتە نووسینەدا نە دەمەوێ مێژووی فینلاند بگێڕمەوە نە دەپەرژێمە سەر وردەکاریی چیرۆکی سەربەخۆیی فینلاندییەکان. زۆر بەکورتی ئاوڕ لە چەند وێستگەیەکی مێژووی ئەو وڵاتە بچکۆلەیەی باکووری ئەورووپا دەدەمەوە کە ڕەنگە بۆ تێڕامانێک لە حاڵی پەرێشانی خۆمان، خراپ نەبێ.

1– چارەنووسی فینلاند، لە مێژووی پێوەندییەکانی لەگەڵ دوو دراوسێ زلهێزەکەی ڕاست و چەپی جیاناکرێتەوە: فینلاند تا ساڵی 1809 بۆ ماوەی سەدان ساڵ، بەشێک لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی سوێدی بوو. تا ئەو ڕۆژگارەش، فینلاند وەک ناوچەیەکی پەرتی قەڵەمڕەوی سوێد، وەک ژینگەی "خەڵکانێکی ڕەشۆک" تەماشا دەکرا. خەڵکانێکی هەژار و نەخوێندەوار کە تەنیا بۆ سەربازگیری و دابینکردنی تفاقی شەڕەکانی ئیمپراتۆریی سوێدی وەبیر دەهاتنەوە. کاتێک دوای شەڕی بەناوبانگی کریمە، لە باکووری ئەورووپاش سوێد ناچار بە پاشەکشە بوو، ئیتر ئەو ناوچانەی فینلاندی ئێستا دەگرنەوە، کەوتنە ژێر دەستی ئیمپراتۆریی قەیسەری ڕووسیا. بەم شێوەیە، فینلاند لە ژێردەستەیی سوێدییەکانەوە ڕاگوازرا بۆ ژێردەستەیی ڕووسەکان. ڕووسەکان بەڵام سیاسەتێکی جیاوازیان گرتەبەر. ئەوان هەر لە سەروەختی داگیرکارییانەوە، فینلاندیان وەک ناوچەیەکی میرنشینی خودموختار ناساند. تا سەروەختی سەربەخۆیی لە ساڵی 1917، فینلاند لەژێر هێژموونی سیاسیی ڕووسیای قەیسەریدا مایەوە. سوێدییەکان هەرچەند لەمێژبوو لە فینلاند کشابوونەوە، بەڵام هێژموونی کولتووریی ئەوان هەرگیز سێبەری لەسەر دنیای ئەدەب و فەرهەنگی فینلاندی لانەچوو. ئەوەی دوای پاشەکشەی سوێدییەکان، لەوان بۆ فینلاندییەکان بە میرات مایەوە، سامانێکی کولتووری و پێوەندییەکی نەپساوەی ئاکادێمیک بوو. ڕووسەکان بەڵام کولتووری حوکمڕانییان بۆ فینلاند هێنا. فینلاندییەکان لەوەدا زۆر بەختەوەر بوون کە دوژمنەکانیان دوو گەلی خاوەن شارستانیەت بوون. هەڵبەت فینلاندییەکان وەک هەر گەلێکی ناسیۆنەخواز، دواجار سیاسەتی جیاوازیسازییان بەرامبەر بە دوژمنەکانیان گرتەبەر. لەمەدا وانەیەکی مەزن بۆ ئێمەی کورد هەیە: کاتێک فینلاندی ژێردەستەی ڕووسیا، لە ساڵی 1906 دا مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی بە ژنان بەخشی، هیچ دەوڵەتێکی تری ئەورووپایی شتی وای نەکردبوو. فینلاندییەکان ڕچەشکێنی و پێشەنگایەتی بۆ یەکسانیخوازییان کردە فاکتەرێکی جیاوازیسازیی ناسیۆنالیستانە.

2 – ڕەوتی سەربەخۆییخوازیی فینلاندییەکان لە هەناوی ڕەوتی گەشەی ناسیۆنالیزمدا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە چەکەرەی کرد. ئەم ڕەوتە کە بە قۆناغێکی ڕۆمانتیکی دەستی پێکرد، لە ناوەڕاستەکانی سەدەمی نۆزدەهەمەوە وەرچەرخانێکی نەوعیی بەخۆیەوە بینی. ئەم قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی بیریار و فیلسووفێکی مەزن لە فینلاند: یۆهان ڤیلهێلم سنێلمان. "سنێلمان" لە قوتابییەکانی هێگڵ بوو، ناسیۆنالیزمی فینلاندی لەسەر بنەمای تیۆری هێگڵ فۆرمولە کردەوە. بنیاتی ئەندێشەی سنێلمان ئەمە بوو: تاک بەهۆی کارکردن لەپێناوی بەرزترین جڤاتدا کە دەوڵەتە، ئامانجی وجودی خۆی دەهێنێتەدی. لەم پێوەندییەدا، سنێلمان وەک "فیلسووفی گەلێکی بندەست"، هەوڵی دا هەم بنەما مادییەکان، هەم بنەما مەعنەوییەکانی ژیانی نەتەوەیی گەشەپێ بدا. ئەو گازندەی بوو کە لە نیشتمانە ژێردەستەکەی ئەودا، نە ئەوینێک بۆ نیشتمان هەیە و نە ڕۆحی نەتەوەیی بەدی دەکرێت. بەردی بناغەی تێکۆشان، لای سنێلمان، بریتی بوو لەگەشەپێدانی زمان. ئەو پێی وابوو چاندی نەتەوەیی تەنیا بەپشتبەستن بە زمانی نەتەوە خۆی، گەشە دەستێنێ. سنێلمان دەیگوت "گەل تەنیا بەزمانی خۆی پێش دەکەوێ". هەوڵی بێوچانی سنێلمان بووە هۆی پاشەکشە بە هێژموونی زمانی سوێدی. هەڵبەت گەشەی زمان و ئەدەب تەنیا بەشێکی خەمەکانی سنێلمان بوو. سنێلمانی فیلسووف، بەدامەزرێنەری یەکەمین بانکی نەتەوەییش لە فینلاند دێتە ئەژمار. یەکەمین هێڵی شەمەندەفەری وڵاتیش هەر دەستکاری ئەوە. بیرۆکەی سەربازی بۆ وڵات و چاپی پارەی نەتەوەییش، هەر بەرهەمی تێکۆشانی ئەو فیلسووفەن. لەسای سەری سنێلمانەوە، کاتێک فینلاند سەربەخۆیی ڕاگەیاند، زۆربەی دامەزراوەکانی دەوڵەتێکی هاوچەرخی لەمێژبوو تەیار کردبوو. سەیر ئەوەیە سنێلمان بۆ خۆی بەپەرۆشەوە باسی سەربەخۆیی نەکردووە. بگرە لە زنجیرە وتارێکی درێژدا بەناوی "شەڕ یان ئاشتی بۆ فینلاند؟"، باس لە مەترسیداربوونی خولیای سەربەخۆییخوازی دەکا. هەڵبەت، ڕێبازە سیاسییە ژیرانەکەی سنێلمان کە بریتی بوو لە "وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی فینلاند، بەشێوەیەک کە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیە لەگەڵیدا نەکەوێتە ناتەباییەوە"، تاکتیک بوو نەک ستراتیژی. ڕێکاری سنێلمان ئەوەبوو کە لەبری دروشمی سەربەخۆیی، بنەماکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابین بکرێت.

3– فینلاندییەکان سەربەخۆییان ئاسان بەدەست هێنا: کاتێک بۆلشۆڤیکەکان، لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا لە ساڵی 1917 بەڵێنەکەی لێنین بە فینلاندییەکانیان بردە سەر و، بە سانایی سەربەخۆیی فینلاندیان سەلماند، هەواڵەکە بەلای فینلاندییەکان خۆیانەوە ئەوەندە دوور لە چاوەڕوانی و بڕوا بوو کە لە ڕۆژنامەی گەورەی "هێلسینگین سانۆمات"دا، تەنیا بە مانشێتێکی مامناوەندی ئاماژەیان بۆ کرد. فینلاند پێش ئەوەی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، سەد ساڵی ڕەبەق پرۆڤەی خۆبەڕێوەبردنی کرد. سەیر ئەوەیە کە سەرەڕای ئەزموون و ئامادەیی دەوڵەتداری، لەناوچوونی لەناکاوی دەسەڵاتی ناوەندی، بوو بە هۆی ئەوەی هەر ساڵێک دوای سەربەخۆیی فینلاند، ببێتە گۆڕەپانی یەکێک لە خوێناویترین شەڕە ناوخۆییەکانی مێژوو. لەئەنجامی ئەو شەڕەدا "سپییەکان"، "سوورەکانیان" بەبێڕەحمانەترین شێوە قڵتوبڕ کرد. سپییەکان، ڕاستە نەتەوەییەکان بوون کە ئەڵمانیا پشتی دەگرتن، سوورەکانیش چەپە مەیلەو بۆلشەڤیکەکان. فینلاندییەکان تا ئێستاش بەشەرمەزارییەوە لەو تاوانە گەورەیە دەدوێن. هەرچی بێت، ڕیشەکێشکردنی یەکجارەی سوورەکان ڕێی لەوە گرت کە فینلاند ببێتە مەیدانی تەراتێن و ململانێی زلهێزە ناوچەییەکان. فینلاند جارێک بۆ هەمیشە بوو بە ئەندامی خێزانی دیمۆکراسییە ڕۆژئاواییەکان.

4–کاتێک ستالین و هیتلەر لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەنهێنی، هەموو ئەورووپایان وەک قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیان دابەش کرد، فینلاند بەر ڕووسیە کەوت. ستالین لە بەڵێنەکەی لێنین پاشگەز ببووەوە. ئەوەبوو لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی، ڕووسیە لە فینلاند کەوتە بیانوو. فینلاندییەکان کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەربەخۆییان بەبێ شەڕ بەدەستهێنابوو، لە شەڕی دووەمی جیهانی، بەخۆیان و پێنج ملیۆن حەشیمەتەوە، شەڕی بەرگرییان دژی سوپای زەبەلاحی یەکێتیی سۆڤیەت کرد. ئەو شەڕە نابەرابەرە، دوای چارەکە سەدەیەک، کەسوکاری "سوورەکان" و "سپییەکان"ی لەگەڵ یەکتر ئاشت کردەوە. نەتەوەی پێگەیشتوو، لە وەخت و ناوەخت تێدەگات! کات، کاتی پارێزگاری لە سەربەخۆیی بوو. هەڵبەت فینلاندییەکان شەڕەکەیان نەبردەوە، بەڵام سەربەخۆییشیان نەدۆڕاند. ئەمە سەرەڕای باجێکی یەکجار قورس کە بۆ سەربەخۆیی دایان. کاولبوونی شارەکان و کوژرانی هەزاران گەنج و هەڵوەدابوونی تاهەتایی نزیکەی نیو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ، تەنیا بەشێکی بچووک لە باجی ئازادی بوو، کە گەلێکی بچووک دەیدا. باجی ئاگربەست لەوەش قورستر بوو. لەبەرامبەر داننان بە سەربەخۆیی فینلانددا، فینلاندییەکان ناچارکران جگە لە قەرەبووکردنەوەیەکی مادیی سەرسوڕهێنەر بۆ یەکێتیی سۆڤیەتی داگیرکەر، واز لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەشیان کە هاوسنووری ڕووسیا بوو، بهێنن. یەکێک لەو شتانەی لەباجی سەربەخۆییدا فینلاندییەکان وازیان لێ هێنا، دووەم شاری گەورەی وڵاتەکەیان (ڤیپووری) بوو.

یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانی بەناوبانگی فینلاندی، "سەربازی نەناسراو (1954)" کە چیرۆکی شەڕی پارێزگاری لە سەربەخۆیی دەگێڕێتەوە، لەباسی ئەنجامی شەڕەکەدا بەگاڵتەوە دەڵێ: "کۆماری یەکێتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی بردییەوە و، فینلاندی بچکۆلەی کۆڵنەدەریش بەلێوەشاوەییەوە پلەی دووەمی بەدەست هێنا!"

تۆمەز، لە بەرامبەر سەربەخۆییدا، هیچ باجێک بە دۆڕان لەقەڵەم نادرێت!



ڕابەر تەڵعەت

# سیاسەتی مێگەلخوازی

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گواستنەوەی دیموکراسی و هەوڵی دووبارە خۆبنیاتنانەوەدا، ناسیۆنالیزم بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا و بەتایبەتیش بۆ ئیستۆنیا و لاتڤیا و لیتوانیا، توانی ڕۆڵێکی دیموکراسیخوازییانەی جەوهەری بگێڕێت لە دروستکردنی شوناسێکی سیاسی هاوبەش و یەکگرتوو بۆ بەگژداچوونەوەی پاشماوەکانی کۆمۆنیزم و هاندانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بەرەو سەربەخۆیی و دیموکراسی. لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانییەکان چ لە ناوخۆی ئەو وڵاتانە و چ بۆ یەکێتی ئەورووپا هێشتا هەر لە شوێنی خۆیاندا بوون، چونکە پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی و بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپادا هاوکات بوو لەگەڵ بوونی دوو فاکتەری کاریگەر بەسەر سەرجەمی پرۆسەکەوە.

یەکەم، وڵاتانی پاش کۆمۆنیزم لە نموونەی ڕۆمانیا، هەنگاریا، بولگاریا و سلۆڤاکیا، لە ڕووی دانیشتووانەوە خاوەنی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی و نەتەوەیی فرەڕەنگ بوون و بەشێکیش لە پێکهاتەکانی ناو ئەو وڵاتانە بەهۆی کۆچەوە خاوەنی ڕەگەز و پاشخانێکی غەیرە ئەورووپایی بوون، بەهۆی ئەوەشەوە کە ناسیۆنالیزم لەم وڵاتانەدا هێشتا لە بازنەیەکی ئیتنیکیدا دەخولایەوە و نەگۆڕابوو بۆ ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی کە گەرەنتی پاراستنی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لە ڕووی نەتەوەییەوە بکات، یەکێتی ئەورووپای زۆرتر نیگەران کردبوو. بۆ تێپەڕاندنی ئەمەش، یەکێتی ئەورووپا بە گەلێک پرۆگرام و مەرج و ڕاهێنانی جیاجیا کاری لەسەر ئەو وڵاتانە کرد و ناچاری کردن پابەندیی خۆیان بە پاراستنی مافی کەمینەکان و مافەکانی مرۆڤەوە ڕابگەیەنن و وەک پێشمەرجێک بۆ چوونە ناوەوە یان مانەوە لە یەکێتییەکەدا، دەبێت ڕێز لە مافەکان بگرن بۆ هەموو کەمینە و نەتەوەکان بەبێ جیاوازی.

دووەم، نیگەرانیی یاخود گرفتێکی دیکە لەبەردەم کرانەوە بە ڕووی سیستەمی ئەورووپای ڕۆژئاوادا، بریتی بوو لە چاوەڕوانیی زۆر و لەرادەبەدەری خەڵکی ئەو وڵاتانە لە دیموکراسی، ئەوان لەدوای تێپەڕاندنی دۆخێکی سەختی ئابووری و گوزەران لەسەردەمی کۆمۆنیزمدا، چاوەڕوانی ئەوەیان هەبوو کە دیموکراسی لەگەڵ خۆیدا خۆشگوزەرانی بهێنێت و ئەوانیش بەماوەیەکی کەم شان لە شانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا بدەن و لە هەموو ڕوویەکەوە بگەنەوە بەو ئاستەی کە ئەوان پێی گەیشتوون. لە کاتێکدا ئەزموونی بیست و پێنج ساڵ قۆناغی گواستنەوە و بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپادا، پێچەوانەی ئەوەی نیشانی خەڵکی دا، جیاوازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕووی لە هەڵکشان کرد و بارودۆخ بەو شێوەیە نەبوو کە خەڵک چاوەڕوانییان لێی هەبوو. ئەم حاڵەتەش بووە پاڵنەر بۆ زیاتر بەهێزبوونی پارتە سیاسییە پۆپۆلیست و مێگەلخوازەکان، ڕۆشنبیری پۆپۆلیست، ئەو هێز و لایەنانەی کە پاشەکشەیان کرد لە پێشنیار و دروستکردنی سیاسەتێکی تازە کە بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی تازە بکات و لە بەرامبەردا بە ئاراستەیەکی نالیبراڵی و نادیموکراسی کار دەکەن و ئامانجیشیان سوودوەرگرتنە لە هاندان و ڕاکێشانی سۆزی جەماوەر و بەکارهێنانی هەموو دەرفەتێکی پۆپۆلیستیانە بۆ زاڵبوون و بەکارهێنانی نیگەرانی و مەترسییەکانی جەماوەر سەبارەت بەسیستەم و ئابووریی وڵاتەکانیان.

سەرهەڵدان و هەڵسانەوەی حیزبە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ئەورووپا بەگشتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستیدا بەتایبەتی، بووەتە پرسێکی گرنگ و جێگای بایەخی میدیا و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لەناوخۆی یەکێتی ئەورووپادا، خاڵی هاوبەش و بەهێزیش بۆ سەرکەوتنی ئەو حیزبە ڕاستڕەوانە بریتییە لە بەکارهێنانی نیگەرانی و مەترسییەکانی خەڵکی ئەورووپا سەبارەت بە پرسی کۆچبەران و مەترسییەکانی ئیسلام و پەنابەران لەسەر ڕۆژئاوا لەلایەک و چاوەڕوانییە وەدینەهاتووەکانی خەڵک لە سیستەمی دیموکراسی و خۆشگوزەرانیی ئەورووپا لەلایەکی ترەوە، بەو مانایەی کە ئێستا جەمسەرێکی سەرەکی سیاسەتی ئەورووپی بە دەستی پۆپۆلیزم و حیزبە پۆپۆلیستەکانەوەیە، ئەمەش دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی کە ئایا بەردەوامبوونی سەرکەوتنەکانی حیزبە ڕاستڕەوەکان و کۆنەپارێزەکان دەتوانێت چارەنووسی یەکێتی ئەورووپا بەرەو هەڵوەشانەوە ببات، یاخود لانیکەم دەستکاریی ئەوە بکات کە ئێستا هەیە؟ ئایا سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە ئەورووپادا بە تەنیا پەیوەندی بە ئیسلام و شەپۆلی کۆچبەرانەوە هەیە؟ ئایا بوونی ئیسلام و شەپۆلی بەردەوامی پەنابەران دەتوانێت تاکە هۆکار بێت بۆ سەرهەڵدانی پارتە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەو شەپۆلە سیاسییە پۆپۆلیستی و مێگەلخوازییە بکەین کە ئێستا دەستی بەسەر جیهاندا گرتووە و بەدوای ئەو وەڵامەدا بگەڕێین کە ئایا سیاسەت کردەیەکی ئەقڵانییە یان تەنیا میتۆدێکە بۆ دەستبەسەرداگرتنی سۆز و هەڵچوونەکانی جەماوەر؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە هەرچییەک بن، ناتوانن ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە پۆپۆلیزم و ورووژاندنی جەماوەر بەهەر ئامرازێک بێت، ئەمڕۆ بووە بە گەورەترین ئامرازی سیاسی و چەکێکی کاریگەرە کە بە پاڵپشتیی میدیا و تەکنەلۆژیای زانیاری، خەریکە دەستکاریی نەخشەی سیاسی کۆمەڵگاکان و وڵاتان دەکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## حەسەن رقی لە ئاهەنگی بازرگانییە

« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سالْح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

# وەحشەکەی ترەمپ

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، لە ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونیەوە ڤێرژنێکی نوێی لیمۆزینی مۆدێل کادیلاکی لە ژێر پێدا دەبێ. ئەم ئوتۆمبێلە بە (Beast) واتە "وەحش" یان "دڕندە" ناوی دەرکردووە.

**ناوەوەی ئۆتۆمبێلەکە:**
دیزانینی ناوەوەی ئەم ئوتۆمبێلە لەسەر ستایلی ژووری مێزگرد دروستکراوە و کورسییەکانی لەسەر بنەمای 2-3-2 دانراون. ناوەوەی ئوتۆمبێلەکە بە خۆرێک داخراوە کە هێرشی کیمیایی کاری لێناکات، ئەمە جگە لە سندوقێکی ئۆکسیجنیش کە لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا دانراوە.

**توانای بەرگری:**
پلێتی ئۆتۆمبێلەکەی سەرۆک 125 میللیمەتر ئەستوورە، توانای بەرگری لە بەرامبەر بۆمبی چێنراو هەیە.

**مەکینە:**
رەنگە مەکینەی کادیلاکەکە لە جۆری دورماکس 606 بێ کە بە سووتەمەنی گازوایل کاردەکات و لە هەر 100 کلیۆمەتر 34 لیتر سووتەمەنی دەسووتێنێ.

**پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە:**
چاوەڕێ دەکرێ ستایلی پێشەوەی "وەحش"ەکە لە (Cadillac Escalade SUV) بچێت.



**تانکەری سووتەمەنی:**
پلێتەکەی گوللەنەبڕە، هەروەها کەفێکی تایبەتیشی تێدەکرێت بۆ ئەوەی لە کاتی بەرکەوتنی سەختدا بەنزینەکە گڕ نەگرێ.

**تایەر:**
تایەرەکەی لە جۆری گوود یەر (Good Year)ە، کە بە کیڤلەرێکی تایبەتی داپۆشراوە.

**تایبەتمەندییەکان:**
قورسایی: 6800 – 9000 کیلۆگرام
خێرایی: 100 کلیۆمەتر لە کاژێرێکدا
ناوی باو: کادیلاکی یەک (Cadillac One)

لیمۆزینەکەی سەرۆک توانای بەرزبوونەوەی هەیە. لە ساڵی 2011، لیمۆزینەکەی ئۆباما لە کاتی دەرچوون لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە دبلین زەوی گرت و گیری کرد.

بۆ دروستکردنی ئەم لیمۆزینە نوێیە حکومەتی ئەمریکا 15 ملیۆن دۆلار بە کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆرز دەدات.

یارمەتییە بەراییەکان: دوو کیسە خوێنی لە جۆری خوێنی سەرۆک تێدایە.

تاوەکو

30% داشکاندن




فۆرد ڕەینجەر
دەستپێدەکات لە
$25,500

فۆرد ئێکسپیدیشن
دەستپێدەکات لە
$31,000

فۆرد ئێکسپلۆرەر
دەستپێدەکات لە
$25,500

فۆرد ئێج
دەستپێدەکات لە
$19,500

تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو. دیزاینێکی بێ وێنە.
تواناو کاراییەکی بەهێز. سەلامەتییەکی پتەو.
ئێستا بە نرخێکی چاوەڕواننەکراو داشکاندنی تاوەکو
لە 30% هیچ هۆیەك نامێنێت بۆ ئەوەی فۆرد نەکڕیت!




فۆرد تۆرۆس
دەستپێدەکات لە
$19,000

فۆرد فیوژن
دەستپێدەکات لە
$20,000

فۆرد فۆکەس
دەستپێدەکات لە
$13,000

فۆرد فیگۆ
دەستپێدەکات لە
$10,000

نیڤا
بۆ بازرگانی ئۆتۆمبیل سنوردار

هەولێر: شەقامی بەحرکە، لەنێوان شەقامی گوڵان و شەقامی ١٠٠ مەتری
سلێمانی: دەباشان ١١٦، شەقامی چوارتا
دهۆك: ناوچەی ماڵتا، ڕێگای زاخۆ
077 1111 0000

Ford
بەرەو پێشتر

www.nivairaq.com
NIVA - Ford Iraq